بۆ ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستان ، تەنیا ڕێگایەک هەیە ،
ئەویش ریگای کوردایەتییە

---

# نەسرین

( تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە )

نووسینی

**د . یوسف زەنگەنە**

چاپی دووهەم

لەندەن ـ3122 ـ

**د . زەنگەنە ، یوسف**

**نەسرین** . (تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە )

چاپی یەکــەم ، 3111 .

چاپی دووهەم ، 3122 .

مافی لە چاپدانەوە ،کۆپی کردن و دابەشکردنی ئەم کتێبە ئازادە بۆ کوردپەرستانی بیرو دڵ خاوێن .

Zangana. Yousuf, Dr.

**NESRIN**

(A Bloody Portrait from Kurdistan)

First Edition. 2000.

Second Edition. 2011.

---

**ISBN: 0-9534040-1-3**

# تێبینییەکی گرنگ

ئەگەر خاوەن هەستێکی ناسکی و خوێنـدن یـا بیسـتنی ڕووداوی دڵتـەزێن زیـان بـە تەندروستیت دەگـەیێنێت ، تکایـە ئەم ڕووداوە مەخوێنەرەوە .

نووسەر

# پێشکەشی

- بەسەرهاتەکەی نەسرین خەمێکی بێ ئەندازە گەورەیە ، پێشکەشە بەو کوردانەی خەم لە دڵیاندا پیر نابێت .

- بە نەسرینەکانی ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا ، باکوورو باشووری کوردستانی داگیرکراومان ، ئەوانەی کە ڕێگای نەسرینیان گرتووەتە بەر و ئەوانەی کە دەیگرنە بەر ، پێشکەشە .

- پێشکەشە بەو کوردانەی کە ئەم بەسەرهاتە دەکەن بە تۆ ( دانە ) و لە مێشکی کۆرپەکانیاندا دەیڕوێنن و داوایان لێدەکەن کە هەمان کار بۆ کۆرپەکانیان ئەنجام بدەن .

- پێشکەش بەوکەسەی کە لە بێدەنگیمدا دەسووتی و لە سووتانمدا بێدەنگە .

# لە بریتی پێشەکی

( لە چاپی یەکەمەوە )

بە تەما بووم وەك باوە ، پێشەکییەك بۆ ئەم بەسەرهاتە بنووسم و بە خوێنەرانی بەڕێزی بناسێنم . پاش کەمێك بیرکردنەوە ، لە ناکاودا ، چەند پرسیاریك هێرشیان بۆ مێشکم هێناو هەموو گۆشەو قوژبنێکیان داگیرکردو هێزی نووسینیان لێم دوورخستەوەو ووشك و بەبێجموجۆڵ بەرامبەر بە کۆمپیێوتەرەکە دانیشتم . کە ئەمانەن :ـ

تۆ بڵێی رابەرانی کوردو پارتە سیاسییەکانی کورد پاش خوێندنەوە یا بیستنی ئەم بەسەرهاتە ، جاریکی دیکە دەستی ئاشتی و هاوریتی و هاوکاری بۆ ئەو رژیمانە دریژ بکەن کە لێپرسراوانیان ئەم جۆرە کارانە دژ بە ئەندامانی نەتەوەکەمان ئەنجام دەدەن ؟

تۆ بڵێی جاریکی دیکە رووی ئەوەیان هەبێت چاوو ببرنە چاووی ئەو کەسانەی کە لە

هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستاندا بە سەدان بە سەرهاتی وەك ئەوەی نەسرینیان ئەنجام داوە ئەنجام دەدەن ؟

تۆ بڵێی ئێمەی کورد تا رەگ و ریشەمان لە رووی زەمیندا بمێنێت نەسرینمان لە بیر بچێت و بەسەرهاتەکەی نەکەین بە داستان و پشت بە پشت بۆ نەوەکانمانی نەگێڕینەوە ؟

**نووسەر**

# پێشەکی

## چاپی دووەم

هێشتاو تا لە ژیانیشدابم لە سەر هەمان راوو بۆچوونی نێو پێشەکییەکەی چاپی یەکەمی نەسرینم .

یوسف زەنگەنە

# روونکردنەوەیەکی پێویست

تکا لەو خوشك و برایانە دەکەم کە ئەم بەسەرهاتە دەخوێننەوە یا دەبیستن ، بەر هێرشی رەخنەی توندم نەدەن لەبەر ئەوەی کە زۆر بە ئاشکراو کراوەو چۆن روویداوە وەکو خۆیم نووسیوەتەوە ، چونکە لە راستیدا گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە بە بێدوودڵی و گومان بڵێم کە کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر ئێمەی کورد ، خەمەکانمان ، ئازارەکانمان ، بەسەرهاتەکانمان لە یەکتر نەشارینەوەو بە هەر شێوەیەك کە روویداوە بەو جۆرە بیخەینە بەر چاوو و گوێی یەکتر .

ئەگەر من باسی بەسەرهاتەکەی نەسرین نەکەم بەو شێوەیەی کە روویداوە ، تۆی خوێنەر یا بیستەر باسی ئەوەی خۆت یا دەرهاوسێکەت نەکەیت و ئەویش باسی ئەوەی تۆ و خۆیی و هاوگوندی و هاوشارییەکەی ، ئەی ئیتر چۆن بە جیهانییان بگەێنین و بۆیان بسەلمێنین کە ئێمەی کورد ، هەزاران ساڵە لەسەر خاکە

داگیرکراوەکەی خۆماندا بەم شێوەیە دەژین و بەم جۆرە ژیان دەگوزەرێنین و بەم جۆرە زۆرو ستەممان لێدەکرێت ، ئەی چۆن بۆیان روون بکەینەوە کە چۆن ماڵ ویران دەکرێین و چۆن رەزوو خەرمان و باخ و کێڵگەکانمان دەسوتێنرێن و کۆرپەو داك و باب و خوشك و براکانمان دەکوژرێن ، کیژوو داك و خوشك و ژنەکانمان ئەتك دەکرێن .

بەو ئاواتەوەم ئەم جۆرە بەسەرهاتانە تینمان تێبکەن و هاندەرمان بن بۆ ئەوەی بکەوینە بیری پەیداکردنی رێچارەیەك بۆ کۆتایی هێنان بەم خەم و بەسەرهاتە دڵتەزینانەمان .

یوسف زەنگەنە

# نەسرین

( تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە )

**شـوێن:** خاکی کوردستان .
**بابـەت:** ڕاپۆرت .
**خوێنەر:** کوردێك .
**بـــەروار:** دوێنـــی و ئەمـــڕۆ و ســـبەینێش ، ئەگەر لە خەو ڕانەپەڕین و یەك نەگرین .

ئـــەم هەواڵـــەی لـــەم راپـــۆرتەدا و لـــەم گوندەوە گەیشتووە ، ئەگـەر بـەراورد بکرێـت لـە گـــــەڵ هـــــەواڵی گونـــــدەکانی دیکـــــەدا ، وا دەردەکــەوێت کــە هیــچ یــەك لــە هێرشــەکانی ڕابـووردوو بـە بێبـەزەییی ، بێویژدانـی و دڕندایـەتی هێرشەکەی ئەمجارەی دوژمنان نەبووە ، چونکـە تـەنیا یـەك کـاتژمێر پـاش ئابلۆقـەدانی ، ژمـارەی کوردانـی گوللـە بـاران کـراو لـە شـوێن خـەرمانی گوندەکەدا گەیشتووە بە ( 42 ) مرۆڤ .

ئەگـەر بێت و وەختەکـەو ژمارەی کوژراوان دابەش بکـەین بەسەر یەکدا ، دەردەکـەوێت کـە ،

گرتن ، بردن ، دادگایی کردن و ڕاوێژکردنی دەستەی بەڕێوەبەری دادگا ، لە سەر گوللە باران کردنی هەر لاوێك لەو لاوە کوردە بێتاوانانە ، تەنیا ( 3 ) خولەکی خایاندووە ، بێگومان جگە لە کوشتنی مامۆستا مەلا "وسمان" ، مەلای مزگەوتی گوندەکە ،کە بەم شێوەیەی لای خووارەوە ئەنجام دراوە :-

لە ناکاودا بڕێك چەکداری ریشنی چڵکن هێرشیان بردووەتە سەر مزگەوتی گوندەکە ، لە کاتێکدا هێشتا بڕێکی زۆر مرۆڤی تەمەندارو لاویشی تێدا مابوونەتەوە بۆ ئەوەی دووای نوێژی پاش نیوەڕۆ ،گوێ لە گوتاری ئایینی مامۆستا مەلا وسمان بگرن کە بڕیار بووە ئەو رۆژە بابەتەکە لە سەر سودی نوێژ لە ئایینی ئیسلام و پاداشی نوێژی سەر وەخت ، بێت .

لە کاتێکدا ئامادە بووان بەرامبەر بە مامۆستا دانیشتوونە و گوێڕایەڵی ووشەکانی بوونە ، لەو کاتەدا ریشنەکان هێرشیان بردووەو هەر یەکە لە دانیشتووان بۆ رزگارکردنی خۆی هەوڵی داوە بە لایەکدا هەڵبێت و لە دیمەنەکە دوورکەوێتەوە ، بەڵام کە ریشنەکان ئەوەیان بینیوە کەوتوونەتە تەقە کردن بە سەر سەریانداو فەرمانیان پێداوون کە راوەستن و دەستەکانیان

بخەنە سەر سەریان ، ئەگینا گوللە باران دەکرێن . هەموو ناچار بوون کە راوێستن و ئەو کارە ئەنجام بدەن کە داوایان لێکراوە .

بەبێ هیچ گوتوبێژێك دەستی هەموو لاوەکانیان لە پشتەوە بەستاوەتەوە و لەتەك چەند چەکدارێکدا رەوانەی ئەو دادگا کاتییەیان کردوون کە لە شوێنخەرمانی گوندەکەدا بۆ دادگایی کردن دامەزرێنرابووە و بوون بە بەشێك لەو 42 کەسەی کە بە بیانووی تاوانی هەڵبەستراوی جۆراوجۆرەوە ، هەریەکەیان پاش چەند چرکەیەك دادگایی کردن بڕیاری گوللە باران کردنیان لە لایەن دادپەروەری بەڕێوە بەری دادگاکەوە بۆ دەرهێنراوەو کتووپڕیش جێبەجێ کراوە .

تەمەندارانی نێو مزگەوتەکەشیان ، مەلا وسمانی لێدەرکە ، پێکرا لە تەك چەند چەکداری دیکەدا ، رەوانەی شوێنخەرمانەکە کردووە ، بۆ ئەوەی ئافەرین بڵێن بە تیپی گوللە بارانکار لە کاتێکدا کوردان گوللە باران دەکەن و گوللەکانیان مێشك و دڵیان دەپێکێت و دەکەوونە سەر زەمین ، پێشیان ڕادەگەیێنن کە ئەگەر بێت و ئەو کارە نەکەن ، ئەوانیش بە هەمان شێوە گوللە باران دەکرێن بە تاوانی سەرپێچی

کردن لە بڕیاری خوداوەندی و جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی . بێگومان کۆمەڵێکی زۆڕیش لە ژنانی لاوو و منداڵان و پیرەژنان و پیرەمێردانی دیکەی گوندەکەشیان بۆ هەمان مەبەست ڕەوانەی هەمان شوێن کردووە کە زۆربەیان بوون بە دایکان و باوکانی گوللە بارانکراوان .

مامۆستا مەلا وسمان کە لە کاتی ئەو هەموو بگرەو ببەرەدا ، بە بێجوولە لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشتووەو ڕەنگ زەردو پەشووکاو تەماشای ڕووداوەکانی کردووە ، چونکە چی بە هۆی تەمەنداریيەوە کە 86 ساڵان بووەو چی بە هۆی پەککەوتوویی و ئازارو لاوازی ئەژنۆکانیەوە لە کاتی ئاساییشدا کە دانیشتووە ئیتر پێینەکراوە بە بێ یارمەتی کەسانی دیکە خۆی بەرز بکاتەوەو هەستێتە سەر پێ و خۆی بدات بە سەر گۆچانە دار بەڕووەکەیدا ، ئەگەرچی لەو کاتەدا زۆر تەقەللای هەستانی کردووە بەڵام بێسود بووە .

رابەری چەکداران کە لە دوورەوە تێبینی کردووە کە مەلا وسمان هەوڵی خۆ بەرز کردنەوە دەدات بەڵام پێیناکرێت ، بەرەو لای ڕۆیشتووەو گوتوویەتی :-

پێویستت بە یارمەتی هەیە ؟ با من یارمەتیت بدەم کە خۆت بەرز بکەیتەوە ؟

بە بێئەوەی مەلا وسمان وڵام بداتەوە ، رابەرەکە ، ریشە سپییە درێژەکەی لە بنەوەگرتووە و پڕ بە هێزی خۆی رایکێشاوە و بە ریشەکەی بەرزی کردووەتەوە تا لەسەر پێیەکانی راوێستاوە . بە هۆی ئەو ئازارانەوە کە پێیگەیشتووە نالّەی مەلا وسمان بەرز بووەتەوەو بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە بە چەکدارەکەی گوتووە :-

بۆ وادەکەیت ، بێبەزەیی ، مەگەر تۆ لە خودا ناترسێیت ؟

رابەرەکە دیسانەوە پڕ بە مشتی ریشەکەی گرتووەو کەوتووەتە راکێشانی و بەملاو ئەولادا تەکاندانی و گوتوویەتی:-

چیت گوت ؟ خودا ؟ مەگەر تۆ باوەرت بە خودا هەیە ؟ تۆ تاوانباری ، مرۆڤ کوژی ، ئەهریمەنی لە جلی مرۆڤێکی ئایینیدا ، مەگەر تۆ نەبوویت تا چەند خولەکێك بەر لە ئێستا ، کۆبوونەوەیەکی سیاسی وسەربازیت دەگێڕاو دانیشتووانت فێردەکردو هاندەدا کە چوون دژی ئێمەو بیرو باوەڕو ئایینزا پیرۆزەکەمان ڕاوێستن و لە نێومان بەرن ؟

مەلا وسمان کە ویستوویەتی قسە بکات ، رابەرەکە ماوەی نەداوەو پڕ بە هێزی بازووی مشتێکی کێشاوە بە نێو دەمیداو گوتوویەتی :_

دەم مەکەرەوە ، ڕێوی فێڵباز ، بۆچی وا دەزانی ئێمە گوێمان لە گوتەکانت نەبوو و نازانین چیت دەگوت و ئەو تاوانبارانەش کە رووبەڕووت دانیشتبوون چۆن بە دڵەوە گوێیان بۆ رایەڵ کردبوویت و سەری پەسەندکردنیان بۆ پەیامە ئەهریمەنیەکانت رادەوەشاند ؟ ئێرە مزگەوتە یا بارەگای تیروریستان ؟ مەلا وسمان بە دەم و لێوێکی خویناوییەوە گوتەکەی بڕیوەو زۆر بە پەلە گوتوویەتی :_

تۆ چی دەڵێی بەرێز ، ئێرە . . .

رابەرەکە ماوەی پێنەداوەو دیسانەوە بە مشت کوتاویەتی بە نێو دەمیداو گوتوویەتی :_

مەگەر پێم نەگوتی بێدەنگ بەو دەم مەکەرەوە ، ئەی بەرازی تاوانبار ؟

رابەرەکە رووی کردووەتە ئەندامانی دیکەی تیپەکەی و فەرمانی پێداوون کە مزگەوتەکە بپشکێنن . چەند کەسێکیان بە پەلە خۆیان کردووە بە مزگەوتەکەدا کە لە راستیدا لە ژوورێکی گەورە بەولاوە نەبووە . لە پاشان

چەکدارێکی دیکەی بانگ کردووەو چپاندوویەتی بە گوێیداو گوتوویەتی :-

تا من خەریکی ئەم تاوانبارەم ، تۆ بڕۆ لە ئۆتۆمبیلەکاندا چەند پارچە چەك بهێنە بەڵام ووریا بە ئەم پیرەسەگە نەیبینی بیبەرە نێو مزگەوتەکەوەو پاش چەند خولەکێك لە گەڵ چەند برایەکی دیکەدا وەرنە دەرەوەو بڵێن ئەم چەکانەمان لە نێو مزگەوتەکەدا پەیدا کرد .

رابەرەکە دیسانەوە کەوتووەتە لێدان و شکەنجەدانی مەلا وسمان .

پاش چەند خولەکێك بە گوێرەی ئەو پیلانەی کە دانرابووە لە ناکاودا دوو چەکدار لە ژووری مزگەوتەکەوە دەر کەوتوون و بەرەو لای مەلا وسمان و رابەرەکەیان رۆیشتوون یەکێکیان بە دەنگێکی بەرزەوە کە مەلا وسمانیش گوێی لێبێت گوتوویەتی :-

بەڕێز بڕوانە ، ئەم چەکانەمان لە نێو مزگەوتەکەدا پەیدا کرد ، لەگەڵ بڕێك بڵاوکراوەی دژ بە ئێمەو رژێم و ئایینزا پیرۆزەکەمان . رابەرەکە بە سەرسوڕمانێکی دەستکردەوە پرسیویەتی :-

چـیت گـوت ؟ ئـەم چەکانـەتان لـە نێـو مزگەوتەکـــەدا پـــەیدا کـــرد ؟ چەکدارەکـــە گوتوویەتی :۔

بەڵێ گەورەم . لە ناکاودا رابەرەکە ، پڕ بە هێزی بازووی مشتێکی کوتاوە بە سینەی مەلا وسمانداو ئەویش لە بەر پیری و لاوازی و ئەو هەموو شکەنجەو لێدانە ، خۆی پێڕانەگیراوە و چەند هەنگاوێکی بەرەو پاش هاوێشتووە و بە پشتدا بەربووەتەوە سەر زەمین و لاقەکانی چوون بە هەواداو پاشان بەربوونەتەوە سەر زەمین و لە گەڵ هەناسە بڕکێیەکی زۆر توندا بە دەنگێکی لاوازەوە رووی لـە چـەك هێنەرەکـە کـردووەو گوتوویەتی :۔

خاوەنی ئەم ماڵە کە خودایە ، خۆی دەزانی نـە ئـەو چەکانـە و نـە ئـەو بڵاوکراوانـەی باسی لێدەکـەیت ، لـە مزگەوتەکـەدا بوونـە و نـە ئێمـە پەیوەندییمان پێیانەوە هەیە ، تۆ خۆت بە بڕیاری ئـەم خودانەناسـەی کـە خـەریکی ئەشکەنجەی منـە ، بردتـە نێـو مزگەوتەکـەوەو هـەر خـۆتیش دەرت هێنان ، بۆ ئەوەی بیکەن بە بەڵگەی تاوان و بیخەنــە پــاڵی مــن و خــەڵکی خوداناســی گوندەکەمانەوە . . .

رابەری چەکدارەکان قسەکەی بڕیوە و بە لەقەو بە پۆستاڵە قورسەکانیەوە داویەتی بە نێو سکیداو خوێن لە لەگەڵ رژانەوەدا لە دەمی مەلا وسمانەوە فشقەی کردووەو هەوڵی داوە بە لا یەکدا خۆی بسوڕێنێتەوە بەڵام پێینەکراوە ، رابەرەکە بە پێلەقەیەکی دیکە سوڕاندوویەتییەو پیێ گوتووە :-

تەماشای کەن ، ئەم پیرەسەگە لەم باروودۆخەشدا هەر چاوودێری براکانی ئێمە دەکات و ئاگای لە هەموو گوت و بێژو جموجۆلێکمانە .

دیسانەوە نووشتاوەتەوەو بە ریش مەلا وسمانی بەرکردووەتەوەو بە زۆر لە سەر لاقە لاوازو بە لەرزەکانی رایویستاندووە و پێیگوتووە :-

نەخێر تۆ درۆ دەکەیت . هەموو ئەو چەکانە چەکی تۆیەو تۆش نووسەرو بڵاوکەرەوەی ئەم بڵاوکراوانەی . چەکەکانیش هەمان ئەوانەن کە تۆ و هاوکارەکانت لە پێشمەرگە تاوانبارە مرۆڤ کوژەکان ، براکان و سەربازەکانی ئێمەیان بە شەوان پێدەکوژن و بە رۆژیش لە مزگەوتەکەدا دەیشارنەوەو لە بەر ئەوەی بە نێو ماڵی خودایە ،

کـەس گومانـی ئـەوە ناکـات کـە چـەکی تێـدا بشاردرێتەوە . راست دەکەم ، یا نا ، پیرەسەگ ؟

مامۆستا مەلا وسمان کە زانیویەتی بە دوا خوولەکـەکانی ژیانیـدا تێدەپـەڕێت و بـە هیـچ شـێوەیەك گیـان رزگـار ناکـات لـە دەستی ئـەو درندە بێبەزەییانە ، بە دەم و چاوێکی خوێناوی و دەنگێکی زۆر کزەوە گوتوویەتی :-

نـە خێـر راسـت ناکـەیت و تـۆ پـیاوێکی نادروست و خـودا نەناسی . ئێمـەین موسڵمان و خودا پەرستی راستەقینەو ئێمە لەو جۆرە شتانە ناهێنینە ماڵی خوداوە ، چونکە ڕێز لە خۆیی و ماڵەکەی دەگرین ، بەڵام ئێوەن کە ڕێز ناگرن و وەك بـە چاووەکانـی خـۆم بینـیم ، بـە پۆسـتاڵە خوێناوییەکانتانەوە رۆیشتنە ماڵی خوداوە بە بێ ئەوەی درەیان بهێنن . . .

رابەرەکە تووڕە بووەو بە ئەژنۆی راستی زۆر بـە تونـدی کێشـاویەتی بـە نێـو گەڵیـداو گوتوویەتی :-

چەند جارم پێ گوتی ، بێدەنگ بەو دەمت داخەو قسەکەم پێ مەبڕە ، پیرەسەگی خەڵەفاو .

دەمانچەکەی دەهێناوە وخستوویەتیە تۆی لێوەکانی مەلا وسمانەوەو گوتوویەتی :-

بێـــدەنگ دەبێـــت و دەمـــە فلْتەکـــەت دادەخەیت یا دەتەوێ بە گولله بۆتی داخەم ؟

مـــەلا وسمـــان پـــاش تەقەللایـــەکی زۆر دەستی بەرز کردووەتەوەو بە لەرزە لەرز نیشانەی داوە بۆ یەك خولەك ماوە پێدانی بۆ قسە کـردن و بە دەنگێکی بچربچرەوە گوتوویەتی :ـ

تــەنیا یــەك خولــەك ، تکایــە تــەنیا یــەك خولەك ماوەم بدەرێ و لە پاشان ئەوەی دەتەوێ بیکە .

لـە کاتێکـدا هـەموو چەکـدارانی تیپـەکە بـە چوواردەوریـــدا خـــڕ بوونەتـــەوەوە تەماشـــایان کـردووە ، رابەرەکە گوتوویەتی :ـ

باشە قسە بکە ، با بزانم چی پیسییەك لە دەمە بۆگەنەکەتەوە دەردەچێت ، بەلاّم هۆشیار بە قسـەی هەڵـە نەکـەیت و جنێـو نـەدەیت ، ئـەگینا خۆت دەزانی .

مەلا وسمان گوتوویەتی :ـ

نـــەخێر ، ئێمـــە رێـــز لـــە ووشـــەی خۆمـــان دەگـرین و لـە قسـەکردنماندا جنێـو و بێـڕێزی بوونـی نیـە ، بـەلاّم ئـەوەی دەمـەوێ بیلّـێم ئەمەیـە کە ، من گومانم نیە کـە ئێوە دەمکـوژن و هـەر لـە ئێسـتاوە خـۆم بـە شـەهیدێك لـە وانـەی رێگـای خـودا لـە قەڵـەم دەدەم و بـە دڵێکـی پاکیشـەوە

شەهادەی خۆم خوێندووەو بە بێ هیچ ترس و بیمێك ئامادەی رۆیشتنم ، بەڵام با شتێکتان پێ بڵێم کە ئێوەی خودا نەناس لێی بێئاگان و هەڵەیەکە کە پیلانەکانتان پووچەڵ دەکات ئەویش ئەمەیە کە ئەگەر خودانەکەران ئێوە راست بکەن و چەك لە مزگەوتەکەدا هەبێت ، دڵنییا بن لەم چەکانە نابێت کە ئێوە بردتانە ژوورەوە و هێناتانە دەرەوە ، چونکە پێشمەرگەکانی ئێمەی کورد ئەو چەکانەی بە دەستیانەوەیەو خاك و شەرەفمانی پێدەپارێزن ،کلاشنیکۆفی روسین و ئەمانەی دەستی ئێوەو ئەوانەی کە بردتانە ژوورەوە چەکی ئەمەریکایین و لەو جۆرە چەکانە لای ئێمە دەست ناکەون ، ئەگەرچی سوێند بە خوداوەندی گەورە تا ئەم تەمەنەم دەستم بەر هیچ جۆرە چەکێك نەکەوتووە . قسەکانم تەواو بوون و ئێستاش فەرمو ئامادەم بۆ ئەوەی دەتەوێ بیکەیت .

کە رابەرەکە گوێی لە ووشەکانی مەلا وسمان بووە ، شەرم گرتوویەتی لەو هەڵە گەورەیەی کە کردوویەتی و لە ناکاودا هاتووە بە خەیاڵیدا کە چی روویدەدا ئەگەر ئەو چەکانەی ببردابایە بۆ لای سەرۆکی دادگاو پێی بگوتبایە کە لە نێو مزگەوتەکەدا دۆزراونەتەوەو سەرۆك

دادگـاش ئـەو هەواڵـەی لەبـەر چـاووی خـەڵکانی لەوێدا کۆکـراوە رابگـەیاندبایە .

بـە بـێ ئـەوەی ئـەو خـەیاڵـە بهێنێتـە سـەر رووی و خـۆی بپەشـۆکێنێ رووی لـە ئەنـدامانی تیپەکەی کـردووەو گـوتوویەتی :-

چاووتـان لێبێـت ، گوێتـان لێبـوو ئـەم کـەرە پـیرە چـی گـوت ؟ هـەموو شـتێك لـە بـارەی جۆرەکانـی چەکـەوە دەزانێـت و دەڵێـت مـن بێگونـاهم و دەسـتم بـەر چـەك نەکـەوتووە . لـە چەکـدارەکانی دیکـە نزیـك بووەتـەوەو بـە ئارامـی گـوتوویەتی :-

ئێمـە هـەموومان مێشـکمان ئەوەنـدەی ئـەو پیرەسەگە کـاری نەکـردو بیرمـان لەوە نەکـردەوە کـە چەنـد کلاشـنیکوفێك لەگـەڵ خۆمانـدا هەڵگـرین بۆ بە کـار هێنانی لەم جۆرە کاتانەدا . .

لـە ناکـاودا یـەکێك لـە چەکـدارەکان لێـی نزیـك بووەتـەوەو چەپـاندوویەتی بـە گـوێیـداو گـوتوویەتی :-

چەنـد دانەیـەکمان هەیـە لـە یـەکێك لـە ئۆتۆمۆبیلەکانـدا ، ئەوانـەن کـە لـە هێرشـەکانی چەنـد رۆژەی رابـووردوودا بـۆ سـەر گونـدەکانی دیکـە دەسـتمان کـەوتوون . رابەرەکـە بـە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە لە وڵامدا گـوتوویەتی :-

زۆر باشە ئەحمەد گیان بەڕاستی هەواڵێکی خۆشە ، بڕۆ بییانهێنە چونکە باشترین بەڵگەن بۆ گوللە باران کردنی ئەم پیرە بەرازە دەم فلّتەو زۆری دیکەش ، ئەگەر وانەبێت گرفتاری زۆرمان بۆ دروست دەکات لای سەرۆکی دادگا ، بەڵام ئایا سەرۆك بەوە دەزانی کە ئێمە ئەو کلاشنیکۆفانەمان پێیە ؟

ئەحمەد لە وڵامدا گوتوویەتی:_

نەخێر نازانێت ، مەگەر هەمووەمان پێکرا بڕیارمان نەدا کە بە نهێنی رایگرین و لە پاشاندا بییانفرۆشین ؟ رابەرەکە گوتوویەتی:_

بەڵێ ، بەڵێ ، راست دەکەیت ئێستا هاتەوە بیرم ، وابزانم دوازدە دانەی نوێی بەکارنەهێنراو بوون ؟ ئەحمەد گوتوویەتی:_

بەڵێ وایە ، چاکت لە بیر ماوە بەڕێز ، بەڵام بۆچی ئەم پیرە سەگە ببەین بۆ لای سەرۆك دادگاو هەر لێرە خۆمان تەواوی نەکەین و کلاشنیکۆفەکانیش لە دەست نەدەین ؟

رابەرەکە گوتوویەتی:_

نا ، نا ، ئەوە درووست نییە کە تۆ دەیڵێیت ، چونکە بۆ هەمووەمان زۆر باشتر دەبێت ئەگەر بە زیندوویەتی ببەین تا سەرۆك دادگاە بیبینێت و بڕیاری هەڵواسینی دەربهێنێت ، تا لە

لا یەكـەوە ببێت بـە نمونـە بـۆ مـەلا یانی دیكـەی كـوردو لـە لا یـەكی دیكەشـەوە سـەرۆك زۆرتـر باوەڕمان پێدەكات و دەست كراوەترو ئازادترمان دەكـات و نێونـازی ئازایەتیشـمان بـۆ تۆمـار دەكات . زووكە ئەحمەد برۆ پێنج دانەیان بهێنە .

ئەحمەد بە سەرسوڕمانەوە پرسیویەتی:-

چیتـان فـەرموو ، پـێنج دانـە ؟ ئایـا دەزانـی چی پارەیەكمان لە دەست دەچێت ؟

رابەرەكە گوتوویەتی:-

بـەڵێ زۆر چـاك دەزانم ، بـەڵام گـوێی مەدەرێ بەم زووانە زۆرترمان دەست دەكەوێت . پەلەكە برۆ ، با وەختەكەمان بە فیڕۆ نەدەین .

ئەحمەد گوتوویەتی:-

دەڕۆم بەڵام لە یەكدانە زۆرتر ناهێنم .

رابەرەكە بە زەردەخەنەوە گوتوویەتی:-

یەكدانـە بـەس نییـە ، چونكـە ئـەو كاتـە سەرۆك وا بیر دەكاتەوە كە تەنیا چەكی تایبەتی خۆیـەتی ، بـەڵام زۆرتـر ئـەوە دەسـەلمێنێ كـە مزگەوتەكـە بارەگـای نهێنـی پێشـمەرگە تاوانبارەكانە .

ئەحمـەد لـە كاتێكـدا خـەریك بـووە مزگەوتەكە بە جێبهێڵێت ، گوتوویەتی:-

باوەر بکە لە دوو دانە زۆرتر ناهێنم .
رابەرەکە بە دەنگێکی بەرزەوە گوتوویەتی:_
بیکە بە سێ تکایە .
پاش ئەو گوتوویێژە ، رابەرەکە گەڕاوەتەوە بەرەو مەلا وسمان کە دەم و چاووی هێشتا خوێنی پێدا داچۆڕاوە و هەر بە پێوە راوێستاوەو خۆی داوە بەسەر گۆچانەکەیدا و لێی پرسیوە :_
گوێت لێبوو مەلای خودانەناس ؟ ئەویش بەڵگە ، سێ کلاشنیکۆف و هەزاران بڵاوکراوەی دژ بە ئێمە . ئەوەش بزانە کە ئەوەی کە بەسەرت دێت و ئەم بارودۆخەی کە پێیدا تێدەپەڕیت ، لە ئاکامی دژایەتی کردنتە لەگەڵ رژێمەکەمان و ئایینزا پیرۆزەکەماندا ، هەروەها شەڕ کردن و شەهیدکردنی براکان و سەربازە پاڵەوانەکانی ئێمەدایە . ئەوەشت پێبڵێم کە زۆر باشترە بۆ خۆت کە گەیشتیتە بەر دەستی سەرۆکی دادگاە ، دان بە تاوانەکانی خۆتدا بنێیت ، چونکە لەوەدایە لە سزای تاوانەکەت کەم بکاتەوە ، بەڵام ئەگەر بێت و دانی پێدا نەنێیت ، بە بێگومان سزاکەت سەنگینتر دەبێت و لەوەدایە بگاتە کوشتن . لە بیرشت نەچێت بە هیچ شێوەیەك دەمت ناکەیتەوەو باس لەم شتانە ناکەیت کە لێرەدا بینیت و بیستت ، چونکە ، یەکەم ، سەرۆك

باوەڕت پێناکات و دووهەم ، ئێمەی ئامادە بووانی ئێرە هەموو پێکرا دژ بە تۆ گەواهی دەدین و بە درۆت دەخەینەوە ، لەو کاتەدا کێیە کە باوەر بە تۆ بکات ؟

مـــەلا وسمـــان بـــە دەنگێکـــی لاوازو باوەڕیکی بەهێزو لێویلێکی بە زەردەو بە لەرزەوە گوتوویەتی :_

خـودا ، خـودا بـاورم پـێدەکات ، ئایـا ئـەو بـەس نییـە ؟ گومانیشـم نییـە ، کـە لـەم کاتـەدا چـاووی لـە ئێمەیـەو کـردەوە ناشـیرین و دژ بـە خـۆی و مرۆڤایەتیەکانتان دەبینێت . وات پیشـان دەدا کە باورِت بە خودا هەیە ، بەڵام لە راستیدا نـە بـاورِت هەیـە و نـە هـەبووەو هەمیشـە دژ بـە خـوداو یاسـاکانی خـودا بـوویت و هـەرگیز لێـی نەترساوی و باوەریشت بە سزای ئەم دونیاو ئەو دونیای نەبووە . . .

رابەرەکـــە نەیهێشـــتووە قســـەکانی تـــەواو بکـات و پـڕ بە هێـزی بازووی مشتێکی کێشاوە بە نێو دەمیداو گوتوویەتی :_

بێدەنگ بە شێتی خەڵەفاوی کافر ، خودا ، خودا ، خودا چی مانایەکی هەیە لای تۆ ؟ ئەگـەر بـاوەرِت پـێی هەبوایــەو بتناسـیبایە ، هــەرگیز ڕێگـات نـەدەدا پیشـمەرگە تاوانبارەکـان ماڵـی

خـــودا بکـــەن بـــە بارەگـــای خۆیـــان و ئـــەو کلاشـنیکۆفانەی کـە بـە رێـوەن ، لـە ماڵەکەیـدا نەدەشاردەوەو ئەو بلاوکراوانەت نە دەنووسی لە دژی ئێمـە و لـە ماڵەکەیدا داتنـەدەنا . جگـە لـە هـەموو ئەوانـەی کـە باسـکران ، خـودا دەزانـێ تـۆ چـۆن تاوانبارێکـی ، بۆیا تۆی گەیاندە ئەم رۆژەو ئەم بارەوو دۆخە ، بۆچی نازانی ئەمەی کە تێیدای سزای ئەم دونیای گوناه و تاوانەکانی رابووردوتـەو بیگومـان ئـەوەی ئـەو دونیـات گـەڵێك لەمانـە سەختترو درێژ خایەنتر دەبێت .

ئەحمـەد گەڕاوەتـەوەو لـە دوورەوە هـاواری کـردووەو بە نێوە توورەییەکەوە گوتوویەتی :_

فـەرموو ، ئەمـەش سـێ کلاشـنیکۆفی تازەو بـەکار نـەهێنراو کـە سـەدی وەکـو ئـەم مەلایـە دەهێنن .

رابەرەکـە دانەیەکی لـە دەست وەرگـرتووەو شـانەیەکی بۆشـی خسـتووەتە سـەرو ماشـەکەی راکێشـاوە و بـۆ مـەلا وسمانـی درێـژ کـردووەو گوتوویەتی :_

فـەرموو ، ئـەمیش کلاشـنیکۆفی هـاورێت . بیگـرەو گولله بارانمان بکە ، چونکە دەزانم پیرە پیشمەرگەیەکی و دەست و نیشانیشت باشە .

لــەو چرکەیــەدا هــەموو چەکــدارەکان کەوتوونەتە پێکەنین و هاوار یان کردووە :-

دەی مەلا دەی ، بیگرە ، هەلێکی باشە ، تۆلەی خۆت بکەرەوەو بمانکوژە .

رابەرەکــە شــانە بۆشــەکەی دەرهێنــاوە و دانەیەکی پڕی خستووەتە سەرو رووی لولەکەی لە ئاسمان کردووە و کەوتووەتە تەقەکردن تا فیشەکەکانی تەواو بووە و روو لە مەلا وسمان گوتوویەتی :-

فەرموو ئەمەش بەڵگە کە تۆ ویستت بەم چەکــە بمــانکوژیت ، بــەڵام یــەکێ لــە بــرا پاڵەوانەکانمان گیانی خۆی خستە مەترسییەوەو هێرشی کردە سەرتوو بە یارمەتی ئەوو خودا گوللەکان چوون بە ئاسمانداو بەر ئێمە نەکەوت . پێم بلێ ریوییە فێڵبازەکە ، تاوەکو ئێستا بەم کلاشنیکوفە چەند کەست کوشتووە ؟ بە تەما نــیت وڵامــم بدەیتــەوە ؟ باشــە ، وڵامــی مــن مەدەرەوە .

دیســانەوە کەوتووەتــە راکێشــانی ریشــە سپــییە خوێناوییەکــەی و زۆر بــە ئارامــی پــێی گوتووە :-

باشە ، وڵامم مەدەرەوە ، سەرۆك دادگا شارەزایەو دەزانێت چۆن دەتهێنێتە قسەو ئەوەی بییەوێت لێت دەردەهێنێت .

پاش ئەوە رابەرەکە ، فەرمانی داوە بە یەکێك لە چەکدارەکانی و گوتوویەتی:_

وەرە دەستەکانی ببەستەرەوە ، با لەگەڵ چەك و بڵاوکراوەکانیدا ببەین بۆ دادگا تا لەوێ بە سزای رەوای تاوانەکانی خۆی بگات .

چەکدارەکە بەرەو مەلا وسمان رۆیشتووە و مێزەرەکەی لە سەری داکەندووە و باڵە لاوازەکانی زۆر بە توندی راکێشاوە و لە پشتەوە توونـد بەستاویانییەتی و فەرمانی پێداوە کە پێشی کەوێت ، لەگەڵ یەکەمین هەنگاودا مەلا وسمان بەربووەتە سەر زەمین ، چی لەبەر ئەو هەموو لێدان و ئەشکەنجەیەو چی لەبەر لاوازی لەش و لاقەکانی .پاش ئەوە دوو چەکدار بەرزیان کردووەتەوەو هەر یەکەیان قۆڵێکیان گرتووەو بە راکێشان لە مزگەوتەکەیان دەریان دەرهێناوە و بەرەو شوێن خەرمانی گوندەکەیان بردووە بۆ دادگایی کردنی .

رابەری تیپەکەو ئەحمەد کە چەك و بڵاوکراوەکانیان هەڵگرتووە ، پێکرا بە پەلە بەرەو جێگاکەی سەرۆکی دادگا رۆیشتوون و

پاش داواکردنی ماوەو پەسەند کردنی سەرۆك ، رابەرەکە لێی نزیك بووەتەوەو کەوتووەتە قسە کردن لە گەڵیداو سەرۆکی دادگا لەگەڵ گوێ گرتندا جاروبار سەری بۆ لەقاندووەو وای پیشانداوە کە لێی تێدەگات و ووشەکانی پەسەند دەکات و دەسەلمێنێت و هەندێ جاریش بە نیشانەی سەر سوڕمان چاووکانی لە ژێر چاوێلکە زەڕەبینیەکەیەوە زەق کردووەتەوە یا نێوچاووانی گرژ هەڵهێناوە . رابەرەکە هێشتا خەریکی قسەکردن بووە کە سەرۆك پێی بڕیوەو بە دەست نیشانەی بێدەنگی پێداوە کە بینیویەتی چەکدارەکان مەلا وسمان رادەکێشن و بەرەو دادگای دەهێنن .

سەرۆك دادگا لە شوێنەکەی خۆی راپەڕیوە و بەرەو روویان رۆیشتووە . خەڵکی گوندەکە ، ئەوانەی کە بە زۆر لەوێدا کۆکراونەتەوە ، وایان زانیوە کە سەرۆك دادگا مەلا وسمانی بینیوەو لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی ئایینی بە تەمەنەو مامۆستای مزگەوتی گوندەکەشە ، بۆ پێشوازی لێکردنی وا بەرەو پیری کەوتووەتە رێ ، بەلام سەروك هەر کە گەیشتووەتە مەلا وسمان لە بەرامبەری راوێستاوە و بە بێ ئەوەی ووشەیەکی لە دەمەوە بێتە دەرێ ، دەمانچەکەی بەرباخەڵی

ڕاکێشاوە و هەموو فیشەکەکانی ناوە بە دەم و چاوو سەرو دڵی مەلا وسمانەوەو کە خستوویەتیەوە باخەڵی ، دیسانەوە بە پەلە بەرەو پشتی مێزەکەی گەڕاوەتەوەو روو لە خەڵکەکەو چەکدارەکانی خۆیشی گوتوویەتی :-

نەك تەنیا لە ئایین و ئایینزاو دەستووری ئێمەدا ، بەڵکو لە هەموو ئایین و دەستورەکانی دیکەشدا ، سزای تاوانباری وەك ئەم پیاوە ، کە بەنێوی ئایینەوە ئاژاوە دەنێتەوەو گرفتاری و نا ئارامی دروست دەکات و لە پشت پەردەی ئایینداریەوە مزگەوتی گوندەکەی کردووە بە بارەگای پێشمەرگەی مرۆڤ کوژو تاوانبارو بە کۆگای چەك و تەقەمەنی و بڵاوکراوەی دژ بە ئێمەو رژیمەکەمان و ئایینزاکەمان و بە کلاشنیکۆفیش هێرشی بردووەتە سەر برا چەکدارەکانمان لە کاتێکدا بۆ نوێژکردن رۆیشتوونەتە نێو مزگەوتەکەوە ،کتووپڕ گوللەباران کردنە.

لەو چرکەیەدا خەڵکەکە لە نێو خۆیاندا کەوتوونەتە قسەکردن و بە دەنگە دەنگی ئارامەوە ناپەسەندی پیشاندان .

کە سەرۆك گوێی لێبووە بە تووڕەییەوە روو لە خەڵکەکە گوتوویەتی :-

چییــە ؟گــویم لــە دەنگــە دەنگتانــە ، ئایــا کەسێك هەیە لە نێوانتاندا ووتەکانی منی بە دڵ نەبێت و رەخنەیەکی هەبێت ، یا کردەوەکانی منی لەلادا ناپەسەند بێت ؟

کــەس وڵامــی پرسییارەکانی نەداوەتــەوە چونکــە زانیویانــە هــەرکــە دەم بکەنــەوە بــە سەرهاتیان وەکو ئەو کەسانە دەبێت کە هێشتا تەرمەکانیان لە بەر چاوویاندا بووە .

کــە ســەرۆك گــوێی لــە هیــچ وڵامێــك و رەخنەیــەك نــەبووە ، بــەردەوام بــووە لــە قســە کردنداو روو لە خەڵکەکە گوتوویەتی :_

کــە نارەزایــی نیــەو هــەموو رێکــن لــە گــەڵ گوتارو کردارەکانی مندا ، ئەی پۆچی بێدەنگن و دەنگی پشتیوانی کردنتانم گوێ لێ نیە ؟

خەڵکەکــە ناچــار بوونــە بــە چەپڵە و بــە دەنگ پشتیوانی خۆیان دەربڕن .

ئەوجا ڕووی لە دەستەی بەڕێوەبەری دادگا کردووەو گوتوویەتی :_

لــەم چرکەیــە بــە دوواوە فــەرمانی ( شــرع ) وایــە کــە ، ئــەم جــۆرە مرۆڤــە ( دەستی بۆ مــەلا وسمــان درێــژ کـــردووە ) خـــەڵك خەڵەتێنــەرو فریودەرانە ، لە هەر شوێنێکدا دەستگیرکران ، بە بێ دادگایی کردن ، بە بێ چاوو پوورکاندن

بەبێ هەل لە دەستدان  لە هەمان شوێندا گوللە باران بکرێن و لە گۆڕستانی (گاوران) یشدا ، چاڵ بکرێن .

لە پاشاندا ، سەرۆك رووی لە رابەری تیپەکە کردووە و زۆر بە گەرمیەوە گوتوویەتی :ـ

پیرۆزبایيت لێدەکەم و زۆر سوپاس بۆ دەستگیر کردنی ئەو تاوانبارە مەترسی هێنەرەو ئەرکێکی گەورەت بە جێهێنا و کارێکی گرنگت ئەنجامدا لە پێناوی ئایینزاکەمان و خودادا .

رابەرەکە دەست لە سینە راوەستاوە و لە وڵامدا گوتوویەتی :ـ

گەورەم ئەوە فەرمانێکی خوداوەندییەو جێبەجێ کردنی ئەرکێکی ئایینییەو بەدیهێنانی پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی خوداناس و دڵسۆز .

سەرۆك دادگا دیسانەوە رووی لێکردووە و زۆر بە ئارامی لێی پرسیوە :ـ

باش بوو لە بیرم نەچوو ، چیتان لەو خانووە کرد کە بە نێوی ماڵی خوداوە کراوە بە بارەگای تاوانباران و مرۆڤ بکوژان و پێشمەرگە یاخییەکان ؟

رابەرەکە لە وڵامدا گوتوویەتی :ـ

گەورەم هیچ کارێکمان نەکردو وەکو خۆی بە جێمانهێشت .

سەرۆك دادگا تووڕە بووە و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتوویەتی :-

ئەو بارەگای تیرۆریستانەتان هەروەکو خۆی بە جێهێشت و هیچتان لێنەکرد تا جارێکی دیکە بیکەنەوە بارەگای پیلان و نەخشە کێشان لە دژی رژێمەکەمان و براکانمان و سەربازەکانمان ؟ بڕۆ ، بڕۆ پەلەکە لە گەڵ تیپەکەتدا و بە زووترین کات بیرۆخێنن و داری بەسەر بەردەوە مەهێڵن ، تێگەیشتی ؟

رابەرەکە زۆر بە ئارامی گوتوویەتی :-

بەڵێ گەورەم ، زۆر چاك لە فەرمانەکەتان گەیشتم ، بەڵام کاتێك بە جێماندەهێشت بینیمان کۆمەڵ کۆمەڵ ژن و منداڵ و تەمەنداران پەنایان بۆ ئەوێ دەبرد تا لە پەنای ماڵی خودادا بپارێزرێن و تووشی ئێش و ئازار نەبن . . .

سەرۆك قسەکەی بڕیوەو بە توڕەییەوە پرسیویەتی :-

خۆپاراستن لە ئازار ، لە ئازاری چی و لە کێ ؟ لە ئێمە ؟ بۆچی ئێمە گورگ و شێرو پڵنگین کە ئازار بە خەڵك بگەینین ؟ بۆچی ئێمە مرۆڤ کوژین تا لە دەستی ئێمە هەڵبێن و پەنا بەرن بۆ

ئـەویٚ ؟ هـەر کەسـانێکن و لـە هـەر بـارو دۆخو تەمەنێکـدان ئـەوانیش تاوانبـارن و دژ بـە ئێمـەن ، ئەگــەر وا نـین و وا نـەبن ماڵــەکانی خۆیـان بـە جێناهێڵن و ترس لە دڵیان نانشێت و هەڵنایەن ، بەڵام یا خۆیان یا کەس و کاریان تاوانبارن بۆیا لەوە دەترسێن دەستی راستی پێیان بگات و بە ســزای خۆیانیــان بگــەیێنێت ، ( بــە دەنگێکـــی بــەرزەو ) دەبــڕو بۆچـــی راوێســتاوی و زەق زەق تەماشای دەمی من دەکـەیت ؟ کـەڕی یا نـەکات دڵت پێیان دەسوتێت ؟ سوێند بە خودای گـەورە ئەگـەر بـزانم تۆسقاڵێکیش بـەزەییت بـەو کـوردە پیاوکوژانەدا دێت ، کتووپڕ تۆش رەوانەی گـرۆپی گوللەباران دەکـەم و چارە نووسیشت وەك و ئـەو تاوانبارانە دەبێت کە دەبینی ، تێگەیشتی ، یا نا ؟

ڕابەرەکـــە بـــە دەم و لێوێکـــی پـــڕ لـــە زەردەخەنەوە گوتوویەتی :-

بەڵـێ گـەورەم زۆر چـاك تێگـەیشتم ، بـەڵام رووخانـدنی خانوویـەکی وا پێویستی بـە شۆفڵ و خاکـەنازی گـەورەو کـەرەسـەی تایبـەتی هەیـە و ئێمە هیچ شتێکمان لەو بابەتانە لە گەڵ خۆماندا نـــەهێناوە و ئەگـــەر بـــە دەســـت و کـەرەســـەی بچـووکیش ئـەو کـارە بکـەین ماوەیـەکی ئێجگـار زۆر دەخایێنێت و ئێمەش کاتی ئەوەمان نییە . . . .

سەرۆك ووتەکەی بڕیوەو ئاماژەی بەرەو پشتی سەری خۆی کردووەو گوتوویەتی :_

ئەی ئەو هەموو لۆرییە زەبەلەحانە چین لەو یدا ریزکراوون ، بۆ جووانین یا بۆ کاری وا ؟ خۆ خانووەکە لە ئاسن و چیمەنتۆ درووست نەکراوەو کۆشکی سپی ئەمەریکا نییە کە تۆپ و فرۆکەش کاری تینەکات ، قوڕو خشتی ووشك و چەند تەڵە قامیشی رزیوی بێکەڵکە و هیچی دیکە . بە شۆفێرەکان بڵێ با پشتاو پشت بڕۆن و خۆیان بکێشن بە دیوارەکانیداو بیروخێنن بە سەر هەر تاوانباریکیشدا کە لەویدا خۆی شاردووەتەوە .

ڕابەرەکە بە سەرسامییەوە گوتوویەتی :_

ئافەرین گەورەم ، خودا بتپاریزیت و پشت و پەنات بێت و ماشاءالله لەو بیروو توانایەی کە لەم کاتەدا شتی وا بهێنیت بە مێشکتدا ،کە لە راستیدا ئێمە هەرگیز بیرمان لێی نەکردبووەوە .

سەرۆك دادگا ئارام بووەتەوەو بە پێکەنینەوە گوتوویەتی :_

ئەی چۆن ، ئەگەر وا نەبوایەم ئێستا لەم شوێنەدا نەدەبووم . دەبڕۆ پەلەکەو زووش و بگەڕێرەوە تا بزانم چیتان کرد .

ڕابەرەکە بە پەلە پشتاو پشت رۆیشتووە و لە پاشان بەڕاکردن بەرەو لۆرییەکان ، تا بڕۆن و ماڵی خودا بڕووخێنن بە سەر پەنابەرانیدا .

لێرەدا شایانە بگوترێت کە ، جگە لەو 42 کەسەو مامۆستا مەلا وسمان ، دوو کیژی لا وی دیکەش بەر لەوەی ببرێنە شوێن خەرمانی گوندەکە کوژراوون . ئەو دووە خوشک بوونەو لە یەك ماڵدا ژیاوون و تەمەنیشیان ( 25 ) و ( 27 ) ساڵان بووەو لە کاتی ڕووداوەکەدا تەنیا لە ماڵەوە بوونە چونکە داك و بابیان چوونە بۆ شار بۆ دیتنی بزیشك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شیر پەنجەی مەمکی دایکیان . لەبارەی کوشتنیانەوە پیرەژنێکی دەرهاوسێیان کە ئاگای لێبووە چووار پێنج چەکدار بە بەر دەرگای ماڵەکەیدا تێپەڕ بوون و خۆیان کردووە بە ماڵی کیژەکاندا و لە یەکەم چرکەوە تا گوللەباران کردنی لەشە مردووەکانیشیان ،گوێی لە هەموو قسەوە گوت و بێژەکان بووە ، گوتوویەتی:-

نەرگزو شلێر خۆ لە پێشدا ، بە گوللە نەکوژران ، چونکە من هەرگیز گوێم لە دەنگی تەقە نەبوو تا چەند خوولەکێك بەر لەوەی ماڵەکە بەجێ بهێڵن ، بەڵکو ئەوەی کە بە گوێمدا دەهات ، دەنگی ناڵەو قیژەو هاواریانبوو کە

پەیتا پەیتا دەیانگوت ، بیکەن بە خاتری خودا ، ئێمەش موسڵمانین ، هێشتا منداڵین ، خودا پێی خۆش نایەت ،کاری وامان لە گەڵدا مەکەن ، ئابڕومان مەبەن - دووا زریکەشیان ئەوەبوو کە دەیانگوت - باشە ، باشە قبوڵمانە بمانکوژن ، بمانکوژن .

پیرەژنەکە بەردەوام بووە لەسەر گێڕانەوەی بە سەرهاتەکەو گوتوویەتی:-

ئیتر دەنگیان لە گوێمدا بڕا ، ڕەنگێ هەیە دەستیان خستبووبێتە سەر دەمیان ، یا گەروویانیان گوشار دابێت ، یا (دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە ) خودایە لێم نەگرێت چونکە بە چاوەکانی خۆم نەمبینی ، ڕەنگێ هەیە کارێکی ناڕەوای دیکەیان لە گەڵیاندا کردبێت و لە ترساندا و لە بەرکەم تەمەنی دیقیان کردبێت و گیانیان بە خودا سپاردبێت . ماوەیەك پاش ئەوە بوو کە گوێم لە دەنگی چەند تەقە بوو دوای چەند خولەکێك بینیم چەکدارەکان دیسانەوە بە بەر دەرگاکەی مندا تێپەرین و تەرمی کیژەکانیان بە دوای خۆیاندا رادەکێشاو نازانم بۆکوییان دەبردن .

لە کاتێکدا لەم گۆشەو ئەو گۆشەی گوندەکە لەو جۆرە بەسەرهاتانە رووی داوە ، لە

شوێنخەرمانەکەشـــدا ســـەرۆکی دادگـــاو یاریدەدەرانی پەیتاپەیتا خەریکی دادگایی کـردن و گولله باران کـردنی کوردانی بێتاوان بوون .

رووداوێکـی دیکـە کـە هـەرگیز نـە لـە بیـری خـەڵکی گوندەکـەو نـە ئـەوەی کـە دەیبیسـتێت ، دەسـڕدرێتەوە ، بـە سـەرهاتی گوللـە بارانکـردنـی سـامانی ناسـراو بـە سـامانە کـوێرە ،کـە بـەم شێوەیەی خووارەوە ئەنجامدراوە .

سـەرۆك رووی لـە یـەکێك لـە یاریـدەدەرانی کـردووە و زۆر بە نەرمییەوە ، لێی پرسیوە :_

تاوانبـاری دیکــە مــاوە یــا تــەواو بــوون ؟

یاریدەدەرەکە لە وڵامدا گوتوویەتی :_

نــەخێر گــەورەم تــەواو نــەبوون ، هێشــتا هەندێکی دیکە ماوون .

سەرۆك فەرمانی پێداوەو گوتوویەتی :_

باشه ، یەکێکی دیکە بابێت .

یاریدەرەکـە داوای لـە ڕێکخـەری لیسـت و بەرنامەکان کردووە کە بڕیارەکە بە جێ بهێنێت و ئەویش بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کردووە :_

تاوانبار سامان محمد علی ، لە وێستگەی تاوانباران ئامادە بە .

لـەو چرکـەیەدا کـە گوێیـان لـە ڕێکخـەرەکـە بووە ، دەنگە دەنگی خەڵکەکە بەرز بووەتـەوە و

دیسانەوە ڕێکخەرەکە بە دەنگێکی بەرزو پڕ هەڕەشەوە ، فەرمانی بێدەنگ بوونی پێیانداوە و ئەوانیش وەکو هەمیشە لە ترسی گیانی خۆیان بێدەنگ بوون . ڕێکخەرەکە رووی لە سەرۆك کردووە و گوتوویەتی :ـ

گەورەم ئەم یەکەیان کوێرە و شوێنی سوتانی کۆنیش لە دەم و چاوو لەشیدا دەردەکەوێت و تەمەنیشی حەڤدە ساڵەو قوتابییەکی زیرەکەو خەریکی وانەی ئایینی بووە لە پۆلەکانی تاوانباری دۆزەخی مەلا وسماندا .

سەرۆك دادگا پرسیویەتی :ـ

هەر ئەوەندە ؟

ڕێکخەرەکە لە وڵامدا گوتوویەتی :ـ

بەڵێ گەورەم .

سەرۆك پرسیویەتی :ـ

هیچ زانیارییەك هەیە کە باس لەوە بکات ، بۆچی کوێر بووەو چۆن و کەی سوتاوە ؟

ڕێکخەرەکە لە وڵامدا گوتوویەتی :ـ

نەخێر گەورەم هیچ شتێکمان لەو بووارەوە بە دەست نەگەیشتووە .

سەرۆك پرسیویەتی :ـ

تاوانەکەی چییە ؟

ڕێکخەرەکە دەمی لە گوێی سەرۆك نزیك کردووەتەوەو زۆر بە ئارامی گوتوویەتی :_
وەکو ئەوانی دیکە گەورەم .
سەرۆك دادگا بە سەر لەقاندنەوە گوتوویەتی :_
باشە تێگەیشتم ، ئەو دوایی لەسەر من .
لە کاتێکدا ڕێکخەرەکە خەریکی باسکردنی ژیانی سامان بووە بۆ سەرۆکی دادگا ، سامان بە یارمەتی یەکێك لە چەکدارەکان ، وورده وورده ، بەرەو وێستگای تاوانباران بردراوە .
سەرۆك دادگا رووی لە وێستگاکەو سامان کردووەو بە گاڵتە پێکردنەوە گوتوویەتی :_
دەی ، دەی ، دەی سامانە کوێر ، گەورە تیرۆریستی ناوچەکە ، لە ئاکامدا دەستمان کەوتیت .
دەنگە دەنگێ ، دیسانەوە لە نێوان خەڵکەکەوە بەرز بووەتەوە بە نیشانەی ناپەسەندی و سەرسوڕمان .
سەرۆك دادگا بە دەنگێکی بەرزەوە گوتوویەتی :_

بێدەنگ دەبن ، یا وام لێدەکەن کە بڕیار بدەم هەمووتان گوللە باران بکەن ؟ ئەوجا دیسانەوە روو لە سامان گوتوویەتی :-

بەڵێ ، سامانە کوێر ، واتە دەزانی زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە دادگایی کردن هەڵبێیت و خۆت بشاریتەوەو برا پاڵەوانەکانی ئێمە نەتوانن پەیدات بکەن ؟ دەزانی چەند مانگە ئێمە بە شوێنی تۆی تاوانباردایین و لە ئاکامدا وەك و مریشك لە کولانەدا دەستگیرمان کردی ؟

ئەوجا سەرۆك روو لە یاریدەدەران و هاوکارانی گوتوویەتی :-

هەریەکێك لە ئێوە کە دەیەوێت معجزەی خوداوەندی بە چاووی خۆی ببینێت ، تەماشای ئەو شتە سەیروسەمەرە بکات کە لەوێدا لە ژێر نێوی سامانە کوێر ، راوێستاوە . ئەم تاوانبارە ، باشترین درووستکەری بۆمبای کۆکتێل مۆتۆلۆڤ بووە لەم سەر زەمینەدا کە بە نێو پێیدەگوترێت کوردستان . دەتوانم بڵێم کە هەزارانی درووستکردووەو دژ بە برایان و سەربازانی ئێمە بە کار هێنراوون و بوون بە هۆی شەهید بوونی دەیانیان و گیانی پاکیان بەرەو بارەگای خوداوەندی رۆیشتووەو بێگومانیش بەهەشتی بەرین جێگایانەو ئێستا خەریکی رابواردنن لە

گەل حۆرییە جوان و ناسکەکانی ئەوێدا . بەڵام ئەوکارە نارەوایەی سامان ، تا سەر نەبووەو کۆتایی پێهاتووە کاتێك کە سەبری خوداوەندیش کۆتایی پێهاتووەو کەوتووەتە بیری تۆڵە کردنەوە لەم تاوانبارە . وەك لە هەموو شوێنێکی لەشیدا دەردەکەویت بە هەموو شتێك دەچێت ، تەنیا مرۆڤ نەبێت ، چونکە ئەمەیە ویست و تۆڵەی خوداوەندی . خودای گەورەمان لە کاتێکدا تۆڵەی لەم تاوانبارە کردووەتەوە کە خەریکی درووستکردنی پڕ مەترسیترین بۆمبا بووە ، بۆ بە کار هێنانی دژ بە سوپا نەبەزەکەی ئێمە و تۆڵەی خوداوەندیش لە ریگای سەربازە نادیارەکانیەوە بووە کە هەستاوون بە تەقاندنەوەی بۆمباکە لە نێوان دەستە خۆناوییەکانی خۆیدا کە بووە بە هۆی کوشتنی چەندین لە هاوکارانی تاوانباری و سوتاندن و کوێرکردنی خۆی تاکو ببێت بە نموونە بۆ ئەوکەسانەی کە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئازار بە رژێمەکەی ئێمەی خودا پەرست و سوپا مەزنەکەمان ، بگەیینن . بەڵێ بەڕێزان ، ئەم تاوانبارە وا بیری کردووەتەوە کە ئیتر هەر کە خوداوەند کوێری کردوو سوتاندی و ئیتر بەوانە وازی لێدەهێنێ و دەستبەرداری دەبێت و لێیدەبووریت و ئیتر ئازادەو دڵنیبیایەو دەتوانی لە

بریتی ئەوەی خۆی بۆمبا درووست بکات ، بە زمانە درێژەکەی ، ئامۆژگاری بدات بە تاوانبارانی دیکەو ڕێنەماییان بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆریستییە دژ بە مرۆڤایەتییە . ئەم تاوانبارە بێئاگا بووە لەوەی کە ڕۆژێك دێت و . . .

لەو چرکەیەدا دەنگی پیاوێك لە نێو خەڵکانی کۆکراوەدا هاتووەتە گوێ و دەستێك بەرز بووەتەوەو داوای ماوە پێدانی کردووە بۆ ئەوەی قسە بکات ، بەڵام سەرۆك تووڕە بووە وگوتوویەتی :ـ

بێدەنگ بە ئاژەڵی گوێدرێژ ، مەگەر نابینی من خەریکی قسەکردنم و بە چی مافێك قسەکەی من دەبڕیت ، ها ؟

پیاوەکە دووبارە دەنگی بەرز کردووەتەوەو وویستوویەتی قسە بکات بەڵام سەرۆك لە قسەکردن رایگرتووەو پێی گوتووە :ـ

گوێم لێت نییە ، وەرە پێشەوە با بزانم بە تەمای چی بڵێیت ؟

پیاوەکە چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە و خەڵکەکە بە زمانی کوردی تکایان لێکردووە کە نەڕوات ، چونکە قسەکردن بێکەڵکەو بە ئاسانی خۆی بە کوشت نەدات ، بەڵام ئەو گوێی پێیان نەداوەو بەرەو پێشەوە

ڕۆیشتووە تا گەیشتووەتە چەند مەتری مێزەکەی سەرۆك و لەو کاتەدا چەند چەکدارێك بە پەلە بەرەو ڕووی ڕۆیشتوون و ئابلۆقەیان داوە و یەکێکیان بە دیقەت گیانی پشکنیوە نەوەکو چەك یا تەقەمەنی لەگەڵدا بێت و ئازار و زیان بە سەرۆك و هاوکارانی بگەیێنێت . ئەوجا سەرۆك لێیپرسیوە :_

بەردەوام بە قسە بکە با بزانم بە تەما بوویت چی بڵێیت ، بەڵام لە پێشدا خۆتمان پێ بناسێنە تا بزانین کێی و بە نێوی کێوە دەتەوێ قسە بکەیت .

پیاوەکە بە دەنگێکی پڕ لەرزەو لەشێکی سەرتاپێ ئاووی عارەقەوەو دەم و چاوێکی تووڕەو خەماوییەوە گوتوویەتی :_

من نێوم قادر ابراهیم نوریە ، هەموو خەڵکی ئەم گوندە بە مام قادر بانگم دەکەن . تەمەنم شەست و پێنج ساڵەو سی و پێنج ساڵی تەواویشە کوێخای ئەم گوندەم . لەم ماوە دووروو درێژەدا گەواهی ، لە دایك بوون ، مردن ، زەماوەند ، جودابوونەوە ، خەم و شادی سەدان لە خەڵکی ئەم گوندە خۆشەویستە بووم و لە نێوانیاندا سامان ، ئەم لاوە ، هەژارە ، بێتاوانە . دەمەوێ بڵێم کە لەو کاتەوە بەرێزتان ئەم

دادگایی کردنەتان دەست پێکردووە کە نزیکەی یەك کاتژمێرە ، من بێدەنگی خۆم راگرتووە لە بارەی هەر شتێکەوە کە ئێوە فەرمووتان و ئەنجامتاندا ، تاکو لە کوشتنی کوڕە بێگوناە و بێتاوانەکەی خۆشمدا کە دووەمین کەس بوو لە لیستەکەتاندا . . .

سەرۆك دادگا گوتەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :۔

دەتەوەی چیت بۆ بکەم ، گیان بگەڕێنمەوە لەشی کوڕەکەت یا داوای لێبووردنت لێبکەم ؟

مام قادر لە وڵامدا گوتوویەتی :۔

نەخێر بەڕێز ، تۆ توانیت کۆتایی بە ژیانی کوڕەکەم و ئەوانی دیکە بهێنیت ، بەڵام تۆ خودا نیت کە بتوانیت ژیانیان بۆ بگەڕێنیتەوە ( یەکێك لە یاریدەدەرانی سەرۆك قسەکەی بڕیوەو روو لە سەرۆك ) گوتوویەتی :۔

گەورەم وا دەردەکەویت ئەم کابرایە زۆر درێژە رەوی دەکات و لەبەرەی خۆی زۆرتر پێی درێژ دەکات و دەمێکی فلْت و زمانێکی درێژیشی هەیەو بڕیار بفەرموون تا بێدەنگی بکەن .

سەرۆك دادگا بە دەست ئاماژەی بێدەنگی و چاوەڕوانکردنی پێداوە و نیشانەی بەردەوام بوونیش بە مام قادر .

مام قادر بەردەوام بووەو گوتوویەتی:-

من بێدەنگیم هەڵبژارد بەرامبەر ئەو هەموو بڕیاری کوشتنانەو تاوەکو دڵۆپێك فرمێسکیشم بۆ جگەرگۆشە بێتاوانەکەی خۆم نەڕێژا ، چونکە من باوەڕم بە خودا هەیەو چارە نووسی ئەو لاوانەش وا دانراوە کە ستەملێکراو بژین و ستەملێکراو ئەم جیهانە بە جێبهێڵن ، بەڵام من ناتوانم بەرامبەر بەمەی سامان بێدەنگ بمێنم چونکە ئەوەی بەڕێزتان لەبارەی ئەوەوە فەرمووتان راست نەبوو و هەمووی لە ئاکامی چەند زانیارییەکی ناڕاست و دروستکراوەدایە کە دراوە بە بەڕێزتان . . .

سەرۆك قسەکەی پێبڕیوە و بە توڕەییەوە گوتوویەتی:-

تۆ ، ئەی خایەن دەڵێیت کە من دادپەروەری ئەم رژێمە پیرۆزە بە هەڵەدا چووم لە بڕیارەکانمداو من درۆزنم ؟ دەزانی سزای ئەم کردەوە ناشیرینەت چییە ؟ مام قادر قسەکەی بڕیوە و گوتوویەتی:-

بەڵێ بەڕێز ، دەزانم ، زۆر چاکیش دەزانم کە گوللەباران کردنە وەکو ئەوانی دیکە ، بەڵام با بۆ بەڕێزتانی روون بکەمەوە کە من هەرگیز نەمگوت کە تۆ درۆزنی ، نە خێر هەرگیز ، بەڵام گوتم ئەوانەی کە ئەو زانیارییانەیان لەسەر سامان داوە بە بەڕێزتان راستگۆ نین و لەگەڵ بەڕێزتان و کۆمیتەکەتاندا درۆیان کردووە . لە راستیدا نە تەنها هەر من ، بەڵکو هەموو خەڵکی ئەم گوندە دەزانن کە سامان ئەوە نییە کە بەڕێزتان فەرمووتان . زۆر بە داخەوە دەم و چاوو و لەشی ئەم شێوەیان پەیدا کرد کە دەیبینن ، ئەویش ، نا لە ئاکامی تەقینەوەی کۆکتێل مۆلۆتۆڤدا وەك ئێوە فەرمووتان ، بەڵکو لە ئاکامی بەربوونەوەی کتلییەکی پڕ لە ئاووی کوڵاو بەسەر هەموو لەشیدا لە کاتێکدا لە رۆژێکی زۆر ساردو بەفراوی ئەو زستانەدا کە لێی لە دایك بوو ، بۆ ئەوەی گەرمی ببێتەوە دایکی بە تەنیشت ئاگردانێکی پڕ لە خەڵۆزدا درێژی کردبووەوە و زۆر چاکیش لە یادمە ، تەمەنی تەنها سێ مانگ بوو .

لەو چرکەیەدا مام قادر رووی کردووەتە خەڵکی گوندەکەو پرسیویەتی :-

خەڵکینە ، ئایا ئەوانەی کە من گوتم و گوێتان لێبوو راست بوون ، یا راست نەبوون ؟

هەموو ئامادە بووان بە ژن و پیاوەوە هاواریان کردووە :۔

بەڵی راست بوون .

لە هەمان کاتدا لە نێوان خەڵکەکەوە ، ژنێکی رووپۆشی رەش لەبەر ، دەم بە گریانی بەرزەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی وەشاندووە تا شوێنێك کە سەرۆك دادگا بە ئاسانی بتوانێت بیبینێت . رووی لە سەرۆك کردووەو گوتوویەتی :۔

بەڕیز من دایکی سامانم ، سوێند بە خودایەك کە دروستی کردووین ئەوەی مام قادر فەرمووی هەمووی راست و دروست بوون . بە خودای گەورە کوڕەکەی من بێگوناه و بێتاوانە و تاوەکو ئێستا ئازاری بە میشوولەیەکیش نەگەیشتووە ، چونکە لە رۆژی ئەو رووداوە ناخۆشەوە هەرگیز چاووەکانی شتێکیان نەبینیوە ، ئەوجا چۆن دەتوانێت بۆمبا دروست بکات و خەڵك بکوژێت . تکات لێدەکەم سەرۆکی دادگا بڕیار بدەن دووبارە لە پەروەندەی کوڕەکەم بکۆڵنەوەو لە هەموو خەڵکی گوندەکەشمان بپرسن و بزانن کوڕەکەم دوورە لەو تاوانانەوە کە بۆی ریکخراوە یا نا ؟

کۆڕەکـەی مـن هـەموو خـەڵکی ئـەم گونـدەی خۆشدەویت و ئەوانیش هەروا و لەوەشدایە هەر ئەمـە ، بـووبێت بـە هـۆی ئـەرێنی ( حسـودی ) کەسـێك و هەسـتابێت بـە بەرزکـردنـەوەی ئـەو زانیاریـیە ناڕاستانە لـە دژی کورەکـەم بـۆ دادگـا بەڕێزەکەتان . . .

لـەو چرکەیـەدا سـامان کـە لـە قەفەسـی تاوانبارانـدا راکـیراوەو گوێـی لـە دەنگـی دایکـی بـووە ، قسـەکەی دایکـی بـڕیوە و بـە دەنگێکـی بەرزەوە گوتوویەتی :۔

دایکـە ، دایکـە گیـان مـەگریێ ، مەناڵێنـە ، تکـا مەکـەو مەپـاڕێرەوە لـەو بکوژانـە ( سـەرۆك دادگـاو یاریــدەدەرانی تەماشــای یــەکتریان کـردووەو سـەرۆك بـە دەست ئامـاژەی بێدەنگی پێداوون ) ، دەبێ تۆ شانازی بەوەوە بکـەیت کـە کورەکـەت لـە پـێناوی نەتەوەکەیـدا گوللـەباران دەکـرێت . بۆ ئەم تاوانبارانە جیاوازی نیە کە من و ئـەوانی دیکـەش تاوانبـاربین یـا بێتـاوان و تـەنها هۆی کوشتنمان ئەوەیە کە ئێمە کوردین و هیچی تر ، هەر بۆ ئەو مەبەستەش روویان لە کوردستان کــردووەو پســوولەی کــورد کوشتنیشــیان لــە باخەڵدایـە . ئـەم مـرۆڤ کوژانـە وا دەزانـن بـە کوشتنی دە ، بیست ، سەد ، هەزار کورد دەتوانن

کورد تەواو بکەن ، بەڵام خەیاڵیان خاوەو ئێمەی کورد هەتا هەتایە هەر دەمێنین و ئەگەر تاکە کوردێکیش لە سەر گۆی ئەم زەمینەدا بمێنێت ، ئەو تاکە کوردە تۆڵەمان لەم تاوانبارانە دەکاتەوە . ئاواتەخوازم هێشتا مام قادر لێرە بێت ، ( رووی قسەکانی لە مام قادر کردووە ) تکام وایە وا بیر نەکەنەوە کەوا کەسێك راپۆرتی لەسەر من داوە بەو پیاوکوژەی کە نێوی لە خۆی ناوە دادپەروەر ، چونکە راستە من کوێرم ، بەڵام خوداوەند توانایی بیستنێکیێ زۆر بە هێزی پێبەخشیوم و گوێم لێبوو کاتێك ئەو مرۆڤەی نێوی منی دا ، بە ، بە نێو سەرۆکی دادگا ،کە لێی پرسی تاوانەکەی چییە ، مرۆڤەکە گوتی وەکو ئەوانی دیکە گەورەم و ئەم وڵامەش مانای ئەوەیە کە بێتاوانە ، ئەوجا بە نێو سەرۆك پێیگوت ، کەواتە بیهێڵە بۆ من . ئەوەش بەو مانایەیە کە دەزانێت چی جۆرە تاوانێکم بۆ دروست دەکات و پێوە دەنووسێنێت ، لە هەمان شێوە کە بۆ ئەوانی دیکەی دروستکرد . دایە گیان ( رووی قسەکانی لە دایکی کردووە ) ، دایە گوێت لێمە ، دەمەوێ بڵێم کە ئێستا من دڵم بە خۆم دەسوتی چونکە لەبەر پەککەوتووییەکەم نەمتوانی لە رابووردوودا هیچ جۆرە یارمەتییەك پێشکەش بە نەتەوەکەم

بکەم ، بەڵام لەم چرکەیەدا ، سەربەرزم بەوەی کە تا چەند خولەکێکی دیکە بڕیاری گوللەباران کردنم دەدرێ و ئەو کاتەیە کە خوێنم پێشکەشی نەتەوەکەم دەکەم و دڵنیام کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خوێنەکانی ئێمە شەپوڵ دەبەستێت و هەموو ئەم تاوانبارانە وەکو مشك رادەماڵکێنێت و دەیانخاتە زبڵدانی مێژووەوە .

کە سامان گەیشتووەتە ئەو رادەیە لە قسەکانیدا ، ئیتر سەرۆکی دادگا خۆی پێ ڕانەگیراوەو لە ئەو پەری تووڕە بوونیدا هەڵساوەتە سەر پێ و پەلاماری چەکی دەستی یەکێك لە پاسەوانەکانی داوەو بە پوورکەی چاوێك کەوتووەتە گولەباران کردنی سامان و بە دەم و چاوێکی عارەقاوییەوە گوتوویەتی:-

دەمت داخە ئەی ئاژەڵی کوێری زمان درێژ ، بەڵام ، باشترە بە دەستی خۆم بۆتی داخەم و روحە پیسەکەشت رەوانەی دۆزەخ بکەم .

سەرۆك بە تورەییەوە چەکەکەی فڕێداوەتەوە بۆ پاسەوانەکەی و لە شوێنەکەی خۆی دانیشتووەتەوە و سامانیش کتوپڕ گیانی دەرچووەو بەربووەتە سەر زەمین و خوێن لە کونەکانی شوێن گوللەکانی لەشیەوە وەکو بۆڕی کەوتووەتە فیشقە کردن ،کە دایکە هەژارو

لێقەوماوەکەی ئەو دیمەنە ترسناك و باوەڕ نەکردەنییەی بینیوە بە پەڵەو هەڵەداوێن بەرەو تەرمەکەی سامان رایکردووە تاوەکو بۆ دوامین جار لە باوەشی بگرێت ، بەڵام یەکێك لە پاسەوانەکان بەری ڕێی لێگرتووەو نەیهێشتووە بەرەو تەرمی جگەر گۆشەکەی بڕوات ، کە ویستوویەتی خۆی لە پاسەوانەکە رزگار بکات ، پاسەوانەکە پڕ بەهێزی بازووی بە قونداخی چەکەکەی کێشاویەتی بە دەم و چاوویداو کتوپڕ کەوتووەتە سەر زەمین و خلتانی خوێن بووە و پاش چەند لەقە فڕییەك ئەویش گیانی بە پەروەردگار بەخشیوەو بووە بە هاوڕێگای سامانە جوانەمەرگەکەی .

سەرۆك دادگا کە زۆر بە ئارامی لە پشتی مێزەکەی دانیشتووەتەوە ، وەك ئەوەی هیچ شتێك رووی نەدابێت و رووی لە یاریدەدەرانی کردووەو گوتوویەتی :۔

خەریك بووم دەمگوت کە ئەو پیاوە گوتەکەمی بڕی ، ( دەست بۆ مام قادر درێژ دەکات ) کە سامانە کوێر ئەو سەگەی کە تۆپی ، وایدەزانی ئەوەی کە تووشی بوو لە ئاکامی تەقینەوی بۆمبەکەدا لە نێو دەستانی خۆیداو بوو بە هۆی کوێر بوونی ، دەبێتە هۆی ئەوەش کە لە

سزاش رزگاری دەبێت و ئازادانە بۆ خۆی دەژیت ، بێئاگابوو لەوەی كە هێشتا دوو سزای دیكە چاوەروانیان دەكرد ، یەكەمیان سزای گوللە باران كردن لەم جیهانەدا كە سوپاس بۆ خودا ی گەورە كە ئەو شانازییەی پێشكەش بە من كردو بە دەستی خۆم گەیاندم بەو سزایە و دووەمیشیان سزای ئەو دونیایە كە بێگومان هەر لەو چركەیەوە كە روحە پیسەكەی دەرچوو ئەو سزایەش چەسپێنراوە بە سەریداو ئێستا لە دەریای ئاگری دۆزەخدا خەریكی مەلەوانییەو هەتا هەتاشە هەر لەوێدا دەمێنێتەوە .

مام قادر كە لە كاتی ئەو رووداوانەدا حەپەساوو واق وورماو لە شوێنەكەی خۆیدا ووشك راوێستابووە ، هاتووەتە هۆشی خۆی و پشتی لە مێزەكەی سەرۆك كردووە و هەنگاوی وەشاندووە بۆ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ شوێنەكەی خۆی ، بەلام كە سەرۆك بینیویەتی و بۆی دەركەوتووە كە بە تەمای گەرانەوەیە ، بە دەنگێكی بەرزەوە پێی گوتووە :-

هێی ، بۆ كوێ دەرۆی ؟ لە شوێنەكەی خۆت راوێستە ، هێشتا كارم لەگەڵ تۆدا تەواو نەبووە .

مـام قـادر کـە ئـەوەی گـویٚ لیٚبـووە ، لـە شـوێنەکەی خۆیـدا بـە بێجولـە راویسـتاوە و تەماشای دەمی سەرۆکی کردووە .

سـەرۆك بـەردەوام بـووە لـە قسـەکانیدا لـە سـەر سـامان و سـەری بـە راسـت و چەپـدا سوڕاندووەتەوەو لە یاریدەدەرەکانی پرسیوە :ـ

لـە ئاکامـدا و بـە گـوێرەی ئـەو بەڵگـە زیندووانەی کە لە سەر لەشە بۆگەنەکەی سامانە کـوێردا بـە دیـدەکرێت ، بـە نێـوی خـوداو یاسـا پـیرۆزەکەمانەوە ، مـن سـەرۆکی ئـەم دادگایـە پێشـنیاز دەکـەم کـە سـزاکەی گوللە باران کـردن بێت بە ئاشکراو لە بەر چاووی خەڵکدا ، ئەوجا دەمـەویٚ رای ئێـوەی بـەڕێزیش لـە سـەر ئـەم پێشنیازە بزانم و ببیستم .

هـەردوە یاریدەدەرەکـەی پـێکڕا گوتوویانە :ـ

بێگومـان ئێمـەش ئـەم پێشـنیازە راسـت و دروسـتەی بـەڕێزتان پەسـەند دەکـەین و دەیسەلمێنین .

ئـەوجا سـەرۆك دادگـا ئـەو پـەروەندەیە داخسـتووە کـە لەبـەر دەسـتیدا بـووە و گوتوویەتی :ـ

سوپاس بۆ خودا سامانی تاوانبار گەیشت بە سزای رەوای خۆی .

لەو چركەیەدا یەكێك لە یاریدەدەرانی دەمی ناوە بە گوێی سەرۆكداو دەست نیشانی بۆ تەرمەكەی دایكی سامان كردووەو پرسیویەتی :۔

ئەی ئەو ژنە چی ، نێوی تۆمار بكەین لە دەفتەرەكەماندا یا نا ، گەورەم ؟

سەرۆك لە وڵامدا گوتوویەتی :۔

چاوەڕوانی بڕیارەكەی من بن ئەوجا نێوی تۆمار بكەن . تەماشای تەرمەكەی دایكی سامانی كردووە و لە پاشان تەماشای ڕێكخەری بەرنامەكان و پرسیویەتی :۔

نێوی ئەو ژنە تۆپیوە چییە ؟

ڕێكخەرەكە لە وڵامدا گوتوویەتی :۔

گەورەم ببوورە ، نێوی لە لیستەكەماندا نییە ، چونكە وەك بەڕێزتان ئاگادارن لە لایەن ئێمەوە دەستگیر نەكرابوو بەڵكو خۆی لە نێوان خەڵكە راویستاوەكانەوە هاتە دەرێ .

سەرۆك دادگا دیسانەوە تەماشای ڕێكخەرەكەی كردووەو گوتوویەتی :۔

باشە ، تێگەیشتم ، بەڵام چاوەڕوانی چیت ، بۆ ناڕویت و پەیدای بكەیت ؟

ڕێكخەرەكە لە وڵامدا گوتوویەتی :۔

بەڵێ گەورم بە سەرچاوو . ئەوجا رووی لە خەڵکانی بە زۆر ئامادەکراو کردووەو بە دەنگێکی بەرزەوە پرسیویەتی:ـ

کەسێ نێوی ئەو ژنە تۆپیوە دەزانێ ؟

هیچ کەسێك لە ئامادەکراوان نە تەنها وڵامی ڕێکخەرەکەیان نەداوەتەوە بەڵکو کەسیش نە تەماشای ئەو نە سەرۆك دادگاشیان کردووەو پێکرا چاوویان بڕیوەتە تەرمەکەی دایکی سامان .

ئەوجا سەرۆك خۆی بە دەنگێکی بەرزەوە و لە مام قادری هێشتا لە شوێنەکەی خۆیدا راویستاوی پرسیوە :ـ

تۆ ،کوێخای گوند ، نێوی ئەو ژنە چییە ؟

مام قادریش وەکو ئەوانی دیکە ، وڵامی نەداوەتەوەو ئەویش چاووی بڕیوەتە تەرمەکەی دایکی سامان .

سەرۆك دادگا زۆر ئارام لە بەر خۆیەوە گوتوویەتی :ـ

زۆر چاکە ، وا دەردەکەوێ کە کەس ئەو ژنە ناناسێت . ئەوجا تەماشایەکی یاریدەدەرانی کردووە و لە پاشاندا روو لە ڕێکخەرەکەو فەرمانی پێداوە کە لە دەفتەرەکەیدا بنووسێت:ـ

لە کاتێکدا سەرۆکی دادگاو یاریدەدەرانی خەریکی دادگایی کردنی مەترسیدارترین تاوانباری ناوچەکە بە نێوی سامان محمد علی و نێونازی سامانە کوێر بوون ، لەو کاتەدا ، ژنێك لە نێوان خەڵکەکەوە سەری دەرهێناو بە گریان و ناڵەو بە کوردی جنێودان بە دەوڵەت و دادگاو رژێم و سەرۆك دادگاو یاریدەدەرانی بەرەو مێزی سەرۆکایەتی دادگا کەوتە هەنگاو وەشاندن و خۆی وەکو دایکی سامانە کوێر ناساند ، ئەگەرچی تاکو تاکە کەسێکیش لە دانیشتووانی گوندەکە نەیاندەناسی و پاش ئەوەی بە نێو کورەکەی بە سزای تاوانەکانی خۆی گەیشت و گولله باران کرا ، ئەو ژنە لە ناکاودا هێرشی بردە سەر یەکێك لە برا پاسەوانەکانی ئێمە بۆ ئەوەی چەکەکەی لە دەست دەربهێنێت و سەرۆکی دادگاو یاریدەدەرانی و خودا دەزانێ چەندین بێگوناهی دیکەش گولله باران و شەهید بکات ، بەڵام بە یارمەتی خودای گەورەو ئازایەتی و بە هێزبوونی ئەو پاسەوانە ، تەقەللای ژنەکە سودی پێنەبەخشی و براکەمان لە کاتی پارێزگاری لە خۆو ئێمەی ئامادە بوواندا ، بە قۆناخی تفەنگەکەی پالێکی بە ژنەکەوە ناوو پێیخلیسکاو خۆی پێرانەگیراو بە سەردا بەربووە

سەرزەمین و لە ئاکامدا روحە پیسەکەی دەرچوو بەرەو دۆزەخ رۆیشت و بە سزای رەوای خۆی گەیشت بە بێئەوەی کەسێك دەستی لە کوشتنیدا هەبێت .

پاش لێکۆڵینەوەیەکی بە پەلەو پاك و خاوێن و راستپەروەرانەو بێ لایەنانە بۆ دادگا ئاشکرابوو کە ئەو ژنە هەمان ئەو کەسەیە کە لە بارەگای نێو چیاکانی پێشمەرگە تاوانبارەکانەوە چەك و تەقەمەنی و نووسراوەی دژ بە رژێم دەهێنێت و دابەشی دەکات بە سەر تاوانبارەکانی نێو گوندو شارەکاندا بۆ بە کارهێنانی دژ بە هێزەکانی ئێمە و هەر ئەویش بووە سەرچاوەی سەرەکی بۆ هێنانی ئەو بۆمباو تەقەمەنییانەی کە تەقیوەتەوە بە سامانە کویری بە نێو کورپیدا .

لە ئاکامدا فەرمانی رەوای خوداوەند و راستی و دروستی و پاکی ئاینزاکەمان وایکرد کە ئەو تاوانبارە بگات بە سزای خۆیی و روحە پیسەکەی رەوانەی شوێنی شایستەی خۆی بکرێت کە ئاگری دۆزەخە ، بەر لەوەی دادگا بڕیاری خۆی لەسەر دەربهێنێت و ئەم رووداوە باشترین بەڵگەیە کە خوداوەند ئاگاداری رەفتارو کرداری هەموو کەسێکەو پشتووانی

بەهێزو بتەوو راستەقینەی ئیمەو ئاوات و مەبەست و ئارمانی ئێمەیە .

پاش ئەوە دیسانەوە سەرۆك تەماشای یاریدەدەرانی کردووەو گوتوویەتی :_

پاش ئەو هەموو بەڵگە زیندووانەی کە بە چاووی خۆمان بینیمان و هەروەها لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتییەی کە ئەنجام درا لە بارەی ئەو ژنە تاوانبارەوە ، من سەرۆکی ئەم دادگایە پیشنیاز دەکەم کە سزای اعدامی بە سەردا بچەسپێندرێت (گوێ نادات بە هەراو هوریاو دەنگە دەنگی خەڵکانی لەوێدا ئامادە ) ئایا ئێوەی بەڕێز ئەم پێشنیازە پەسەند دەفەرموون ؟

هەردوو یاریدەدەرەکە کتووپڕوو بە بێ بیرکردنەوە لە وڵامدا پێکرا گوتوویانە :_

بەڵێ گەورەم پەسەندە و بڕیارێکی رەوایە .

ئەوجا رێکخەرەکە پەروەندەیەك کە گوتەکانی سەرۆکی تێیدا تۆمار کردووە ، خستوویەتیە بەردەستی سەرۆك و یاریدەدەرانی و لە پێشدا سەرۆك و پاشان یاریدەدەران مۆرو واژوویان کردووەو سەرۆك گوتوویەتی :_

سوپاس بۆ خودای گەورە کە ئەو تاوانبارە بەر لە بڕیارە رەواکەی ئێمە گەیشتە سزای تاوانەکانی .

پاش ئەو گوتانە سەر ۆك بەروە پاش رووی وەرگێڕاوەتەوەو بە یەکێك لە پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی گوتووە :_

برۆ بە چەند کەسێك لە براکانمان بڵێ کە لاشەی ئەو ژنەو مەلا ووسمانیش راکێشن و فڕییاندەنە پشتی یەکێك لە لۆرییەکانەوە تا لە گەڵ خۆماندا بییانبەین چونکە نامەوێ پاش رۆیشتنمان سەرئێشەمان بۆ درووست بکەن و لە پاشاندا دەڵێم چییان لێبکەن .

مام قادر هێشتا هەر لە شوێنەکەی خۆیدا ووشك لەسەر پێ واق وورماوو هەناسە بڕاو لە چاوەڕواندا بووە ، سەرۆك دادگا تەماشای کردووەو گوتوویەتی :_

چاکە ، چاکە ،کوێخای بەرێزی گوند . ئایا تۆ بەراستی بەڕێوەبەری گوندەکەی یا بەڕێوەبەری تروریستە مرۆڤ کوژەکان ؟ تۆ چۆن کوێخایەکی کە نێوی ئەندامانی گوندەکەت نازانی ؟ یا دەتەوەی نێوەکانیان بە نهێنی رابگریت ، وەکو راگرتن و شاردنەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە رۆژانە لە چییاوە دێنە نێو گوندەکەوە تا لێرەوە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هێرش بردنە سەر براکان و سەربازە پاڵەوانەکانمان ؟

لــە کاتــی قســەکردندا چــاووی بڕیوەتــە پــەروەندەیەك کــە لــە بــەر دەســتیدا بــووەو یەکــە یەکــە لاپــەڕەکانی هەڵداوەتــەوە ئــەوجا دووبــارە رووی کــردووەتە مام قادرو گوتوویەتی :_

قــادر ابــراهیم نــوری کوێخــای گونــد ، بــە شــێوەیەك کــە پــەروەندەکەت پیشــان دەدات تــۆ کــەم تــاوانتر نیت لــەو تاوانبارانــەی کــە بــە ســزای رەوای خۆیــــان گەیشـــتن ، ئەگــــەر تاوانبــــارترو ترسناکتر نەبیت . من یەکــە یەکــە تاوانەکانت بۆ دەژمێــرم و کــە لێبوومــەوە تــۆ مــافت هەیــە قســە بکـــەیت و بڵــێیت کامـــەیان راســـتەو کامـــەیان هەڵەیــە ، بــەڵام تــا رادەیــەك کــە مــن دەزانم و شــارەزایانم ئەنــدامانی لیژنــەی لێکۆڵینــەوەمان هەرگیز هەڵە ناکەن و هەمیشە راست و رەوان لە کارەکانیانــداو بــە شــێوەیەکی راســت پــەروەرانە پێسپاردەکان ئەنجام دەدەن . ( مام قادر بێدەنگ گوێ رایەڵی گوتەکانی سەرۆکبووە بە بێ ئەوەی ووشەیەکی لە دەم دەربچێت ) . سەروك بەردەوام بووە و گوتوویەتی :_

ئەمــڕۆ لــە بــەر چــاووی هەمووانــدا بــە بــێ پەردەو زۆر کــراوەو ئاشکــراو بە بێ تــرس هەوڵتدا کــە پــەردەیەکی زۆر ئەســتوور داپۆشیت بــە ســەر کــردەوە تــروریســتانەکانی تــرســناکترین تــاوانبــاری

ناوچەکەدا کە نێوی سامانە و کە بە یاری خودا بە سزای تاوانەکانی خۆی گەیشت و بێگومان ئێستا روحە پیسەکەی لە هەڵبەزوو دابەزدایە لە نێو گڕی ئاگری دۆزەخدا . هەروەها تۆ باوکی پیشمەرگەیەکی تاوانباری دیکەی کە ئەویش تاوانەکانی سەلمێندراو گەیشت بە سزای تاوانەکانی کە کارکردن بوو لە دژی رژێمەکەمان و ئایینە پیرۆزەکەمان . تۆ نوێنەری فەرمی رابەڕی گەورەترین و مەترسیدارترین دەستەی تروریستانی ناوچەکەی و تۆ مێشکی خەڵکی ناوچەکە بە تایبەت لاوان ، دەشۆیتەوەو هانیان دەدەیت بۆ کارکردن لە دژی ئێمەو رژیمەکەمان . تۆ هەمان کەسیت کە چەك و تەقەمەنی و پارەو دەواو دەرمان و ئازووقە کۆ دەکەیتەوەو رەوانەی دەکەیت بۆ پێشمەرگە یاخییەکان لە چییادا . ئەمرۆش لە بەر چاووی من گەورەترین دادپەروەری ئەم وولاتەو یاریدەدەرانم زۆر بێشەرمانە ئێمەت بە درۆزن و ستەمکارو بڕیاری ناڕەوا دەرهێنەر لە قەڵەمدا بە تایبەت لە سەر تاوانباری تۆپیو سامانە کوێر . بێگومان زۆر تاوانی دیکەشت هەیە بەڵام من نامەویت بە درێژی باسیان بکەم و کاتی بە نرخی دادگایان پێ بکوژم چونکە هێشتا زۆر کارمان بە

دەستەوەیەو دەبێت ئەنجامیان بدەین . لە ئاکامدا ، تۆ قادر ابراهیم نوری ئەم تاوانانەی کە لە لایەن منەوە خوێندرایەوە ، پەسەند دەکەیت و دانیان پێدا دەنێیت ، یا نا ؟

مام قادر سەری بەرز کردووەتەوەو بە دەم و چاوێکی پڕ لە زەردەخەنەوە و زۆر بە ئارامی گوتوویەتی :_

ئایا ولّام دانەوەی من هیچ شتێك لە بابەتەکەو بڕیاری دژ بە من دەرچووی دادگا بە نێو راستپەروەرەکەتان دەگۆڕێت ؟ من وا بیر ناکەمەوە کە شتێك بگۆڕێت ، بەلّام ، تۆ و یاریدەدەرانت و تاکە تاکی ئەندامانی لەشکرەکەت و هەموو خەلّکی گوندەکەم زۆر چاك دەزانن کە بەر لەوەی من لەگەلّ خەلّکانی دیکەدا بە زۆر بهێندرێینە ئێرە بۆ چەپلّە لێدان و دەست خۆشی کردن لە گرۆپی تیربارانکار هەر کاتێك کە رۆلّەیەکی بێتاوان لە رۆلّەکانمان گوللە باران دەکەن و دلّ و مێشکییان دەپێکن ، من نە پەروەندەیەکم لە بەر دەستی تۆداو لەسەر مێزەکەت هەبوو و نە نێوم لە لیستەکەتاندا و نە کەسێکتان دەتانزانی من لێرەم و لە نێو خەلّکەکەدام یا من کێم و نێوم چییەو چی کارەم . ئەوەی سەری لێدەرناهێنم ئەوەیە کە ،

چـۆن وا بـە پـەلە ئـەو پـەروەندە زل و زەبەلەحـە لەسـەر مـن دروسـت کـراو لـە بـەر دەسـتی تـۆو لـە سەر مێزەکەت دانـرا ؟ بەڵام خـۆت مانـدوو مەکـە بـۆ وڵام دانـەوەی ئـەو پرسـیيارەم چونکـە خـۆم وڵامـی تـەواوو ریـك و پـێکم بـۆی هەیـە . ئـەو پـەروەندەیەی بـەر دەسـتت لـە هیـچ شـوێنێکەوە نەهاتووەو دەتوانم بێڵێم و بیسـەلمێنم تـاکو تاکـە ووشەیەکیشـی لەسـەر مـن تێـدا نیـەو ئـەوەی کـە گـوتتـان و ژماردتـان دژ بـە مـن هـەمووی دروسـت کـراوەی خۆتـان بوو و کـەسـی دیکـە ئاگـای لێیـان نییـە تـاکو یاریدەدەرەکانیشـت ، بـە تـەواوی وەك ئـەو تاوانانـە وایـە کـە نووسـاندت بـە سـامانی هەژارو دایکی و مامۆستا مـەلا وسمـان و ئەوانی دیکەشـەوە ، چونکـە لـەم مـاوە کورتـەدا کـە ئێمـە لێرەدا راوێستاوین ، دەرکـەوت کـە تـۆ گـەورەترین درۆزنـی و پسپـۆری لــە دروسـتکردنی تاوانـی باوەڕنەکراودا بۆ خـەڵکانی بێگوناه و بێتاوان ، تا ڕادەیەك دەتـوانم بڵـێم تـاوەکو ئێسـتاو بـە دریـژی ئـەم تەمەنـەی کـە پـێی گـەیشتووم ، نـە بینیومـەو نـە بیستوومە کە لە سەر تاسەری جیهاندا کەسێکی دیکـە لـە وێنـەی تـۆ فیڵـزان هـەبێت یـا بـووبێت . بەڵام با بگـەڕێمەوە بۆ پرسیيارەکەت ، من دەڵێم هیـچ یـەکێك لـەو تاوانانـەی کـە ژمـاردت راسـت

نییەو وەك گوتم درووستکراوەی ئەم خولەکانەی بیری خۆتانە و ئیتر هیچی دیکەم نییە کە بیلێم .

سەرۆك دادگا وەکو هەمیشە زۆر بە ئارامی سەری بەلای راست و چەپدا سوڕاندووەتەوەو پاش گوتوبێژێکی چەند چرکەیی لەگەڵ یاریدەدەرەکانیدا دووبارە رووی لە مام قادر کردووەو گوتوویەتی :_

قادر ابراهیم نوری ، لەبەر ئەو هەموو تاوان و خیانەتانەی کە لە رابووردوودا ئەنجامت داوەو ئەو درۆیانەی کە ئەمڕۆ لەبەر چاووی ئێمەدا کردت لە گوتارەکەی دواییتدا ، ئێمە ئەندامانی ئەم دادگا بەڕێزو راستپەروەرە بڕیارمان دا کە سزای ئەو تاوانانەت کتووپڕ گوللە باران کردنەو ئەم بڕیارەش بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری تێدا ئەنجام نادرێت .

دەنگەدەنگی نارەزایەتی لە نێو خەڵکەکەدا بەرزبووەتەوە بەڵام کەس نەیتوانیوە بە ئاشکرا دژ بە بڕیارەکە راوەستێت و خۆی پیشان بدات چونکە هەستان بەو کارە یانی خۆ سپاردن وەکو ئەوانی دیکەی بێتاوان بە تیپی گوللە بارانکار .

لەو کاتەدا مام قادر رووی وەرگێڕاوەتەوە بەرەو خەڵکەکەو گوتوویەتی :_

تکایە بێدەنگ بن . خەڵکانی بەڕێزی گوندەکەم ، هاوڕێیانم ، خزم و کەسانم ، ئەندامانی خێزانەکەم ، گوێی پێمەدەن و خەم مەخۆن و دڵی خۆتان تەنگ مەکەن ، ئەمە چارە نووسی منە ، دەبێ بەدەستی ئەم خودانەناسانە بکوژریم (ئاماژەی بۆ سەرۆك و یاریدەدەرانی کردووە ) ، ئێوە هەمووتان زۆر چاك من دەناسن و هەمیشە سەربەرز بووم بەوەی کە بۆ ئێوەی خۆشەویستم دەکرد ، لەو سی ساڵەی رابووردوودا ، بەڵام ئەمرۆ سەربەرزی و شانازیم بەوەوەیە کە لە پێناوی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەمدا دەمرم . بژی کورد ، بژی کوردستان ، مردن و رووڕەشی بۆ داگیرکەران ، مردن و سەرشۆڕی بۆ تاوانباران و بکوژانی راستەقینە کە ئەمانەن (ئاماژەی بۆ سەرۆك دادگاو یاریدەدەرانی کردووەو دیسانەوە رووی بەرەو سەرۆك وەرگێڕاوەتەوە ) و گوتوویەتی :-

من ئامادەم .

سەرۆك بە سەر فەرمانی داوە بە پاسەوانەکان کە بیبەن . دوو کەس لە پاسەوانە تایبەتیەکان بەرەو مام قادر رۆیشتوون و باڵیان گرتووەو بەرەو شوێنی گوللەباران کردن بردوویانە . ئەندامێکی تیپی گوللە بارانکار

هاتووەو لە پشتەوە دەستەکانی مام قادری بە گوریس پێکەوە بەستاوەتەوەو کاتێك یەکێکی دیکەیان ویستوویەتی چاووی داپۆشیت ، مام قادر ئەوەی نەویستووەو نەیهێشتووە چاووەکانی ببەسترێن و گوتوویەتی :-

پێویست بەوە ناکات ، ئێمەی کورد هەرگیز لە مردن نەترساوین . پێم خۆشە دەم و چاووە شادەکەم لە لایەن هەموو کەسێکەوە ببینرێت بە تایبەت کیژو کوڕانی لاوو منداڵ تا لە ئێستاوە فێری وانەی خۆڕاگرتن و بەرانگاکردن بن ئەگەر رۆژێك هەمان رێگای ئێمەیان گرتە بەر ،کە گومانم نییە زۆربەیان دەیگرن .

دوای ئەو گوتانە مام قادر بە دەنگێکی بەرز بە زمانی کوردی شایەتمانی خوێندوە کە گوتوویەتی :-

گەواهی دەدەم کە جگە لە الله خودایەکی دیکە نیەو محمدیش پێغەمبەری خودایە .

کە تەواو دەبێت تەماشای رابەری تیپەکە دەکات و بە چاوو ئامادەیی خۆی ڕادەگەینێت و بە ووشەش دەڵێت :-

من ئامادەم .

رابەرەکەش فەرمانی گوللە باران دەدات و مام قادریش کتوپڕ دەچێتە ریزی شەهیدانەوە .

ئەوەی کە باسکراو گوتراو بیسترا لەبارەی رووداوەکانی ئەو رۆژە خوێناوییەوە ، بە لایەك ، درندانەترین و بێویژدانانەترین و دوور لە مرۆڤایەترین رووداو کە بەسەرهاتەکەی نەسرینی پێنج مانگە سکپرو جوانترین کیژی ناوچەکەو مێردە پەککەوتووەکەیەتی ، لە لایەکی دیکەوە .

شایانە بەرلە دەست پێکردن بە باسکردنی بە سەرهاتەکەیان بگوترێت کە ، نەسرین و فەرهادی مێردی ئامۆزابوون . نەسرین تەنیا یەکساڵ لە فەرهاد منداڵتر بووە . ماڵەکانیشیان زۆر لە یەکترەوە نزیك بوون چونکە وەك باوە لە گوندەکانی کوردستاندا باب و کوڕ ، براو ئامۆزاو پوورزاو خزمان و هاوڕێیانی نزیك ، خانووەکانیان لە نزیکی یەکترەوە دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستداو لە تەنگانەو خۆشی و ناخۆشیدا بڕۆن بە هاوارو هانای یەکترداو بە پەلە فریای یەکتر بکەون .

فەرهاد بە بێدەست و باڵ لە دایك بووە ، ئەو رووداوە بووە بە هۆی ئەوەی کە لە باری دەروونییەوە ، ژیانێکی بە بێئەندازە ناخۆشی هەبێت . تەنیا بیری لێبکەنەوەو بیهێننە بەرچاوان کە ژیان چەند سەخت تێدەپەڕێت بەبێ دوو دەست و دوو باڵ ، بە تایبەت کاتێك کە مرۆڤ

گــــەورەتر دەبێـــت و لـــە ژیـــان و ئـــەرك و پێویستییەکانی تێدەگات و بۆی دەردەکەوێت کە دەست و باڵ لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی لەشی ئادەمیزادن .

کاتێك کە فەرهاد گەیشتووەتە تەمەنی سێ یا چووار ساڵی ، بە یەکجار خۆی لە منداڵانی دیکـــەی دەوروبـــەرو گـــەڕەك و گونـــد ، دوور خســـتووەتەوەو ژیانـــی تـــەنیاییی بـــۆ خـــۆی هـەڵبژاردووە . بـۆ ئـەو هەڵوێستەشـی دەکرێـت چەند بۆچوونێك بژمێردرێت لەوانە ، ناتەوانی لە بەشدار بوون لە گەڵیاندا لە یاریکردندا ، ترسان لەوەی گاڵتەی پێبکەن یا تانەی پەککەوتوویی لێبدەن چونکە منداڵ هەر چەندە لە یەکدیشەوە نزیك بن بەڵام لە کاتی تووڕە بووندا شەڕو قسەی خۆیان هەر دەکەن و بیر لە دڵشکان و رەنجدانی لایەکەی دیکە ناکەنەوە و ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لە تەمەنی منداڵیدا .

دیاردەیەکی دیکەش کە شایانە بگوترێت ئەوەیـە کـە تـەنیا کەسـێك کـە یـاری لەگەڵـدا کـردووەو بە هاوڕێ هەڵیبژاردووە و دڵشاد بووە بە یارمەتییەکانی ، نەسرینی ئامۆزای بووە .

نێوانی ئەو دووە گەیشتووەتە رادەیەك کە زۆرجار نەسرین بە شەوانیش لە ماڵی مامی یانی

بابــی فــەرهاد ماوەتــەوە بــۆ نووســتن و تــا وەختێکــیش کــە مانــدوو بــوون وخــەویان لێکـەوتووە ، پێکەوە یارییـان کـردووەو نەسـرین نەیهێشـتووە لـەو کاتانـەدا لـە خـۆی بـەولاوە کەسـێکی دیکــە یارمــەتی بــدات و خــواردن و خوواردنەوەی بە دەمدا بکات .

ئەو نێوان گەرمییە وایکـردووە کـە هەندێك لە دەوروبەران وا بیربکەنەوە کە فەرهاد بووە بە ئامرازێکــی یــاری بــۆ نەســرین و خــۆی پــێوە سـەرگەرم کـردووە بـەڵام لـە راستیداو وەك لـە ئاکامــدا دەرکــەوتووە ، ئەوپــەری دڵســۆزی و بــەزەیی و خۆشەویســتی بــووە کــە پــاڵی بــە نەسرینەوە ناوە کە بەو شێوەیە رەفتارو کرداری لەگەڵدا بکات .

پـەیوەندی نێوان نەسـرین و فـەرهاد رۆژ بـە رۆژ لەپەرەسـەندندا بـووەو وای لێهـاتووە بـە بـێ یەکتر نەیانتوانیوە کاتەکانیان بەسەر بەرن .

کە نەسرین گەیشتووەتە تەمەنی شەش ساڵی وەکو قوتابی گوێگر لە قووتابخانەی گوندەکەدا نێوی تۆمار کراوە چونکە لەوە سەردەمەدا منداڵ دەبوایە تەمەنی حەوت ساڵان بێت تا بە شێوەی قوتابی فەرمی وەربگیردرێت . لە بارەی فەرهادەوە لە تەمەنی شەش ساڵیدا ،

بە هۆی گرفتەکەیەوە ، نە باب و داکی ونە مام و مامو ژنی کە باب و داکی نەسرین بن ، بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە لە قوتابخانەی تۆمار بکەن ، چونکە بە بۆچوونی خۆیان قوتابخانە یانی فێری نووسین و خوێندن بوون و ئەوێك کە هەردوو دەست و باڵی نەبێت ئیتر چی کەڵکێك لە چوونە قوتابخانە وەردەگرێت ، ئەگەرچی تاکو بەرێوەبەری قوتابخانەکەش پێشنیازی ئەو کارەی کردووە بەڵام نە خێزانەکەی و نە خۆی لایان پەسەند نەبووەو نەچوونەتە ژێر بارییەوەو حەزیان لێنەکردووە ، بێگومان حەزنەکردنی خۆی لە ترسی ئەوە بووە کە نەوەکو منداڵان گاڵتەی پێبکەن و پێی پێبکەنن هەر بەو شێوەیەی کە لە منداڵییەوە لە کاتی یاری کردندا لە کوچەو کۆڵاناندا پێیان کردووە . ترسی ماڵەوەشیان لە بەر ئەوە بووە کە نەوەکو منداڵان ئازاری بدەن و ئەوەش ببێتە هۆی رەنجێکی قوولی دەروونی بۆی و هەتا هەتایە لە بیری نەچێتەوە . بەڵام سرنج راکێشەر ئەوەیە کە نەسرین کارێکی وایکردووە کە هەموو ئەو بۆچوون و ترس و تەلەسمانە لە نێو بچێت بشکێندرێت ، هەم لای فەرهادو هەم لای خێزانەکانیان ، ئەو کارەش لە رۆژێکەوە دەستی پێکردووە کە هەردووکیان پێکەوە

یاریان کردووەو نەسرین نەخشەی کێشاوە کە لە ڕێگای وەرزشەوە و باسکردنیش لە ڕووداوەکانی نێو قوتابخانە ، هانی فەرهاد بدات بۆ حەز لە قوتابخانە کردن و نێو خۆ نووسین ویەکێك لە ڕۆژەکانیش لە فەرهادی پرسیوە :_

فەرهاد ، بۆچی نایەیت تۆش وەکو من لە قوتابخانە نێوت بنووسی و لەویشدا هەر پێکەوە بین ، هەم فێری خوێندن ببین و هەم پێکەوە یاریش بکەین و زۆرتریش پێکەوە بین و لە یەك دانەبڕیین . وەکو هەمیشە فەرهاد ئەوهۆیانەی بە پەنجەکانی ژماردووە کە لەوەو بەر باسیانی کردووە بەڵام ئەو جارەیان خاڵێکی تازەشی خستووەتە سەر و بەم جۆرە لە بارەی ئەو خاڵەوە پرسیاری کردووە :_

نەسرین ، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسم کرد خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگَ هەیە کە ڕێبەستی سەرەکییە لە پێشمدا بۆ ئەوەی نەیەم بۆ قوتابخانە ئەویش ئەوەیە کە ئایا لەویدا خوێندن بە زمانی کوردییە یا نا ؟

نەسرین کتوپڕ لە وڵامدا گوتوویەتی :_

نەخێر بە کوردی نییە .

فەرهاد بە بێ بیرکردنەوەیەکی دووروو درێژ گوتوویەتی :_

کە وابێت ئیتر من هەرگیز ناتوانم لەوێدا ببم بە قوتابی چونکە من تەنیا زمانە کوردییەکەی خۆمان دەزانم .

نەسرین بۆ ئەوەی فەرهاد بێ ئومید نەبێت ، گوتوویەتی :-

ئەی بۆچی من ئەو زمانەی ئەوێ دەزانم ؟ بەڵام دەڕۆم و ووردە ووردە وەکو ئەوانی دیکە فێری دەبم و تۆش بە هەمان شێوە . باوڕ بکە منداڵی ئەوتۆی تێدایە وەکە بولبل بە زمانی خوێندنەکەمان قسە دەکات .

فەرهاد لە کاتێکدا چووەتە بیرێکی قوولەوەو بێدەنگی نەسرین گەڕاندوویەتیەوە هۆشی خۆی و پرسیوویەتی :-

نازانم بۆچ وایە ، خەڵکی گوندەکەمان ، هەموو کوردین ، مامۆستاکان هەموو لە خزم و کەسەکانی خۆمانن و هەموو کوردن ، ئەی بۆچی دەبێ ئێمە بە زمانێکی دیکەی جیاواز لە زمانەکەی خۆمان وانە بخوێنین و بنووسین ؟

نەسرین ، کتووپڕ لە وڵامدا بە سادەییەکی منداڵانەوە گوتوویەتی :-

چونکە ئەگەر گەورە بووین و بۆ کارکردن چووین بۆ شارە گەورەکان ، بە ئاسانی بتوانین لەگەڵ خەڵکدا قسە بکەین ئەگینا کارمان

دەست ناکەویت و گوندەکەی خۆشمان بچووکەو ئیش و کاری زۆری تێدا نییەو وەك دەبینی گەنجەکان ئەوانەیان کە نەچوونەتە قوتابخانە بێ ئیش و کارن و لە هاویناندا لە سێبەری دارو دیوارەکاندا دادەنیشن و لە زستانانیشدا یا دەنوون یا خۆیان دەئاخێننە نێو مزگەوتەکەوە بۆ گوێ گرتن لە گوتارەکانی مامۆستا مەلا ووسمان .

ئەوجا فەرهاد گوتوویەتی :-

باشە خۆ من جاروبار گوێم لێدەبێت بابە دەڵێت ، من دەڕۆم بۆ شارو دەشبینم کەلو پەل دەبات و شت و مەك دەکڕیت و دەیانهێنێتەوە بۆ گوندو لە کوردیش بەولاوە ووشەیەك لە زمانێکی دیکە نازانێت .

نەسرین ووڵامی داوەتەوەو گوتوویەتی :-

ئەی بۆچی نازانی شاری گەورە گەورەشمان هەیە کە خەڵکەکەی کوردن ، بەڵام لەویشدا زمانەکە تەنیا کوردی نییەو خەڵکەکەش هەر بە زمانێکی دیکە لە قوتابخانە فێری خوێندن و نووسین دەبن .

فەرهاد قسەکەی نەسرینی بڕیوەو پرسیویەتی :-

دەزانم ، دەزانم ، بەڵام بۆ ، بۆ وابێت ؟

نەسرین بە نیشانەی دەست و شان و زمان گوتوویەتی:-

بە خودای فەرهاد منیش نازانم ، بەڵام ئەگەر تۆ خۆت تۆمار بکەیت و بە فەرمی ببیت بە قوتابی ، ئەوکاتە دەتوانیت ئەم پرسییارانە لە مامۆستاکان بکەیت و لەوەشدایە لە رۆژێکدا بکرێت رێچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوەو ئیتر بەم شێوەیە نەبێت کە ئێستا هەیە ، بەڵام دەبێت کەسانێك وەکو تۆ هەبن خەمی لێبخۆن و بە دڵەوە هەوڵی بۆ بدەن ، بەڵام ئەگەر تۆ و خەڵکانی دیکەش هەر لە ماڵەکانی خۆیاندا باسی لێبکەن و قسەکانیان لە دەرگای ماڵەکانیان بەولاوە نەگاتە شوێنێکی دیکە ، ئیتر چۆن ئەو گۆڕانکارییانە دێنە بوون ؟ ئایا باشتر نییەخۆت ببیت بە قوتابی و ئەو هەنگاوە لە تۆ و لە قوتابخانەی گوندەکەی ئێمەوە دەست پێبکات .

لەگەڵ ئەو قسانەدا نەسرین بە دیقەتیش تەماشای دەم و چاووی فەرهادی کردووە و بۆی دەرکەوتووە کە فەرهاد کەوتووەتە بیرێکی قوولەوەو قسەکانی بە راست زانیوە و شلبوونێکیشی لە هەڵوێستەکەیدا بە دیکردووە ، چونکە کە لەوەوبەر کاتێك گوێی لە نێوی خۆ

تۆمارکردن بووە کتووپڕ هەڵهاتووە و نەیویستووە لەو بارەوە کەس گفتووگۆی لەگەڵدا بکات ، بێدەنگییەکەی لە بیری نەسریندا سەرکەوتنێک بووەو لە ترسی ئەوەی نەوەکو قسەی زۆرتر کردن لە سەر ئەو خاڵە تووشی هەڵەی بکات و نەخشەکەی ئاشکرا ببێت ،کتوپڕ بیری لە پلانی داهاتووی کردووەتەوە کە ئەویش هاندانی بووە لە ڕێگای وەرزشەوە ، بەو هۆیەوە بێدەنگییەکەی فەرهادی شکاندووەو گوتوویەتی :۔

زۆر بیری لێ مەکەرەوە ، وەرە با بڕۆین یارییەکەمان بکەین و لە بیرت نەچێت ئەمڕۆ وانەی وەرزشمان هەیە ، چونکە لە قوتابخانە مامۆستا فێری وەرزشی تۆپی پێی کردین . باشە ، ئامادەی بۆ یاری ؟ فەرهاد زۆر بە نەرمیەوە گوتوویەتی :۔

بەڵێ ئامادەم ، بەڵام کوا تۆپ ؟

نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی :۔

ئەوا دەڕۆم دەیهێنم ، لە پشت ئەو درەختەم شاردووەتەوە .

بە دەست ئاماژەی بۆ درەختێک کردووەو ڕۆیشتووە کە بیهێنێت . هێناویەتی و لە بەر پێی هەردووکیاندا لە سەر زەمینی داناوەو کتووپڕ فەرهاد شەقێکی لێداوەو تۆپەکە دوور

کەوتووەتەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە کەوتووەتە پێکەنین و نەسرین بە نیشانەی تووڕە بوون دەستەکانی خستووەتە کەمەری خۆی و شانەکانی بەرز کردووەتەوەو بە قوولی چاووی بڕیوەتە چاووەکانی فەرهاد و لە پاشان پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی لە فەرهاد راوەشاندووە و گوتوویەتی:۔

تا مامۆستا فیقە لێنەدات کەس مافی ئەوەی نییە شەق لە تۆپەکە هەڵبدات ، تێگەیشتی فەرهاد ؟

فەرهاد بە پێکەنینەوە گوتوویەتی:۔

بەڵێ مامۆستا ، بەڵام تۆ فیقەت نییە .

نەسرین زۆر بە پەلە گوتوویەتی:۔

فیقەم نیە ، بەڵام کە گوتم دەی ئەوجا تۆ دەتوانی شەق لە تۆپەکە هەڵبدەیت . باشە ؟ ئەویش بزانە خۆ هێشتا مەرجەکانی یارییەکە فێر نەبوویت ، ئیتر چۆن لە خۆتەوە یاری بە تۆپەکە دەکەیت . یاری تۆپی پێ تەنیا شەق لە تۆپ هەڵدان نییە ، بەڵکو چەندین مەرجی هەیە دەبێت بیانزانیت و ئەگەر سەرپێچییان لێبکەیت مامۆستا دەرت دەکات و نایەڵێت یاری بکەیت ، ئەوجا ئەگەر دەتەوەێ من ببم بە مامۆستای تۆ و

فێرت بکەم دەبێت تۆش گوێ رایەڵی قسەکانی
من بێت ، باشە ؟ پەسەند ؟ فەرهاد گوتوویەتی :_
بەڵێ مامۆستا پەسەند .
ئەوجا نەسرین بە دەست ئاماژەی بۆ
تۆپەکە کردووەو گوتوویەتی :_
کەواتە برۆ تۆپەکە بهێنە و با هەندێك لە
مەرجەکانت فێر بکەم .
فەرهاد گوتوویەتی :_
بەڵام من ناتوانم ، چۆن هەڵی بگرم ؟
لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەڵ بیستنی ئەو
ووشانەی فەرهاددا خەم دەم و چاووی نەسرینی
داپۆشیوە ، بەڵام بە رووی خۆی نەهێناوەو خۆی
نەپەشۆکاندووەو گوتوویەتی :_
مامۆستا گوتی یەکێك لە مەرجەکانی یاری
تۆپی پێ ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت نە
دەستی بەرکەوێت و نە بە شان رابگیردرێت ،
ئەی بۆچی نێوی لێنراوە تۆپی پێ ، ئەوەی کە
دەستی بەر تۆپەکە بکەوێت هەم خۆی و هەم ئەو
لایەنەی یاری بۆ دەکات تووشی سزا دەبن .
فەرهاد پرسیویەتی :_
سزاکەی چییە ؟
نەسرین لە وڵامی پرسیارەکەی فەرهاددا
گوتوویەتی :_

هێشتا نازانم ، خۆ مامۆستا بە یەك یا دوو جار هەموو شتێكمان فێر ناكات . كەی فێر بووم ، ئەوجا تۆش فێر دەكەم و دەبێت لە ئێستاوە هۆشیار بێت كە تووشی سزا نەبیت . ئێستا تەماشاكە من چۆن تۆپەكە دەهێنم ، دەبێت تۆش هەروا بكەیت .

نەسرین بە راكردن بەرەو تۆپەكە رۆیشتووەو بەپێ تۆپەكەی راكێشاوەو خستوویەتی بەر خۆی و بە لێدانی نەرم نەرم گەیاندوویەتی بە بەر پێ فەرهاد و لێی پرسیووە :-

بینیت ؟ دەبێت تۆش بەو شێوەیە بیهێنیت كە من هێنام و لە ناكاودا شەقێكی بە هێزی لە تۆپەكە هەڵداوەو لە خۆیانی زۆر دوور خستووەتەوەو بە فەرهادی گوتووە :-

برۆ بیهێنە ، ئێستا نۆرەی تۆیە .

فەرهاد نەرم نەرم بەرەو تۆپەكە رۆیشتووە .

نەسرین قیژاندوویەتی بە سەریداو گوتوویەتی :-

راكە فەرهاد ، راكە ، ئەگینا كاتی یاریەكە بە فیرۆ دەروات .

فەرهاد وەكو قوتابییەكی گوێ رایەڵكار ، داواكەی نەسرینی بەجێهێناوەو لە پاشاندا هەر

وەکــو نەســرین تۆپــەکەی بــەر خــۆی خســتووەو گەڕاوەتــەوەو لــە بــەر پــێی نەســرینی ڕاگــرتووە و نەســـرین ئافـــەرینی لێکـــردووە لەبـــەر ئـــەوەی قوتابییەکی بە جێهێنەری داواکانی مامۆستاکەی بووە .

بــەبێ درێـــژە پـــێدان لـــە مـــاوەی چەنـــد هەفتەیەکدا ئەوەی لە قوتابخانە فێری دەبێت ، نەسـرین خـاڵ بە خـاڵ و جوڵـە بە جوڵـە فێـری فــەرهادی دەکـــات ، تـــا وایلێـــدێت لـــە خـــۆی چـاکترو بـە هێزتـر کۆنترۆڵـی تۆپـەکە دەکـات و مەرجەکانی یارییەکە بەجێدەهێنێت .

لە لایەکی دیکـەوە مامۆستای وەرزش لـە قوتابخانەکەدا تێبینی ئەوەی کردووە کە نەسرین زۆرتر لە قوتابییە بە فەرمی نێو نووسکراوەکان و تاکو لە کوڕەکانیش بە پەرۆشتر بەرەو یاری تۆپی پــێ دەڕوات و بایــەخی پــێدەدات لــە کاتێکــدا کیژان چ لەو تەمەنەدا وچ مەزنتریش بەرەو یاری تۆپی سەبەتە یا ڤالیێ و تێنسی سەر مێز دەڕۆن .

کە ڕۆژێکیان مامۆستاکە پرسیاری هۆی لە نەسرین کردووە گوتوویەتی:-

چونکــە دەمــەوێ فــەرهادی ئــامۆزام فێــر بکەم تاکو ببێتە یاری زانێکی زۆر باش .

ئەو وڵامەی نەسرین سرنجی مامۆستاکەی ڕاکێشاوەو و سۆزی دەروونی هێناوەتە جۆش بێگومان فەرهادیشی ناسیوە چونکە خەڵکی هەمان گوند بووە . بەر لە هەموو هەنگاو و هەڵویستێك مامۆستای وەرزش ، ڕاو پەسەندکردنی نەسرینی وەرگرتووە بۆ ئەوەی شوێنی یاری کردنی خۆی و فەرهادی بۆ ئاشکرا بکات و کە نەسرین هەموو زانیارییەکی پێیداوە ئەوجا ڕۆیشتووە و لە پێشدا لە دوورەوە زۆر چاك تەماشایانی کردووەو جم و جۆڵەکانیانی هەڵسەنگاندووە و بۆی دەرکەوتووە کە نەسرین خاڵ بە خاڵ یارییەکەی بە هەمان شێوە کە خۆی فێری کردوون ، فێری بووەو فەرهادیشی فێر کردووە . مامۆستا خۆی پێیان پیشان داوەو و ئافەرینی لە نەسرین کردووەو داوای لێیان کردووە کە ماوەی بدەنێ بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە یاری کردن لەگەڵیاندا ، لە سەرەتادا فەرهاد شەرمی کردووە ، بەڵام کەم کەم ڕاهاتووەو مامۆستاکە چەند کاتژمێرێکی لەگەڵیاندا بردووەتە سەرو لە ماوەی چەند هەفتەی پاش ئەو ڕۆژەدا ئەوەی بە قوتابییە گەورەترەکانی قوتابخانە کراوە فێری فەرهادی حەوتساڵەی کردووە ، تا وایلێهاتووە بە بێ ترس بەشداری

یاری لەخۆ گەورەترەکانی کردووەو تەنیا گرفتێك لە سەرەتادا کەمێك ریگرو رەنجدەر بووە ، بەربوونەوەی بووە لە کاتی یاری کردن یا راکردندا کە ئەویش بە هەوڵ و یارمەتی مامۆستای وەرزش مامۆستا کەریم ، چارەسەر کراوەو فێری تەقڵە بە پشتی کردوە و هەر کاتێك کە بەربووەتەوە خۆی بە پشتدا سوڕاندووەتەوەو پێیەکانی بەرزکردووەتەوە بەرەو سەرو سینەی و دیسانەوە بەتوندی هێناویانیەتەوە بۆ زەمین و سەرو پشتی بەرز کردوەتەوەو لەسەر پێیەکانی راوێساوەتەوەو کەوتووەتەوە یاری کردن . وایلێهاتووە کە چ یاریکەران و چ تەماشاکەران لەو کاتەدا چەپڵەیان بۆ لێداوەو ئافەرینیان لێکردووە . ئەوەی زۆر جێگای سەرسوڕمان بووە بۆ قوتابیە فەرمییەکان ومامۆستایانی قوتابخانەی گوندەکە ، ئەوە بووە کە فەرهاد باش چەند مانگێك و نزیکەی نیوەی ساڵی خویندنی قوتابیانی قوتابخانەی گوندەکە کە هێشتا فەرهاد قوتابیشی نەبووە ، بە شێوەیەکی چالاکانە هەندی جوولەی بە تۆپ کردووە کە بە منداڵانی دیکە نەکراوەو وایلێهاتووە نێوبانگی تۆپێن یاری کردنی فەرهاد نە تەنیا لە گوندەکەی خۆیاندا

بەڵکو بە گوندەکانی دەوروبەریشدا بڵاوەی کردووەو لاوانی ئەو گوندانە هاتوون بۆ تەماشای یاریکردنی لە گوندەکەیاندا .

لە خودی فەرهادو مامۆستا کەریم و خەڵکی گوندەکە زۆرتر ، نەسرین دڵخۆشی نێودار بوون و سەرکەوتنی فەرهاد بووە چونکە لە لایەکەوە ئەگەر ئەو و هاندانی ئەو نەبووبایە بە بێگومان فەرهاد نەدەگەیشت بەو رادەیەو لە لایەکی دیکەوە ئەو گۆڕانە بوو بە هۆی ئەوەی کە فەرهاد لە گۆشەگیری و تەنیایی و بێزاری لە ژیان رزگاری ببێت و ببێت بە فەرهادێکی دیکەی ئازاو نەترس . بۆ نمونە بەر لەو رووداوانە گەر داك و بابی ویستبێتیان بیبەنە سەربان بە تایبەت لە هاویناندا کە لە کوردستان لەسەر بان نووستنی شەوانە باوە ، دەبوایە یەکێکێکیان پشتی بگرتابایە ئەوجا بە ترس و گریان سەرکەوتووە بەسەر پلەکاندا یا جارو بار بابی بە کۆل سەری خستووە ، بەڵام دوای ئەو رووداوانە وایلێهاتووە خۆی بە تاکی تەنیا بە راکردن سەرکەوتووەو بەڵکو بەسەر دیواری باریکی ئەوتۆدا رایکردووە کە پشیلە نەیتووانیوە بە ئارامیش بە سەریدا تێپەڕ ببێت .

نەسرین وایلێهاتووە کە لە ماڵی خۆیانیشدا ، فەرهادیش نەبووبێت ، باس هەر باسی ئەو بووە و بیرێك نەهاتووە بە مێشکیدا کە لەسەر فەرهاد نەبووبێت و لە پێناوی فەرهاددا نەبووبێت . بەو هۆیانەوە ، هەم ماڵی هەردوولا یان و هەم خەڵکی گوندەکەش لەسەر ئەو بۆچوونە بوونەو گوتوویانە کە نەسرین فریشتەیەکەو خوداوەند بۆ فەرهادی رەوانە کردووە کە هەستی کەم ئەندامبوونی لێدوور بخاتەوە و وەکو مرۆڤێکی تەواو ئەندام رەفتارو کردار بکات .

بابی نەسرین گێڕاویەتەو گوتوویەتی :_

شەوێکیان درەنگ وەخت بوو کە چوومە دیوەخانەکەمانەوە ( ژووری مێوان ) ، ئەوەی کە بینیم بە راستی سرنج راکێشەر ، شادی هێنەر و فرمێسك رژێن بوو . نەسرین بە تاکی تەنیا دانیشتبوو ، پشتی لە دەرگای چوونە ژوورەوەو کاغەزێکی سپی نووساندبوو بە دیوارەکەوەو پێنووسێکی خستبووە نێوان پەنجە کەڵە و پەنجەی دووەمی قاچی راستییەوەو هەوڵی ئەوەی دەدا کە بە پێی شتێك لە سەر کاغەزەکە بنووسیت یا بکێشێت . کە چاووم بەو دیمەنە کەوت بە ئارامی و بە بێدەنگی کشامەوە بە بێئەوەی بهێڵم نەسرین هەست بە بوونم بکات .

کە چوومە ژووری دانیشتنەکەی خۆمانەوە ، خۆم پێڕانەگیراو فرمێسك لە چاووەکانمەوە داچۆڕین و دایکـــی نەســـرین بـــەرەو رووم هـــات و بـــە سەرسامی و پەشووکاوییەوە پرسی :-

شـتێك روویـداوە پـیاوەکە ؟ بـە دەسـت نیشانەی بێدەنگیم پێداو دەرگاکـەم داخست و پـــێم گـــوت ئـــەوەی کـــە بینـــیم بـــە راســـتی سەرسوڕێنەرە . دەزانی کە نەسرین لە ژوورەکەی دیکـەدا خـەریکی مەشقی فێربوونی نووسینە بە پـەنجەکانی قاچـی بێگومـان بـۆ ئەوەیـەتی کـە فـەرهاد فێـری نووسین بکـات ، بەڵام ئەوەی کـە بەڵامەوە جێی پرسیارە ، چۆن بەم منداڵییە ئەم بیرۆکــە مەزنــەی لــە مێشــکدا درووســت بــووەو هاتووەتە بوون ؟

کـە دایکـی نەسرین ویستوویەتی بڕوات و تەماشـــای بکـــات ، بـــاوکی پێشـــی لێگـرتــووەو پێیگوتووە :-

مـەڕۆ ، لێـی تێکمـەدە بـا بـزانین دەگاتـە کـوێ . ماوەیـەك تێپـەڕیوەو نەسـرین بە ئـارامی و ڕەنگێکـــــی زەردو دەم و چاوێکـــــی کـــــزو خەماوییـەوە ڕۆیشتووەتە ئـەو ژوورەوە کـە داك و بابـی تێـدا بـوون و داکـی کتووپـڕ باوەشـی بـۆ کـردووەتەوەو لێی پرسیوە :-

چییە کیژە جووانەکەم ؟ چی بووە کە بەم شێوەیە ناشاد دەتبینم ؟ دییارە خەووت دێت ؟ وەرە با بتبەم بتخەوێنم .

نەسرین بە ئارامی گوتوویەتی :-

نا ، دایکە گیان خەووم نایەت ، بەڵام . . . .

داکی قسەکەی بڕیوەو پرسیویەتی :-

بەڵام چی کیژە ناسکەکەم ؟ قسە بکە بزانم چی بووە ؟

نەسرین گوتوویەتی :-

بەڵام ، بەڵام ناتوانم . . . .

دایکی دیسانەوە قسەکەی بڕیوەو پرسیویەتی :-

چی ناتوانی ؟ بڵێ کۆرپە شیرینەکەم ، تا من و بابە یارمەتیت بدەین ؟

نەسرین گوتوویەتی :-

ناتوانم بە پەنجەکانی پێم پینووسەکە بگرم و شتی پێ بنووسم .

دایکی بە سەرسامییەوە پرسیویەتی :-

شت بە پەنجەکانی پێت بنووسی ؟

نەسرین بە سەر لەقاندنەوە گوتوویەتی :-

بەڵێ ، چونکە دەمەوی فەرهاد فێری نووسین بکەم .

باوکی لێی نزیك بووەتەوەو باوەشی بۆ کردووەتەوەو گوتوویەتی :_

وەرە باوەشی بابە ، وەرە رۆڵە نازدارەکەم با بزانم چیت دەوێت تا بابە یارمەتیت بدات .

نەسرین چووەتە باوەشی و گوتوویەتی :_

ئاخر ئەگەر من لە پێشدا خۆم فێر نەبم بە پێم بنووسم چۆن دەتوانم فەرهاد فێر بکەم ، چونکە پێم خۆشە ئەویش فێری نووسین ببێت .

بابی گوتوویەتی :_

بەڵام دڵەکەی بابە تۆ هێشتا خۆت بە دەستەکانت فێری نووسین نەبوویت چۆن دەتوانی فەرهاد فێر بکەیت کە بە پێی بنووسێت ؟

نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی :_

نەخێر بابە گیان زۆر شت فێر بووم و لە هەموو منداڵەکان زۆرتر شت دەزانم . هەموو پیتەکانی ئەلف و بێم لەبەرەو و دەشزانم بییان نووسم .

باوکی نەسرین گوتوویەتی :_

ئەی ئافەرین کیژە جووانەکەی بابە ، من دەزانم کیژەکەم لە هەموو منداڵانی دیکە زیرەکترە ، بەڵام پێم خۆش بوو ئەو هەواڵەم لە زمانی خۆشتەوە گوێ لێبێت . کەواتە من

یارمەتیت دەدەم تاوەکو فێر ببێت بە پەنجەکانی پێت بنووسیت و ئەوجا فەرهادیش فێر بکەیت .
نەسرین گوتوویەتی :۔
باشە ، زۆر سوپاس بابە گیان .
باوکی نەسرین بە ئارامی پرسیویەتی :۔
بەڵام بۆ هەوڵ نادەیت بەر لەوەی خۆت فێر بێت راستەوخۆ فەرهاد فێر بکەیت ، بەو شێوەیە باشتر نییە ؟ نەسرین زۆر بە پەلە گوتوویەتی :۔
نا ، نا ، بابە گیان نەکەیت پێی بڵێیت ، فەرهاد هەرگیز نایەوێت خۆی بە تەنیایی فێری شت ببێت ، چونکە من مامۆستای ئەووم و دەیەوێ من فێری بکەم ، کەی من توانیم بنووسم ئەوجا ئەویش چاوو لەمن دەکات و هەوڵی نووسین دەدات بە پەنجەکانی پێی . شتێکی دیکەش خۆ من پێی ناڵێم کە لەبەر خاتری ئەو خۆم فێر کردووە ، چونکە هەست بە لاوازی دەکات و خەمبار دەبێت بەڵام خۆم دەزانم چۆن هانی دەدەم کە ئەو کارە بکات وەکو هەمیشە لە کاتێکدا دەمەوێ شتێکی تازەی فێر بکەم کە خۆی بە تەنیایی نایەوێت فێری ببێت یا سەختە بەلایەوە .

بابی نەسرین بە دوو چاووی پڕ لە فرمێسکەوەو سەرسوڕماو لەو هۆش و توانایەی کە خوداوەند داویەتی بە نەسرین لە پێناوی فەرهاددا پرسیویەتی:-

ئەی ناتەوێ بە بابە بڵێی بە چی شێوەیەك هانی دەدەیت کە گوێ رایەڵی گوتەکانی تۆ بێت و شتت لێوە فێر ببێت ؟

نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی:-

بەڵێ ، پێت دەڵێم ، بەڵام بەڵێنم دەدەیتی کە بە فەرهاد نەڵێیت ؟

باوکی نەسرین گوتوویەتی:-

بەڵێن دەدەم کە بە هیچ شێوەیەك بۆ فەرهادی باس نەکەم .

نەسرین گوتوویەتی:-

باشە ، باوەڕت پێدەکەم .کەواتە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە .

بەر لە هەموو شتێك ،کە دەڕۆم بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی پێکەوە یاری بکەین ، پێی دەڵێم کە شتێکی تازە فێربوومە بەڵام تۆ نایزانی و من دەتوانم بیکەم بەڵام تۆ ناتوانی و ئەویش کتوپڕ دەڵێ ، نا وا نیە ، نا وانیە منیش دەتوانم ، منیش دەتوانم ، ئەوەی تۆ بتوانیت بیکەیت ، منیش دەتوانم بیکەم . ئەوجا کە لێم دەپرسێ چییە

منیش دەڵێم بە مەرجێك پیشانت دەدەم کە داوایەکم هەیە ئەگەر بە جێی بهێنیت ئەوا پێت دەڵێم و ئەگەر نا ، ئەوا منیش پێت ناڵێم . لەو کاتەدا بە هۆی ئەوەوە کە بە پەرۆش دەبێت بۆ زانینی مەبەستەکەی من ، منیش داواکەی خۆمی پێدەڵێم و بە بێگومان وەکو هەمیشە پەسەندی دەکات ، ئەوجا . . .

بابی گوتەکەی نەسرین بڕیوە و پرسیویەتی :ـ

باشە ، لەم شتەیاندا داخوازییەکەی تۆ چی دەبێت کیژە جووانەکەم ؟

نەسرین گوتوویەتی :ـ

هەر شتێك بێت ، شتێکی باش و بە کەڵك بۆ خۆی ، یا هەندی شتی پڕ سود کە ئەو نایەوێت ئەنجامی بدات و میمکم داوام لێدەکات کە پێی بڵێم یا خۆم تیبینی دەکەم . بابی پرسیویەتی :ـ

وەکو چی ، بۆ نمونە ؟

نەسرین پاش کەمێك بیرکردنەوە گوتوویەتی :ـ

وەکو ئەوەی کە بهێڵێت بەر لە ئەوەی بە شەوان بنوێت ، یا بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێت ، میمکم دانەکانی بۆ بشۆرێت ،

چونکـە رقـی لـە دانشـۆرینەو لـە دەسـتی میمکم هەڵـدیت ، یـا بهێڵێـت مـامم بـە بـەردەوامی لـە گـەرماودا بیشـۆریت ، یـا بهێڵێـت هـەموو رۆژی جلەکانی بگـۆڕن یا بە شـەوان زوو بنویت یا لـە وەختی خۆیدا خواردن بخوات . شتێکی سەیرتر ئەوەیە کە جاروبار من داوای لێدەکەم گۆرانیم بۆ بڵێت ، یا لە شوێنەکەی خۆیدا هەڵبەز هەڵبەز بکـات یـا پـێنج شـەش جـار بـە چـواردەوری باخچەکەیانـدا رابکـات و ئـەوەی پـێدەکەم تـا کـەمێك جـم و جولـی هـەبێت و قەڵـەو نـەبێت ، هەڵبەتـە ئەمـەیان مـامم داوای لێکـردم کـە پـێی بکەم و ئیتر لەم بابەتە شتانە .

بابی نەسرین باوەشی پێدا کردووە و توند گوشیویەتی بە خۆیداو گوتوویەتی :_

ئافەرین کیژە زیرەکەکەی بابە ، بە راستی کـاری بـاش ئـەنجام دەدەیـت . ئـەوجا ئەگـەر داواکـەی تـۆی پەسـەند کـرد ، دوای ئـەوە چـی دەکەیت ؟

نەسرین گوتوویەتی :_

دوو لاپەڕە کاغـەزی گـەورە دەنووسـێنم بە دیوارەکـەوە ، دانەیـەکیان لـە بەرامبـەر خـۆم و دانەیـەك لـە بەرامبـەر فـەرهاد ، لـە پاشـان پێنووسـێك دەخەمـە تـۆی پـەنجەکانی خۆمـەوەو

دەکەومە نووسین یا وێنە کێشان ، ئەوکاتە وەکو هەمیشە دەڵێت ، ئێ ئەوە چییە منیش دەتوانم بیکەم ، بەڵام نە پێنووسم هەیە و نە دەتوانم بیخەمە تۆی پەنجەکانی پێمەوە ، ئەوکاتە من پینووسێك کە لەوەو بەر لە گیرفانمدا ئامادەی دەکەم ، دەیخەمە نێو پەنجەکانی پێیەوە ، ئەزانم زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەنجامدانی ، ئەگەرچی کارێکی ئاسانیش نابێت ، بەڵام گومانم نییە ، وورده وورده رادێت و لە ئاکامدا فێر دەبێت ، ( لەو چرکەیەدا نەسرین کەوتووەتەوە بیری کە خوشی نازانێت و ناتوانێت بە پەنجەکانی پێی بنووسێت و لە ناکاودا کەوتووەتە گریان ) و گوتوویەتی :_

بەڵام بابە گیان من خۆیشم ناتوانم ئەو کارە بکەم ئەوجا چۆن دەتوانم فەرهاد فێر بکەم ؟

باوکی دیسانەوە گوشیویەتی بە خۆیداو گوتوویەتی :_

بەڵێنت دەدەمی کە لە سبەینێوە پاش لە قوتابخانە گەڕانەوەت یارمەتیت بدەم بۆ ئەوەی بە پەنجەکانی پێت بنووسیت ، بەڵام تاکو تۆ دەگەڕێیتەوە دەبێ خۆم مەشق بکەم ، چونکە من قوتابییەکی تەمەڵم و وەك تۆ زیرەك نیم کە بە

ئاسانی فێری شتی تازە ببم و ئەگەر مەشق نەكەم و لەبەر چاووی تۆ كتوو پڕ ئەوكارە بكەم و هەڵە بكەم زۆر چاك دەزانم ئەوجا تۆ پێم پێدەكەنی .

( نەسرین و باب و داكی پێكەوە كەووتوونەتە پێكەنین ) نەسرین گوتوویەتی :-

ئەی ناتوانی ئێستا فێر ببیت و منیش فێر بكەیت ؟ باوكی نەسرین گوتوویەتی :-

نا ، دڵەكەی بابە ، ئێستا درەنگەوكاتی نووستنی تۆیەو وەك گوتم منیش پێویستم بە مەشق كردن هەیە . دایكی نەسرین تێكەڵی گوتوویێژەكە بووەو گوتوویەتی :-

بابە راست دەكات گوڵەكەی دایە ، با بڕۆین ئێستا بتخەوێنم و سبەی ئەم كاتە بە تەواوی فێری بە پەنجەی پێ نووسین بوویت ، چونكە بابە زیرەكەو بە گاڵتە دەڵێت تەمەڵم ، كەواتە بە دڵنیایی بخەوە .

نەسرین گوتوویەتی :-

باشە ، ( رووی لە باوكی كردووە ) بەڵام بەڵێنت دا ، لە بیرت نەچێت ؟

باوكی نەسرین گوتوویەتی :-

باشە بە سەر چاوو ، بەڵام تۆ بەر لەوەی فەرهاد فێری نووسین بكەیت ، بۆچی فێری

خوێندنی ناکەیت ، چونکە ئەگەر ئەو پیتەکان نەناسێت و نەخوێنێتەوە چۆن دەتوانێت بییان نووسێت ؟

نەسرین بە دەنگێکی نەرمی منداڵانەوە گوتوویەتی :-

تو دەڵێی چی بابە گیان ، لە مێژدا فێرم کردووە ، ئەویش وەکو من هەموو ئەلف و بێی لەبەرەو تا سەدیش دەزانێت بژمێرێت و دەتوانێت بشیان نوسێت و لە منیش باشتر ، بەڵام زۆر بە گەورەیی ( باڵەکانی خۆی بە نیشانەی گەورەیی کردووەتەوەو پیشانی بابی داووە ) .

باوکی نەسرین پرسیویەتی :-

ئەی ئەمە چۆن روویدا ، ئەوکە نەچووەتە قوتابخانە ، ئیتر کێ فێری خوێندن و نووسینی کردووە ؟ نەسرین گوتوویەتی :-

من ( دەست نیشانی بۆ خۆی کردووە ) مامۆستاکەی ، تۆ نازانی بابە گیان ماشاءالله فەرهاد خۆشی چەند زیرەکە .

بابی گوتوویەتی :-

ئەی چۆن نازانم بابە گیان ، کەسێك کە تۆ مامۆستای بێت ، بێگومان زیرەك دەردەچێت ، بەڵام ئەگەر ئەو دەزانێت بنووسێت ، ئیتر بۆچی داوا لە من دەکەیت کە فێرت بکەم بە پەنجەی

پـێت بنووسـیت ؟ شـتێکی دیکـەش ئـەو چـۆن دەتوانێت بنووسێت ؟

نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی :_

یەکــەم ئــەو دەتــوانێت لــە ســەر زەمــین بنووسێت کاتێك کە قورٍ بێت یا لە سەر خۆڵـی ووشــك ، دووەم ، ئــەو بــە هــەموو پــێی راســتی دەنووسێت ، سێهەم ، من دەمەوێ فێر ببێت کە بە پەنجەی پێی لە سەر کاغەز بنووسێت بەڵام بە ئەندازەی بچووك و بە پێنووسی بچووك .

بابی بە سەرسوڕمانەوە پرسیویەتی :_

راوێستە بزانم ، تۆ گوتت لە سەر زەمینی قوڕاوی و بە هەموو پێی ؟

نەسرین گوتوویەتی :_

بـەڵێ ، تـەواوە ، پێتخۆشـە بـزانیت چـۆن ؟ بەڵام چەند خوولەکێکی دەوێت ، قەیدی نییە ؟ درەنگ نابێت بۆ خەوتنەکەم ؟

باوکی نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی :_

قەیدی نییە لە لایەن منەوە ، بەڵام نازانم دایە چیدەڵێت ؟ ( تەماشای دایکی نەسرینیان کردووە )

دایکی نەسرین گوتوویەتی :_

بەلای منیشەوە قەیدی نییە .

ئەوجا نەسرین رووی قسەی لە داکی کردووەو گوتوویەتی :-

دایکە گیان ، لە بیرت دێت لە بارانە گەورەکەی مانگی رابووردوودا ئەو رۆژەی کە لە ماڵی فەرهادەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ و جلەکانم و دەست و پێم هەمووی ببوو بە قوڕو کە تۆ پرسیت چی بووە و منیش گوتم زەمین قوڕو خلیسك بوو و منیش پێم خلیسکاو خۆم پێڕانەگیراو بەربوومەوە تۆش بە پەلە منت بردە گەرماوەکەوەو شۆردمت ؟

دایکی نەسرین گوتوویەتی :-

زۆر چاکم لەبیرە ، مەگەر وانەبوو کە گوتت ؟ نەسرین گوتوویەتی :-

وابوو بەڵام داوای لێبووردن دەکەم کە درۆم کرد لە گەڵتدا ، لە راستیشدا زۆر درۆ نەبوو ، کەمێك درۆ بوو ، چونکە بە راستی بەرنەبوومەوە و خۆم بە دەستی ئەنقەسد خۆم بەردایەوە . . .

دایکی قسەکەی بڕیوەو پرسیویەتی :-

یانی خۆت ، خۆت فڕێدابووە نێو قوڕەکەوەو بە راستی پێت نەخلیسکابوو ؟

نەسرین گوتوویەتی :-

بیگومان هەروابوو ، دەتانەوێت بزانن چۆن ؟

داك و بابی پێکەوە گوتوویانە :-

بەڵێ دەمانەوێ . چۆن ؟
نەسرین گوتوویەتی :۔
کاتێك کە خەریك بووم فەرهادم فێری لە بەرکردنی پیتەکانی ئەلف و بێ دەکرد و پێم دەگوت کە چۆن لە مێشکیدا وێنەیان بۆ درووست بکات ، هات بە بیرمدا فێریشی بکەم کە چۆن بە دەمی بشیان نووسێت ، ئەویش بە دانانی پێنووسەکە لە تۆی لێوەکانی و گرتنی بە دانەکانی پێشەوەو هەوڵدان بۆ نووسین لە سەر کاغەز ، ئیتر چ کاغەزەکە نووسابێت بە دیوارەوە و چ لە نێو دەفتەرو دەفتەرەکەش لە سەر مێز یا شتێکی دیکە بێت . رۆژێکیان کە خەریك بووم هانم دەدا کە ئەوکارە بکات ، ئەو تەنها پێدەکەنی و نەیدەویست بە قسەم بکات و ئەنجامی بدات ، کە پێم گوت ، ئەگەر نەیکەیت بە جێت دەهێلم و ئیتر هەرگیز قسەشت لە گەڵدا ناکەم ، پەسەندی کرد کە ئەو کارە بکات . پینووسەکەم خستە تۆی لێوەکانی و پێم گوت کە چ بکات ، بەڵام دیسانەوە بەربووە پێکەنین و پێنووسەکەش لە دەمی بەربووەوە ، کە خۆم زیز کرد گوتی ، باشە بیهێنە ، ئەمجارە بەڕاستی دەیکەم . پێنووسەکەم خستەوە دەمی و کەوتە نووسینی ئەلف و بێ ، دەمزانی کە کارێکی

ئاسان نییە بە تایبەت بۆ جاری یەکەم بەڵام کۆششێك بوو بۆ مەبەستی نووسین و راهاتن ، دەزانن ئەو فەرهادە ناقۆڵایە چی کرد ؟ لە ناکاودا گازی لە پێنوسەکە گرت و بەربووە پێکەنین و پارچەیەکی بچووکی بێنووسە شکاوەکە کە لە دەمیدا مابوو لە قورگی گیری کردوو بەربووە کۆخە کردن و لەوەدا بوو بخنکێت ، بەڵام ، من زوو هاوارم کردو میمکم هات و بە نێو لەپی چەند جارێك دای بە پشتیداو باش بوو پارچەکە لە قوورگی دەرچوو و ئەوجا لە ترساندا کەوتە گریان و میمکم زۆر سەرزەنشی کرد کە بۆچی کاری وادەکات و ئەوەندە ناقولا نەبێت ، لە کاتێکدا ئامۆزاکەی دەیەوەیت یارمەتی بدات و فێری شتی چاکی بکات . دیسان پاش چەند چرکەیەك کە میمکم بە جێیهێشتین کەوتەوە پێکەنین و داوای لێکردم کە دیسانەوە پێنووسەکە بخەمە نێو دەمییەوە ، بەڵام من ئەو کارەم نەکرد چونکە زانیم کارێکی ترسناکە . ئیتر لەو رۆژەوە کەوتمە بیری ئەوەی کە رێگایەکی دیکە بدۆزمەوە کە پێی بنووسێت ، تا گەورەتر دەبێت و بە بێ ترس بە دەمی دەتوانێت بنووسێت بە بێ ئەوەی گاز لە پێنووسەکە بگرێت . ئەوجا ئەو رۆژە بارانییە بوو

کە بیرێکی تازەم بۆ هات ،کە بارانەکە راوێستا و زانیم زەمینەکە نەرمەو بووە بە قوور ، لە پێشدا خۆم چەند جارێك مەشقم کردو کە بینیم کارێکی ئاسانترە لەوەی پێشوو و بە بێ زیان و مەترسێشە ، ئەوجا داوام لە فەرهاد کرد کە بڕۆین لە نێو حەوشەکەیاندا یاری بکەین ، لە وێدا بوو کە پێم گوت ، تەماشاکە من دەتوانم بە پەنجەکانی پێم لە سەر قوورەکە ئەوەی دڵم دەیەوێت بنووسم ،کە منی بینی بە پەلە گوتی:ـ

ئەوە چییە ، منیش دەتوانم ئەوکارە بکەم و زۆریش ئاسانە . ئەو کاتە کەوتە نووسین بەڵام بە هەموو قاچەکەی بە بێ ئەوی پێلاوەکەی دەربهێنێت ،کە پێم گوت با پێلاوەکەت دەربهێنم ، ترساو گوتی دایکم لێم تووڕە دەبێت ، بەڵام کە گوتم ئەگەر من بە میمیم گوت و ئەو پەسەندی کرد تۆ پێلاوەکەت دەردەهێنیت ، فەرهاد گوتی ، بەڵێ و منیش چووم نەخشەکەی خۆمم بۆ میمکم باسکردو زۆری پێخۆش بوو و خۆی هاواری کرد و بە فەرهادی گوت قەیدی نییە با نەسرین پێلاوەکانت بۆ دەربهێنێت . لە سەرەتادا زۆر بە رێك و پێکی ئەنجامی دەدا بەڵام کە دیسانەوە کەوتە ناقۆڵایی لە ناکاودا پێی خلیسکاو بەربووە سەر زەمینە قووڕاوییەکە ،

زۆریش دڵم پێی سوتا . دەزانن بۆ بەربووەوە ؟ چونکە بەستە زمانە لەبەر ئەوەی دەستی نییە نەیتوانی هاووسەنگی خۆی رابگرێت ، بۆیا بەربووەوە . کە بەر بووەوە من بە بێویست پێکەنین گرتمی و ئەویش بەربووە گریان ، ئێشی پێنەگەیشت ، بەڵام لەترسی میمکم ، نەوەکو لێی تووڕە ببێت و شەڕی لەگەڵدا بکات . من زۆر خەمم خوواردوو هەستم بە پەشیمانی کرد لەوەی کە پێی پێکەنیم . ئەویش زۆر خەمبارو دڵتەنگ بوو و رووداوەکەی لە بیر نەدەکرد و پەسەندی نەکرد کە دووبارەی بکاتەوە هەر چەندە داواو تکام لێی کردو هەر دەیگوت ، تۆ پێم پێکەنیوی . لە ناکاودا بیریێك هات بە مێشکمدا بۆ ئەوەی کاریێك بکەم کە رووداوەکەی لە بیر ببەمەوەو بڕیاری دووبارە کردنەوەی مەشقی نووسین بدات و لە هەمان کاتدا دڵشادیش ببێت . دەزانن چیم کرد ؟

باب و داکی پێکەوە پرسیویانە :۔

چیت کرد بۆمان باس بکە .

نەسرین گوتوویەتی :۔

من خۆم دیسانەوە بە بێ بەشداری ئەو کەوتمەوە نووسین و بە دەستی ئەنقەسد وا خۆم پیشاندا کە پێم خلیسکاو لە ناکاودا خۆم

فڕیدایە سەر زەمین و نێو قووڕەکە .کە فەرهاد بەربوونەوەی منی بینی بە شێوەیەك کەوتە پێکەنین کە هەموو کەسێك گوێی لە دەنگی بوو و چەند جارێك داوام لێکرد کە بەسکات و بیبڕێتەوە بەڵام بە گوێمی نەدەکردو بەردەوام بە قاقا پێدەکەنی . بۆ چرکەیەك تووڕە بووم و لە بیرم کرد کە بە ئەنقەسد ئەو کارەم کردووە ،کە پێمگوت فەرهاد خۆ من ئەوەندە بە تۆ پێنەکەنیم کە تۆ بەربوویتە گریان و تووڕە بوویت و وازت لە نووسین هێنا .کە ئەوەی گوێ لێبوو هاتە پێشەوەو داوای لێبووردنی کردوو دیسانەوە کەوتە نووسین و لەو رۆژەوە هەر شتێکی تازەی فێر دەکەم کتووپڕ یا لە جێگەیەکی نەرمی قووڕاوی ، یا خۆڵاوی دەینووسێت ، بەڵام بە دیڕی گەورە گەورە . ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە فێری ئەوەی بکەم کە ووردتر و لە سەر کاغەزی بچووکیش بنووسێت و ئیتر خەووم دیت و دەمەوێت بخەووم تا بەیانی زوو هەستم و بابە فێرم بکات چۆن بە پەنجەکانی پێم بنووسم تا منیش فەرهاد فێری نووسین لەسەر کاغەز بکەم .

لە کاتی قسەکردنیدا داك و بابی نەسرین بە تەواوی بێدەنگ بوونەو جوولەشیان لێوە

نەهاتووە ، جگە لەو دڵۆپە فرمێسکانەی کە بە بێدەنگی و ئارامی لە چاوەکانیانەوە داچۆڕیوەتە سەر گۆناکانیان .کە نەسرین لە قسەکردن بووەتەوە باوکی باوەشی پێدا کردووەو بەرزی کردووەتەوە بۆ سەر سینەیی و توند گوشیویەتی بە خۆیداو گوتوویەتی:-

پێم ناڵێیت تۆ چیت ؟ فریشتە یا موعجزەی خوداوەند کە هەموو ئەم کارە گرنگانە دێت بەو میشکەتدا ؟

چەند جارێك ئەملا و ئەولای ماچ کردووەو ئەوجا درێژی کردووە بۆ داکی کە بە پاڵیانەوە خەریکی گریان و فرمێسکی شادی رشتن بووە و ئەویش تا توانیویەتی ماچی کردووەو بە باوەش بردوویەتی بۆ گەرماوەکەیان بۆ ئەوەی دەم و چاووی بشۆرێت و دانەکانی فڵچە بکات .

لە پشووی نیوەی ساڵی خوێندندا ، نەسرین و بابی پێکرا زۆربەی وەختەکان خەریکی ئەوە بوون کە فەرهاد فێر ببێت بە پەنجەکانی پێی بنووسێت ، تا وایلێهاتووە تا کۆتایی ساڵی خوێندن فەرهاد بە تەواوی توانیویەتی ئەوەی فێری بووە بینووسێت و جاروبار وێنەش بکێشێت .

نەسرین لە پشووی کۆتایی ساڵدا ، بەڵێنی لە فەرهاد وەرگرتووە کە ساڵی نویٚ لە قوتابخانە نێونووس بکات .

لەبەر ئەوەی ساڵێك لە نەسرین گەورەتر بووە یەکسەرە بە قوتابی فەرمی وەرگیراوەو لەگەڵ نەسریندا لە یەك پۆلدا دامەزراوون .

زیرەکی لە قوتابخانەو ئازایەتی و چاوونەترسی فەرهاد بووە بە وێردی سەر زمانی هەموو دانیشتووانی گوندەکەیان و گوندەکانی دەورووبەر .

یەکیك لە مامۆستایانی قوتابخانەکەی گێڕاوییەتەوە :ـ

ڕۆژێکیان منداڵانمان بردبووە دەرەوە بۆ تەماشاکردنی کێڵگەیەکی کشت و کاڵ لە نزیکی گوندەکەمان . لە کاتێکدا منداڵان خەریکی یاری کردن بوون لە ناکاودا لەو نێوانەدا مارێك پەیدا بوو و هەموو منداڵان کەوتنە هاوارو گریان و هەڵهاتن و مامۆستایانیش بە پەلە لە دیمەنەکە دوور کەوتنەوە و تەنیا منداڵیٚ کە لەوێدا مایەوەو خۆی نەشێواند فەرهاد بوو کە بینیمان بەرەو سەمتی پێچەوانەی منداڵانەوە رادەکات . هەر چەندە بانگمان کرد کە هەڵبێت و خۆی لە مارەکە دوور بخاتەوە بەڵام گوێی

پێنەداین و بەردەوام بەملاو بەولادا دەچوو ، لە ناکاودا لە شوێنێکدا راویستاوو کەوتە پێلەقە کوتاندن بە سەر شتێکدا و پاش چەند چرکەیەك بینیمان شتێکی وەکو تۆپ داوەتە بەر پێی خۆی و ووردە ووردە بەرەو لای ئێمە دیت ، کە نزیك بووەوە بۆمان دەرکەوت مارەکەیەو کوشتوویەتی و بەرەو قوتابییەکانی دیکەی دەهێنێت ،کە زۆربەی منداڵان بە مردوویش هێشتا لە مارەکە دەترسان .

ئەو بەسەرهاتەش لە کاتی خۆیدا بووە بە داستانێکی دیکەی ئازایەتی و چاوو نەترسی فەرهاد و نێودارتری کردبووە لە ناوچەکەدا .

ساڵ هاتووەو ساڵ رۆیشتووە و فەرهاد بووە بە حەڤدە ساڵە و نەسرینیش شازدە ، زیرەکی و ئازایەتی فەرهادو جوانی و ناسکی نەسرین بووە بە باسی هەر ماڵ و دیوەخانێك .

تا ئەو ساڵانە هەموو شتێك بە خۆشی و شادی و ئارامی تێپەڕیوە ، بەڵام لە ناکاودا رووداوێکی دڵتەزێن ئەو بارودۆخە شیرینەی تێکداوە ، بە تایبەت ژیانی فەرهاد کە بە یەکجار تێشکاوە بەسەر یەکدا ، ئەویش مردنی لە ناکاوی داك و بابی بووە بە رووداوی ئۆتۆمۆبیل لە کاتێکدا رۆیشتوون بۆ سەردانی پزشك بۆ

چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی بابی . ئەگەرچی مامی فەرهاد لە یەکەمین رۆژی رووداوەکەوە ئیتر نەیهێشتووە فەرهادی تاقانە لە ماڵەکەی باب و داکیدا بمێنێتەوەو گویزاویەتەوە بۆ ماڵی خۆیان ، ئەگەرچی بەر لەوەش بەشێکی زۆری کاتەکانی خۆی هەر لەگەڵ نەسریینداو هەر لەماڵی نەسرین بەسەر بردووە ، بەڵام ئەمجارەیان نا ئارامی و ناخۆشی دەروونی و دڵتەنگی بە شێوەیەکی ئاشکرا لەسەرو سیمایدا بەدی کراوە و لە بەر پەککەوتوویی بە هیچ شێوەیەك ئەوەی پێنەکراوە کە بە تەنیایی لە ماڵەکەی خۆیاندا بژیت . بە یارمەتی مام و مامۆژنی و داواو تکای نەسرین ، مل کەچی بارودۆخەکە بووەو خۆی لەگەڵ هەواری نویدا گونجاندووە ، بەڵام تەنها شتێك نە نەسرین و نە مامی و مامۆژنی و نە خزم و کەس و مامۆستایانی قوتابخانە توانیویانە پێی پەسەند بکەن بەسەر هاتی وازهێنانی بووە لە قوتابخانە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دووا ساڵی پلەی ئامادەییدا بووە و پێنجەمین ساڵیش بووە کە رۆژانە بابی بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیان بردوویەتی و هێناوییەتەوە ، چونکە قوتابخانەکە لە گوندێکی گەورەتر لەوەی خۆیاندا بووەو ئەوەی خۆیان

تـەنیا قوتابخانـەی سـەرەتایی تێـدا بـووە ، لەگـەڵ ئەوەشـدا مامـی و مامۆژنـی کـە لـە هـەمان کاتـدا میمکشی بووە بڕیاریان داوە کە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ بەڵام فەرهاد بە هیچ شێوەیەك نەچووەتە ژێر بارەوەو هەڵویستی خۆی نەگۆڕیوەو وازی لە قوتابخانە هێناوە .

هەموو ئەو کارانەی کە باب و داکی خۆی لـە ژیانـی رۆژانەیـدا بۆیـان ئـەنجام داوە و بـە نەسـرین نـەکراوە مامـی و میمکـی بـەو پـەڕی دڵشـادییەوە گرتوویانەتـە ئەسـتۆی خۆیـان و ئـەویش پـاش ماوەیـەك راهـاتووەو وەکـو داك و بابی خۆی لەگەڵیاندا رەفتاری کردووە . نەسرین چەند جارێك پێشنیازی کردووە بۆ ئەنجامدانی هەنـدێ لـە پێویسـتییە تایبەتییـەکانی بـەڵام بـە قسـەی نـەکردووە و سەرپـێچی کـردووە لــە پێشنییازەکەی . شایانە بگوترێت لە سەردەمی رووداوە دڵتەزێنەکـەدا ، نەسـرین کیـژی مـاڵ و یارمەتیدەری داکی و فەرهاد بووەو ماوەیەکیش بـووە کـە ئـەویش وازی لـە خوێنـدن هێنـابووە ، چونکــە قوتابخانــەی ئامادەیـی کیـژان نــە لــە گوندەکـەی خۆیانـدا بـووە و نـە لـە گونـدە نزیکەکان و بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە بڕۆشتبایە بۆ شارو شاریشیان لێوە زۆر دوور بووە .

نێو بانگی جوانی و ناسکی و زیرەکی و دڵسۆزی نەسرین بووە بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ گەیشتنیدا بە تەمەنی شازدە ساڵی ، داخوازییەکی زۆری بۆ بێت چ لە لایەن لاوانی خێزانە نێودارەکانی گوندەکەی خۆیانەوە و چ لە گوند و شارەکانی دوورو نزیکەو لە خزم و کەسەکانیانەوە بگرە تا دەگاتە بێگانەش بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەچووەتە ژێر باری شووکردنەوە ، ئەگەرچی داك و بابی ئازاد بە جێیانهێشتووەو و مافی بڕیاردانیان داووە بە خۆی و لە راستیدا ئەوانیش لە دڵەوە شاد نەبوون بە شووکردنی چونکە زانیویانە دابچڕانی لە فەرهاد دەبێت بە کارەساتێکی گەورە بۆ هەردووکیان .

تەنها کەسێك کە هەمیشە هانی داوە بۆ شووکردن ، فەرهاد بووە چونکە زانیویەتی هۆی سەرەکی شوو نەکردنی ئەو بووەو نەسرین ئەو کارەی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەو تەنها نەمێنێت لە کاتی رۆیشتنیداو لە پێناوی ئەو بیرەدا کە لە مێشکی خۆیدا بە هۆی سەرەکی زانیوە زۆر جار بە ئەنقەسد خۆی لە نەسرین تووڕە کردووەو زۆر جاریش بە هەندێ رەفتارو کردار هەوڵی ئەوەی داووە کە نەسرین لە خۆی زیز بکات و

بیـرەنجێنێت و دڵـی بشـکێنێت بـۆ ئـەوەی رقـی لێهـەڵگـرێت و لـە بـەر چـاووی بکـەوێت و بـڕیاری شووکـردن بدات ، بەڵام نەسرین زۆر چـاك لـە بیر و بۆچوونەکانی گـەیشتووەو بە پێچەوانەوە رۆژ لـە دووای ڕۆژ دڵسـۆزی و نـەرمی و رووی خۆشـتری پێ پیشان داوەو و سورترو سەختتر بووە لەسەر شوو نەکـردن .

ئـەو بارودۆخـەی نێوانیـان بـەردەوام بـووە تـا رۆژێك راستەوخۆ فەرهاد بە نەسرینی گوتووە :-

نەسـرین ، بۆچـی ئـەو هـەموو خواسـتەگـارە رێك و پێکانەت بۆ دێن و تۆ پەسەندییان ناکـەیت و بڕیاری شووکـردن نادەیت ، تاکـەی دەتەوێت بەم شێوەیە بمێنیتەوە ؟

نەسرینی لە مێژدا چاوەڕوانی ئەو پرسیارو گفتووگۆیـەی فـەرهاد بـووە ، بـە بـێ بیرکـردنـەوەو چاوەڕوان کـردن گـوتوویەتی :-

بۆ ئەوەندە پێت خۆشەو حـەز دەکـەی شوو بکـەم ، دییـارە لـێم بێـزار بوویت ؟ ئەگـەر ناتـەوێت بمبینی بە بێ پێچ و پەنا پێم بڵـێ تـا منیش خۆم بکوژم و لە دەستم رزگـارت بێت . باشە ؟

فەرهاد پەشۆکاوو پەشیمان گوتوویەتی :-

نـا ، نـا ، نەسـرین گیـان قسـەی وا مەکـە ، بـە خـودای منـیش زۆر بـە ئاسـانی خـۆم دەکـوژم و

بیرشم لێکردووەتەوە چۆن و لە کویێ (لەو چرکەیەدا رەنگی نەسرین گۆڕاوەو بۆی دەرکەوتووە کە فەرهاد بە راستی بیری لە خۆکوشتن کردووەتەوە بەر لەو چرکەیەو بەر لە دەست پێکردنی ئەو گفتووگۆیانە و بەر لەوەی ئەو وڵامە بهێنێت بە زمانیدا تەنیا بۆ تاقی کردنەوەی فەرهاد ) بەڵام بە خودای مەبەستم ئەوە نییە کە لە تۆ بێزارم ، چونکە هەرگیز نەبوومەو نە دەبم و تۆ خۆت دەزانی لە دوای خودا تۆ درووستکەری منی و تۆ ژیانت بە من بەخشی ، وکەسایەتیت بۆ من دروست کرد ، بەڵام مەبەستم ، مەبەستم ئەوەیە کە من خۆم بە گوناهکارو تاوانبار دەزانم و وا هەست دەکەم بە هۆی منەوەیە کە تۆ شوو ناکەیت ، چونکە وادەزانی من تەنیا دەمێنمەوەو ئیتر کەس نییە خزمەتم بکات ، بەڵام ئەوە نییە لە خودا بە زیاد بێت ، مامم و ئامۆژنم هەن و لە داك و بابی خۆم زۆرتر و چاکتر چاوویان لێمەو فریام دەکەوون . شتێکی دیکەش من بە باشی نازانم کیژێکی جووان و رێك و پێك و زیرەك و بە توانای وەکو تۆ بە تەنیایی بمێنێتەوەو ئەو هەموو داخوازیکارە رێك و پێکو تەندروست و قۆزانە بە بێ هۆیەکی

تایبـەتی پەسـەند نـەکات و پـاڵیان پـێوە بنێـت ، ئەگەر بە بۆنەی منەوە نەبێت . . .

نەسرین قسەکەی بڕیوەو گوتوویەتی :ـ

ئەی بۆچی تۆ کـەمی ؟ تۆ لە هـەموو ئەوانە گـرنگتر و بە تواناترو زیرەکتر نیت ؟ فەرهاد ، کە قسە کـرایەوە با بە راشکاوی و بە بێ شەرم و خۆ گێـل کـردن و شاراوە ، راستییەکانت پێ بڵـێم ، من شوو ناکـەم چونکە تۆ بۆ من هەموو شتێکی و مـــن تـــۆم خۆشـــد ەوێت ، خۆشـــتم د ەوێـــت ، تێگەیشـتی خۆشەویسـتی یانـی چـی ، یانـی مـن عاشقی تۆم ، عاشق .

لـەو کاتـەدا پشـتی لـە فـەرهاد کـردووەو ویسـتوویەتی بـە جێـی بهێڵێـت و بگـەڕێتـەوە بـۆ ماڵــەوە بـەڵام فـەرهادی لـە مێـژداو لـە نێـوەوە ئەڤینداری و بۆی سوتاوو بۆی برژاوی بە روو خۆ نەهێنــەر ، بــە پەشــووکاوی و لێــوە لــەرزەوە پرسیویەتی :ـ

نەسرین ، نەسرین ، تکایە مەڕۆ راوێستە ، گـوێم لێبگـرە ( نەسـرین راوێسـتاوەو بـەرەو لای گەڕاوەتـــەوە ) چـــیت گـــوت ، گـــوتت مـــنت خۆشـد ەوێت ، عاشـقی منــی ، مەگــەر شــتی وا د ەبێت ؟ مـن و تـۆ وەکـو خووشـك و بـرا لـە یـەك ماڵدا د ەژین و پێکەوە هەڵد ەستین و داد ەنشین

و لە سەر یەك خوواندا خوواردن دەخۆین و تۆ چۆن دەتوانیت بیری وا بکەیتەوە نەسرین گیان .

نەسرین کتووپڕ گوتوویەتی :-

هەر بەو شێوەیەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە فەرهاد گیان ، هەر بە و شێوەیە کە تۆ منت خۆشدەوێت و عاشقی منی ، مەگەر من هەست بەوە ناکەم ، مەگەر لێت تێناگەم ، مەگەر نابینم و نازانم کە دەکەویتە چ باریکەوە هەر جاریك کە داخوازیکاریکی تازە بۆ من دێت ، کەم لە کاتی هاتنیاندا ماڵت بە جێهێلاوەو خۆت گەیاندووەتە بن دارو درەختەکانی دەرەوەی گوندوو بە بێدەنگی و بە تەنیایی فرمێسکت رشتووە ، مەگەر کەم پڕ بە هێزی پێت لەقەت بە داروو بەردەکاندا کێشاوە ، تۆ وادەزانی من هەست بەو شتانە ناکەم ؟ با شتێکی دیکەشت پێ بڵێم و ئیتر درێژەی پێنەدەین ، دایەو بابەش بە بەسەر هاتی من و تۆ دەزانن و لە مێژدا هەستییان پێکردووە و زۆر چاکیش مێشکی تۆیان خوێندوەتەوەو دەزانن چۆن گرت تێبەردەبێت و دەسوتێیت ئەو رۆژانەی خزم و کەسانی داخوازیکاران دێن یا باس لە هاتنیان دەکرێت ، بەڵام ئەوان رێگا لە داخوازیکاران ناگرن و دەرگایان لێداناخەن ، چونکە

سەربەرزییەکە بۆ هەموومان ، ئەویش بزانە ئەوانیش دەزانن من و تۆ بە بێ یەکتر ناژین و دوور لە یەك ژیانمان دەبێت بە دۆزەخ ، بابە زۆر جار وەکو تۆ ، ئەویش بە تەنیایی فرمێسك بۆ خەمەکانی تۆ دەڕێژێت و دایەش بە هەمان شێوەو هەمیشە کاتێك بە تەنیان باس هەر باسی من و تۆیە لە نێوانیاندا ، بەڵام ، بەڵام ، بەڵام . . .

لەو چرکەیەدا فەرهادی تینووی بیستنی دووا ووشەکانی نەسرین زۆر بە پەرۆشەوە پرسیویەتی :-

بەڵام چی نەسرین گیان ، قسە بکە ، بەڵام چی ؟

نەسرین ، سەری دانوواندووەو بە بێ ئەوەی تەماشای چاووەکانی فەرهاد بکات بە شەرمێکی کیژانەوە ، گوتوویەتی :-

بەڵام چاوەڕوانی چەند شتێکن کە لێیبکۆڵنەوەو ئەوجا باسەکەمان لە گەڵدا دەکەنەوە .

نەسرین بێدەنگ بووە و بە هەمان شێوە فەرهاد ، بە بێئەوەی هیچ پرسیارێکی دیکەیان ئاڕاستەی یەکتر کردبێت ، فرمێسك بە چاووەکانی هەردووکیاندا داچۆڕیوە بەرەو گۆناکانیان و نەسرین بە دەم ووردە گریانەوە لە

فەرهاد نزیك بووەتەوەو بە هەورییەکەی دەوری ملی ، فرمێسکەکانی ئەوو خۆی ووشك کردووەتەوەو گوتوویەتی:-

دەزانی فەرهاد گیان ، خوداوەند لە سەرەتاوە من و تۆی بۆ یەکتر درووست کردووەو هیچ کەسێك و هیچ هۆکارێك ناتوانێت لە یەکمان جوودا بکاتەوە ،کەواتە با پێبکەنین و فرمێسکەکانمان بکەین بە فرمێسکی شادی و کامەرانی و خۆشبەختی .

فەرهاد هەر بە هەمان شێوە بێدەنگ و ووشك ڕاوێستاوەو نەسرین دەستی خستووەتە سەر شانی و گوتوویەتی:-

با بڕۆین ،کاتی نان خواردنەو ئێستا دایە چاوەڕوانمانە .

چاووی سوری هەردووکیان و شادی و خەمی تێکەڵاوی سەر روویان ، زۆر شتی بۆ دایکی نەسرین روون کردووەتەوەو بۆ ئەوەی ئەویش بە یەکجاری چرای ئومید بە تاییەت لەبەر چاووی فەرهاددا هەڵبکات گوتوویەتی:-

ئەوە لە کوێن ، وەرن برسیمانە ، ماشاءالله لە دوورەوە کە دەتانبینم لە خۆشیدا دڵم بەز دەگرێت ،گەورە بوون و دەڵێی خوداوەند لە ئەزەلەوە بۆ یەکتری درووست کردوون .

كـە نەسـرین و فـەرهاد گوێیـان لـەو ووشـانە بـووە ، شــەرم دایگـرتــوون و هیــچ وولا‌مێكیــان پـێنەدراوەتەوەو بـە دەوری خووانەكـەدا بـە پـاڵ یەكـەوە دانیشـتوون و بـە پـێچەوانەی جارەكانـی رابــووردوو كــە بــە گاڵتــەو پـێكەنینەوە رایــان بوواردووە ، ووشەیەكیان لە دەمەوە دەرنەهاتووەو بە بێدەنگی نەسرین دەستی كردووە بە خوواردن كـردن بە دەمی فەرهاد و خۆیەوە و بێدەنگییەكـە بەردەوام بووە تـا داكـی نەسـرین شـكاندوویەتی و گوتوویەتی:-

چــی بــووە ، بۆچــی ئەمــڕۆ وا بێــدەنگن ، نەكات شەڕتان كـردبێت ؟

نەسرین وولا‌می داوەتەوەو گوتوویەتی:-

نــا بــە خــودا دایــە گیــان هیــچ شــەڕمان نەكـردووە .

دایكـی نەسـرین بـۆ ئـەوەی زۆرتـر تووشـی شەرم نەبن گـوتوویەتی:-

دەزانم كیژەكـەم ، دەزانم ، نانەكـەتان بخۆن بە پشتوانی خودا هەموو شتێك بە گوێرەی دڵتان دەبێت و بـا منیش بـڕۆم بـزانم بـابت چـی بە چـی كـرد لە چاككـردنی ئۆتۆمۆبیلەكـەیدا ، ئەوە چەند كــاتژمێرە خەریكیــەتی . كــە هەســتاوەو بــەرەو دەرگاكـە رۆیشـتووە لـە ناكـاودا باوكـی نەسـرین

خـۆی کـردووە بـە ژووورداو . نەسـرین و فـەرهاد هەستاونەتە سەر پێ . دایکی گوتوویەتی :-

بـە خـودای حـەڵاڵ زادەی ئـەوا دەهـاتم بـە شـوێنتدا کـە بـزانم گەیشـتی بـە کـوێ و بـانگت بکەم بۆ نان خواردن .

باوکـی نەسـرین بـە نەسـرین و فـەرهاد بـە دەست نیشانەی دانیشتنی داوەو گوتوویەتی :-

سوپـاس بۆ خـودا ئۆتۆمبیلەکـە تـەواو بـوو و هیـچ ناڕێکییـەکی نییـەو ئامادەیـە بـۆ سـەفەری سبەینێ .

نەسرین بە پرسیارەوە گوتوویەتی :-

مەگەر بە تەمای سەفەری بابە گیان ؟

بـابی نەسـرین بـە روویـەکی شـادو پـڕ لـە زەردەخەنەوە گوتوویەتی :-

بەڵێ کیژەکەم ، ئەگەر خودا بیکات بەیانی زۆر زوو دەکەوومە ڕێ .

نەسرین پرسیویەتی :-

بۆ کوێ دەڕۆی بابە گیان ؟

بابی نەسرین گوتوویەتی :-

بۆ پایتەخت رۆڵەی شیرینم .

نەسرین پرسیویەتی :-

بۆ پایتەخت ؟ بەڵام تۆ بەر لە ئێستا باسی ئەم سەفەرەت نەکردووە ، وا دیارە بۆ کارێکی زۆر بە پەلەیە و لە ناکاودا پێشهاتووە ؟

بابی نەسرین لێو بە زەردەخەنەوە گوتوویەتی :-

بەڵی ، زۆر بە پەلە و بۆ کارێکی زۆر تایبەت ، کە ئەویش پەیوەندی بە تۆ و فەرهادەوە هەیە و پشت بە خودا بە هەواڵی زۆر خۆشەوە دەگەڕێمەوە .

نەسرین گوتوویەتی :-

کەواتە بابە گیان پێمان بڵێ چییە ، ئەگینا دڵمان شەق دەبات تا دەگەڕێیتەوەو مێشکیشمان ماندوو دەبێت ئەوەندە بیری لێدەکەینەوەو لە یەکتر دەپرسین و دەگەڕێین بە شوێن وەڵامدا ، دەبێت چی بێت و لە بریتی بابەتێکی بیست پرسیاری ، لێمان دەبێت بە هەزار پرسیاری ، مەگەر وانییە فەرهاد ؟

فەرهاد وەڵامی نەداوەتەوەو تەنیا چاووی بڕیوەتە دەمی مامی .

باوکی نەسرین لە وەڵامی پرسیارەکەی نەسریندا گوتوویەتی :-

پەلە مەکە کیژی بابە پەلە مەکە ، هەر کارێك لە کات و وەختی خۆیدا .

فـەرهاد کەوتووەتـە قسـە کـردن و کتووپـڕ پاش تەواو بوونی ووتەکانی مامی گوتوویەتی:-

ببورە مامە گیان دەتوانم پرسییاریك بکەم .

مامی گوتوویەتی:-

بـەڵێ رۆڵـە شـیرینەکەم ، سـەد پرسـییار بکە .

فەرهاد پرسیویەتی:-

دەتانەوێت ئەو هەموو رێگا دوورو درێژە بۆ پایتەخت بە ئۆتۆمۆبیل ببڕن ؟

مامی گوتوویەتی:-

بەڵی کوڕەکەم .

فـەرهاد ( مردنـی داك و بابـی کـە بـە هـۆی رووداوی ئۆتۆمۆبیلـەو بـووە وەکـو شـریتێکی سینەمایی هاتووە بە بەر چاویدا ) و قسـەکەی مامـی بـڕیوەو بـە چاوێکـی پـڕ لـە فرمێسـك و قورگێکی پڕ لە گریانەوە گوتوویەتی:-

نا ، مامە گییان توو خودا ئەم کارە مەکە ، ناکرێت بە پاسی کرێ بڕۆیت ؟ هەم سەلامەتترە و هەمدیس ماندوو بوونی کەمترە .

مامی گوتوویەتی:-

بەڵام کورم . . . .

فەرهاد قسەکەی مامی بڕیوەو بە گریانەوە گوتوویەتی:-

تکایـە مامـە گیـان ، دەزانم چەنـدە مـنت خۆشـدەویت و دەزانم چەنـد بـە کـەڵکی مـن هاتوون و دەزانم وەك فەرمووتان لەبەر کارێك کـە پـەیوەندی بـە مـن و نەسـرین گییانـەوە هەیـە دەڕۆیت بۆ پایتەخت ، بەڵام بیکە بە خـاتری ئەو خۆشەویستییە ئـەم تکایـەی مـن پەسـەند بکـەو ئەوەی من گوتم ئەوە بکە .

مامـی فـەرهاد کتوپـڕ تێگەیشـتووە بـۆ فـەرهاد وا بـە پـەرۆش و گریانـەوە ئـەو داوایـەی لێکـردووە و زانیویەتی کە بیری لە مردنی باب و داکـی کـردووەتـەوە ، لـە فـەرهاد نزیـك بووەتـەوەو باوەشـی پـێدا کـردووەو بـە دەسـتماڵێك فرمێسکەکانی پاککـردووەتەوە گوتوویەتی :ـ

ئامادەم لەبەر خاتری تۆ و خۆشەویستی تۆ نە هەر بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆم نەڕۆم ، نە هەر بە پاس بـڕۆم ، بەڵکو بە پێی پیادەش ئەو ریگایە بگـرمە بەر ، تەنها تۆ دڵی خۆت تەنگ مەکە بەڵێن دەدەم ، ئـەوەی تـۆ بتـەویت مـن وا دەکـەم ، بـەڵام منـیش داوایـەکم هەیـە ئـەویش ئەمەیـە کـە تـۆ و نەسرین و ئامۆژنت بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆمان من بگەیننە شار و بە گـەراجی پاسی پایتەخت و بۆ خۆتانیش لە شار بمێننەوە تا دەمەو ئێوارەو لە پاشان بگەڕێنەوە ئێرە ، باشە ؟ پەسەند ؟

هەرسێکیان پێکڕا گوتوویانە :ـ

پەسەند . فەرهادیش بە گەرمییەوە سوپاسی مامی کردووەو ئەملاو ئەولای ماچ کردووە .

مامی فەرهاد گوتوویەتی:ـ

کەواتە ، با نانەکەمان بخۆین ، تا سارد نەبووەتەوە ، بە نێوی خودا .

هەموو کەووتوونەتە نان خواردن .

ڕۆژی داهاتوو ، لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا و بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی شەوی رابووردوو کێشاویانە کەوتوونەتە رێ بەرەو شارو باوکی نەسرینیش لەوێوە بە سواری پاس بۆ پایتەخت .

بێگومان بەر لەوەی فەرهاد و نەسرین پێکەوە قسە یان کردبێت و دڵیان بۆ یەکتر کردبێتەوە ، باب و داکی نەسرین و خزم و کەسانی نزیک پێکڕا گەیشتوونەتە ئەو بۆچوون و بڕیارە کە ئەو دووە دەبێ بۆ یەکتر بن و وا نەبێت ژیانیان لێد ەبێت بە دۆزەخ ، بەڵام تەنیا کۆسپێك بە تایبەت بیری داك و بابی نەسرینی بۆ ماوەیەکی دووروو درێژ بە خۆوە خەریك کردووە ، چوونیەتی پێکەوە جووت گرتنیان بووە چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەو کارە پێویستێکی زۆری بە دوو دەست هەیە بۆ ئەنجامدانی و بۆ

ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند پزیشکێکی دانیشتووی پایتەختی شارەزا لەو بووارەدا گفتوگۆیان کردووە و ئەوان بە باشیان زانیوە کە نەسرین و فەرهاد ببردرێن بۆ پایتەخت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ببینرێن و پسپۆرانی شارەزا فێری چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو کارەیان بکەن ، بەڵام دوو هۆ بەربەست بوون لە پییادەکردنی ئەو پێشنییازە یەکەمیان ، خوو و رەوشتی کوردێنی و دووەمیان ویستوویانە رووداوی بوون بە هاوسەری یەکتر هەواڵێکی کتووپڕو لە ناکاو بێت و بەر لە روودانی ، خۆیان ئاگایان لێنەبێت چونکە بە بۆچوونی ئەوان تام و خۆشییەکەی خۆشترو زۆرتر دەبێت . لە ئاکامدا بڕیار دراوە کە لە پێشدا باوکی نەسرین بڕوات و ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدات و زانیاری پێویست بە دەست بهێنێت و ئەگەر سەرکەوت و بوو ، ئەوجا بە هاوکاری لەگەڵ دایکی نەسریندا ئەو باسەیان لەگەڵدا بکەنەوەو لە ڕێگای دایکی نەسرینەوە ، نەسرین فێر بکرێت و پاش مارەبڕین و زەماوەند نەسرینیش فێری فەرهاد بکات .

لە ئەنجامدا بابی نەسرین زانیاری تەواوو چەندین وێنەو فیلمی ڤیدیۆ و گۆڤاری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوەو گەڕاوەتەوە گوندەکەی

خۆیان و بە بێ شەرم و شاراوەش باسەکەیان لەگەڵ مامۆستا مەلا ووسمان ، مەلای مزگەوتی گوندەکەدا کردووەو ئەویش لەبەر ناتەواوی فەرهاد و گرنگی کارەکەو رەوا بوونی ، گرفتەکەی لە گەڵ چەند مامۆستایەکی ئایینی دیکەدا تاوتوێ کردووە و لە ئاکامدا بڕیاری رەوابوونیان دەردەهێناوە بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی کە پزشکان و پسپۆران پێشنییازیان کردووە ئەو دوو لاوە بتوانن پێکەوە جووت بگرن .

نەخشەکان هەموو سەرکەوتوو بوونەو لە ئاکامدا زەماوەندێکی ئەوتۆیان بۆ سازداوە کە لە مێژووی گوندەکەیان و گوندوو شارەکانی دەوروبەریشدا بێوێنە بووەو ئەوەی خزم و کەس و خەڵکی نزیك و دوور بۆ منداڵانی خۆیانیان نەکردووە بۆ ئەوانیان ئەنجامداوە .

پاش زەماوەندەکەیان تەنیا سێ مانگ لە ماڵی بابی نەسرین ماونەتەوە و لە پاشاندا ، کە بۆ هەموو لایەکیان سەلمێندراوە کە دەتوانن خۆیان بە ڕێوە بەرن ، بڕیاریان داوە کە لە خانووە کۆنەکەی باب و داکی فەرهاددا بژین هەڵبەتە پاش نوێ کردنەوەی خانووەکەو کەلوپەلەکانیشی بە شێوەیەك کە شایانی بە نێوبانگترین بووك و زاوای ناوچەکە بێت .

بووك و زاوا گوێزاویانەتەوە بۆ هەواری تازە و پێکرا ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ئاسودەگییان بەسەر بردووە و لە هەموو رووداوێك خۆشتر بۆ فەرهادو نەسرین و داك و بابی و خزم و کەسانی نزیك و دوور ، هەواڵی سکپڕبوونی نەسرین بووە تەنیا دوو مانگ پاش زەماوەندەکەیان و کە هێشتا لە ماڵی داك و بابی نەسریندا بوون .

هەموو رووداو بە سەرهاتەکان و ژیانی رۆژانەی فەرهاد و نەسرین ، بە شێوەیەکی ئارام و پڕ لە خۆشی و شادی چووە بە رێوە تا رۆژی هێرشە دڕندانەکەی دوژمنانی داگیرکەری خوداو مرۆڤایەتی نەناس ، بۆ گوندەکەیان ، یانی پاش تێپەڕبوونی پێنج مانگ بە سەر ئاووس بوونی نەسریندا .

لە رۆژی هێرشەکەدا ، داك و بابی نەسرین لە ماڵەوە نەبوونەو بۆ سەردانی خزمێکیان چوونە بۆ گوندێکی دیکە ، فەرهاد و نەسرین لە ماڵەکەی خۆیاندا بوون ،کە نزیکی شوێن خەرمانی گوندەکەیە .کە لە هێرشەکە ئاگادار دەبن ، وا بە باش دەزانن کە لە ماڵ دەرنەچن و دەرگای حەوشەکەیان داخەن و خۆیان بێدەنگ بکەن تا بزانن رووداوەکە دەگاتە کوێ .

سەربانی خانووەکەیان ،گوێزەبانێکی بەرزی هەیە . بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکان و زانینی هۆی ئەو تەقە و گریان و زارییانەی کە هاتووە بە بەر گوێیاندا ، دەگەنە ئەو بڕیارەی کە بە ئارامی بە پلەکانەکاندا سەکەوون و لەسەربانەوەو لە کونەکانی گوێزەبانی خانووەکەیانەوە تەماشای بەسەرهاتەکان بکەن .

کە گەیشتوونەتە سەربانی خانووەکەیان ، بۆیان دەرکەوتووە کە گوندەکەیان لە هەر چووار لاوە ئابلۆقە دراوەو و داگیرکەران بە هەموو گۆشەو قوژبنێکی گوندەکەدا بڵاوەیان لێکردووەو زۆربەی خەڵکی گوندەکەش لە شوێنخەرمانەکەیدا کۆکراونەتەوەو چەند پیاویش لەسەر چەند کورسی و لە پشتی مێزێکدا دانیشتوون و کۆمەڵێك پەروەندەو کاغەزیشیان لەبەردەستدایەو بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیش دەورووبەریان بەستراوەو بۆیانیش دەرکەوتووە کە لیژنەی دادگایی کردن بوون و هەرچەند خولەکێکیش جارێك کە دەنگی تەقە لەوێوە هاتووە بە گوێیاندا ، لە ئاکامی گوللەبارانکردنی چەند کەسانێك بووە کە تەرمەکانیان لەوێدا بووە . لە تەماشا کردن بەردەوام بوونەو لە چەند خولەکێکی کەمدا

بینــەری گوللــەبارانکـردنی چەنـدین لــە خــزم و ئاشنایانی نزیکی خۆیان بوونە .

کـە چاوویان بەو دیمەنانە کـەوتووە ، دڵـە ناسـکەکەی نەسـرین بـە شـێوەیەك کەوتووەتـە لێدان کـە ترپەکانی بە ئاشکرا لە سەر کـراس و سـوخمەکەیەوە خـۆی پیشـان داوەو هەستی پـێ کـراوە ، لەشی وەکو نەمامێکی تازە چاندراو ، لە بەرامبـەر بایـەکی زۆر تونـدوو تیـژوو بـە هێـزدا ، بلــەرزێت ، لــەرزیوەو مچۆرکــەی پــێدا هــاتووەو پەیتا ، پەیتا گوتوویەتی :-

دێن ، دێن و ئێمەش دەبەن .

فـەرهاد بـەردەوام دەمـی نـاوە بـە گوێیـداو گـوتوویەتی :-

نەسـرین گیــان ، مەترسـێ ، مەترسـێ خــۆ ئەوەندە بێویژدان و خودا نەناس نین ،کـە ئێمـەی بێتاوانیش بکوژن ، بە تایبەت کاتێك کە دەزانن و دەبینن من لە سکی دایکمەوە بە بێ دەست و بازوو هاتوومەتە دوونیاوەو هەرگیز نەوەکو تفـەنگ بەڵکو پیاڵە چاییەکیشم پێ هەڵنەگیراوە ، تۆش ئاووسی و ئەوانیش موسڵمانن و هەمیشە باس لە ئیسلام و ئایین پەرستی دەکەن و (نەسرین کە لە کـاتی قسەکـردنی مێردەکـەیدا ، خـەریکی لە خودا

پاڕانەوە بووە ، لە ناکاودا ووشەکانی مێردەکەی بڕیوە ) و گوتوویەتی :_

موسڵمان ! موسڵمانن ؟ موسڵمانی چی ، مەگەر بە چاوی خۆت نابینی ( دەستی بەرەو شوێن خەرمانەکە درێژ کردوە ) رووناك تاوانبار بووکە بە دەم گوللەوە تیکە تیکەیان کرد ؟ شیرین تاوانبار بوو ؟ احمد ، حسین ، شێرە ، نالە ، ڕەشە ، عەلەی خاڵە برایمان ؟ ئەوە تەرمەکەیان نیە ؟ دەستی شکاووم ( بە لەپی دەستێکی داویەتە بە سەر دەستەکەی دیکەیدا ) ، هێشتا خوێنە گەرمەکەیان هەڵاوی لێبەرزدەبێتەوە .

فەرهادی هەژایش ، کە لەو باشتر زانیویەتی ، چی لە گۆڕێدایە ، بەڵام بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە ئارامی پێببەخشێت و تۆسقاڵێك لە ترس و دڵە کوتێکەی کەم بکاتەوە ، بەو ئاواتەوە کە زیانێك بە کۆرپەکەی نێو سکی نەگەیەت ، ئەگەر نەکوژراو زیندو مایەوە .

لە وڵامی نەسریندا گوتوویەتی :_

ئەوان جیاوازن ، دیارترن ، لاوترن . عەلەی خاڵو برایم ، دوازدە سیازدە ساڵان بوو ، خوێن گەرم و چاوو نەترس . شێرە ، نێوەکەی بە

خۆیەوە بوو ، شازدە ساڵەو چووارشانە ، وەکو ڕۆستەمی زاڵ بوو . حسین ، باڵا بەرزو کەللە ڕەق و نەترس و خوێنددەوار ، ئەوانیش لە لاوی خوێنددەوار زۆر دەترسێن . ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە . بەڵام من و تۆ چی ، بە ناسوپاسی ناڵێم ، من نیوە مرۆڤێکم و تۆش لە خودا بە زیاد بێت ، سکپڕو باردار .

نەسرین کە خەریکی لێو کرۆشتن و قژ ڕنینەوە بووە ، وەك بڵێیت گوێی لە ووشەکانی فەرهاد نەبوو بێت ، لە ناکاودا خۆی داوە بە سەر شانە بێبازووەکانیداو بە پاڕانەوەوە گوتوویەتی :۔

پیاوی چاك بەو بیکە بە خاتری خوداو پێغەمبەرو ئەم کۆرپەیەی کە لە سکمدایە ( دوو دەستی خستووەتە سەر سکی ) با بڕۆینە خوارەوە . دڵم زۆر دەترسێت . بە هەموو گونددەکەدا بڵاوەیان لێکردووە ، لەوەدایە لە هەر چرکەیەکدا بیکەن بە ژووورداو تۆش ببەن و وەکو ئەوانی تر بەبێ گوت و بێژ گولله بارانت بکەن . با بڕۆین و تۆ لە پاڵ شت و مەکەکاندا خۆت بشارەوەو منیش خۆم بە دوورینەوەی شتێکەوە خەریك دەکەم و ئەگەر من و کۆرپەکەت خۆشدەویت ، تا من بانگت نەکەم شوێنەکەت بە

جێ نەهێڵێت ، باشە ، بەڵێنم دەدەیتی وەکو بەڵێنەکانی جاران ؟

فەرهاد بە سەرو بە ووشەش بەڵێنی پێداوەو ئەوجا نەسرین گوتوویەتی :-

تا پێت دەکرێت هەوڵ بدە نەجوولێیتەوەو بە توندی هەناسە نەکێشیت نەوەکو گوێیان لێبێت و پەیدات بکەن و کە رۆیشتن ئەوجا من بەرەو لای تۆ دێم و بانگت دەکەم و . . .

نەسرین هێشتا گوتەکەی تەواو نەکردووە کە لە ناکاودا لە دەرگا دراوە ، هەردوو بە پەلە خۆیان گەیاندووەتە خوارەوە ، بە گوێرەی پێشنیازەکەی نەسرین و بۆ ئەوەی دڵی نەرەنجێت ، فەرهاد بەرەو یەکێك لە ژوورەکان رایکردووەو لە پشت نوینەکاندا خۆی شاردووەتەوەو نەسرینیش بە پەلە پارچەیەکی نیوە دووراوی جلی کۆرپە هێشتا لە دایك نەبووەکەی هەڵگرتووەو بە پەلە بەرەو دەرگاکە رۆیشتووە . بە دەنگێکی بەرزەوە گوتوویەتی :-

کێیە ، کێیە . واهاتم .

دەنگی تەقە بەردەوام بووە ، هەروەها دەنگی لێدانی دەرگاکەیان . هەر تەقەیەك لە بیری نەسریندا ، واتای مردنی مرۆڤێکی بێتاوان و هەر هەنگاوێکیش بەرەو دەرگاکە ، یانی

هەنگاویك لە مەرگ نزیك بوونەوە . هێشتا خۆی نەگەیاندووەتە دەرگاکە ،کە دەرگاکە شکێنراوەو سێ چەکداری ڕیش درێژی چڵکن و پۆستاڵ لە پێ خۆیان کردووە بە ژووردا و بەرەو نەسرین هێرشیان بردووەو لوولەی چەکەکانیان ئاڕاستەی سینەی کردووەو یەکێکیان بە زمانێکی جیاواز لە زمانەکەی ئەو ـ کە نەسرین لە قوتابخانە فێری بووە۔ قیراندوویەتی بە سەریداو گوتوویەتی :۔

بێناموس ، بۆچی دەرگاکەمان لێناکەیتەوە ، خەریکی چی بوویت ، ها ، چەك و نووسراوەکانت دەشاردەوە ؟

پڕ بە هێزی دەستی چەپی زللەیەکی داوە بە بنا گوێی نەسریندا ، لەوەدا بووە بەر ببێتەوە ، بەڵام خۆی پێڕاگیراوەو ڕووی لە ڕیشدارەکان کردووەو بە پاڕانەوەوە گوتوویەتی :۔

خودا خۆی دەزانێت ، وەك خۆتانیش دەبینن نزیکی دەرگاکە بووم ، بەڵام لەبەر ئەوەی ، ئێوەش وەك برام ، پێنج مانگە باردارم ، پێم نەکرا بە پەلە خۆم بگەیەنم بە . . .

یەکێك لە ڕیشدارەکان ووشەکانی بڕیوە و گوتوویەتی :۔

بێئابڕو نێوی خودا مەهێنە ،ئێوە کەی باوەڕتان بە خودا هەبووە ،کەی خوداتان ناسیوە ، کە ئەمڕۆ دەیکەیت بە گەواە ( شاهد ) بۆ درۆ و دەلەسەکانت .

ڕیشدارێکی دیکە لێی نزیك بووەتەوە ، بە دەست نیشانەی بێدەنگی داوە بە ئەوی دیکە ، بە ئارامیەوە بە نەسرینی گوتووە :-

کەواتە ، بە هۆی سکپڕییەوە پێت نەکرا زوو دەرگاکەمان بۆ بکەیتەوە ، وانیە ؟

نەسرین لە وڵامدا گوتوویەتی :-

بەڵێ هەروایە کە گوتم .

هەمان ڕیشدار ڕووی لەوانی دیکە کردووەو گوتوویەتی :-

چاوتان لێبێت ،ئاووسە .کیژێك بەم منداڵی و کەم تەمەنیە ، ئاووسە . ڕووی لە نەسرین کردووە و گوتوویەتی :-

ئەی بۆچی سکت زل نەبووە ؟

کە دەستی بۆ سکی نەسرین درێژ کردووە ، نەسرین خۆی کێشاوەتە پاشەوەو بە شەرمێکی زۆرەوە و بەو پەڕی سادەییەوە لە وڵامدا گوتوویەتی :-

بێگومـان خۆتـان ژن و خوشـك و داكتـان هەیەو دەزانن لە پێشدا سك خۆی پیشان نادات و لە پاشاندا كەم كەم بەرز دەبێتەوە .

یـەكێك لـە ڕیشـدارەكان ووشـەكانی بـڕیوە و گـوتوویەتی :-

چاووتـان لێبێـت زمانـی چەنـد دریـژە ، خەریكە فێری زانستی پزیشكیمان دەكات .

قیڕاندوویەتی بە سەریدا و گـوتوویەتی :-

بیبـڕەوە بـێ حـەیا ، ئـەگینا زمـانت لـە بنـدا دەبڕم .كوا مێردە تاوانبارەكەت ، لە كوێیە ، زووبە قسە بكە ؟ .

نەسرین بە تكا كـردنەوە گوتوویەتی :-

بـە خـودا تاوانبـار نیـە ، بێگوناهـە ، بـەڵام لـە ماڵەوە نیە .

یەكێك لە ڕیشدارەكان ، گوتوویەتی :-

لە ماڵـەوە نیەو بێگوناهـە ، بەڵێ ، بێحەیا ؟ ئەی پێم ناڵێیت لە كوێیە ؟ یاخیەو لە چیادایە ؟ ها ؟ وا نیـە ؟ خـەریكی شـەڕكردنە ؟ براكانـی ئێمـە دەكـوژێت ؟ دژ بە ئێمەو بیرو باوەڕەكـەمان چەكی هەڵگـرتووە ؟

تـووڕە بـووەو بـە دوو دەسـت چەكەكـەی بەرزكـردووەتـەوەو بـە قۆنداخەكـەی پـڕ بـە هێـزی بـازووی داوویەتـە بـە سینەی نەسـریندا ، نەسـرین

پشـتاو پشـت ڕۆیشـتووەو بەربووەتـەوەو پشـتی سـەری داویـەتی بەسـەر بـەردە ڕەقـەکانی نێـو حەوشەکەدا ،ئەوجا هەمان ڕیشدار دەستنیشانی بۆ دووەکەی دیکە کردووەو گوتوویەتی:-

وەرن با ژوورەکان بپشکێنین .

هەرسـێکیان بـەرەو ژوورەکـان ڕۆیشـتوون . نەسـرین یـەك دووجـار ویسـتوویەتی هەڵبسـتێت ، بـەڵام پـێی نـەکراوەو دووبـارە بەربووەتـەوە . پاش هەوڵ و تەقەلا یەکی زۆر توانیویەتی دانیشێت و لە دوورەوە ڕوو لـە ڕیشـدارەکان بکـات و بە پاڕانەوە بڵێت:-

بیکەن بە خاتری خودا ، بیکەن بە خاتری پـێغەمبەر ،گـوتم لـە ماڵـەوە نیـە ، بـەڵام بـە خـودا شەڕکەر نیە ، شەڕی بێناکرێت سەقەتە ، لە سکی دایکیەوە بە بێدەست و باڵ لە دایك بووە .

یـەکێك لـە ڕیشـدارەکان لێـی گەڕاوەتـەوەو رووی لە نەسرین کردووەو گوتوویەتی :-

ئیتر خراپتر ، پێشمەرگە نیە ، شەڕکەر نیە ، کەواتە سیاسیە ، پیلان کێشە ، ڕێشاندەرە ، لاوان فریودەرە ، وایە بێناموس ؟ ( مشتێکی داوە بە سەر شانی نەسریندا )کوا ؟ لە کوێیە ؟ پێمان بڵـێ ، لە کام گونددایە ؟ لە کام شاردایە ؟ لە کام چیادایە ؟ بڵـێ ، قسـە بکـە ، ئـەگینا بـە گوللـە لـەت لـەتت

دەکەم . ماشەی چەکەکەی ڕاکێشاوەو چەند گوللەیەکی تەقاندووە بەم لا و ئەولای نەسریندا .

نەسرین وەکو پەروانە بە چوواردەوری خۆیدا خوولاوەتەوەو بە پاڕانەوە هاواری کردووە و گوتوویەتی :-

نا ، نا ، ڕاوەستن ، تکایە ڕاوەستن ، پێتان دەڵێم ، ڕاستیتان پێدەڵێم .

هەناسە لە سینەیدا حەپەساوە ، تووشی هەناسە برکێ بووەو بچڕاو بچڕاو قسەی کردووەو گوتوویەتی :-

لە ڕاستیدا من مێردم نیە . بێوەژنم ، مێردەکەم مردووە . . .

یەکەم ڕیشدار قسەکەی نەسرینی بڕیوەو بە قین و تووڕەییەوە گوتوویەتی :-

بێئابڕوو ، بۆچی دیسان درۆمان لەگەڵدا دەکەیت ؟ مێردەکەت مردووە یا لەشەردا کوژراوە ؟ .

ڕیشدارێکی دیکە گوتوویەتی :-

بێگومان کوژراوەو بە درۆ دەڵێت مردووە .

ڕیشداری پێشوو ڕووی لە نەسرین کردووە گوتوویەتی :-

ئەگـەر وایـە ، تـۆ ژنـی یا خییـەکی شـەڕکەرو مـرۆڤ کـوژی و تاوانـی هاوسـەرو هاوڕێـی مرۆڤـی پیاو کوژیش کوشتنە .

لولەی چەکەکـەی ئاڕاستەی سەرو سینەی نەسرین کـردووەو لەوەدا بووە گوللەبارانی بکـات ، کـە دووهـەم ڕیشدار لێی نزیك بووەتـەوەو هـاواری کـردووە و گـوتوویەتی :_

دەست ڕابگـرە ، نەیکوژیت .

لە نەسرین نزیك بووەتەوە و لێی پرسیوە :_

گوتت مێردەکەت مردووە ؟

نەسرین کتوپڕ وڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی :_

بەڵێ .

هەمان ڕیشدار گوتوویەتی :_

خـودا لـە گوناهـی خـۆش بێـت ، بـەڵام پـێم ناڵێیت لە کەیەوە مردووە ؟

نەسرین گوتوویەتی :_

لە مێژدا . ( بە بەشۆکاوی و لێوە لەرزەوەو لە ناکاودا ) نا ، نا ، چەند . . .

سێهەم ڕیشدار کە لە دوورەوە گوێی لە گوت بێژەکـان بـووە ، لـە گـەڵ بیسـتنی وڵامەکـەی نەسـریندا بـە پـەلە هێرشـی بـۆی بـردووە و گـوتوویەتی :_

ئەی بێئابڕو ، ئەی ( زنا ) کار مێردەکەت لە مێـژدا مـردووەو تـۆ سـکت پـڕە ؟ مـن لـە یەکـەم چرکەوە کە چاووم بە تۆ کەوت زانیم ژنێکی درۆزن و لەش فـرۆش و زناکـاری . دەزانـی سـزای زناکـار چیــە ؟ لولــەی چەکەکــەی ئاڕاســتەی ســینەی کـردووەو کتوپڕ پەنجەی پێدا ناوە .

بە جوولەیەکی زۆر بە پەلە دووهەم ڕیشدار داویــەتی بــە ژێــر دەســتیداو گوللــەکان چــوون بــە ئاسماندا .

دووهــەم ڕیشــدار ڕووی لــە ســێهەم ڕیشــدار کـردووەو گوتوویەتی :-

هێشتا زووە نەزان . هێشتا زووە . بۆ کوشتن و لــە نێوبردنــی لووقمەیــەکی وا چــەورو ئامــادە . دووری بخەرەوە ، چەکەکەت دووربخەرەوە .

دەستی خستووەتە سەرشانی نەسرین و زۆر بە هێمنی گوتوویەتی :-

زۆر چــاك گــوێم لێبگــرە ، ( کۆتایــی دووا ووشەی زۆر درێژ کـردووەتەوە وەك بڵێیت بیری لە شتێك کـردبێتەوە ) ببوورە نێوتم لە بیر چوو ، نێوت چی بوو ؟

نەســـرین کتوپـــڕ وڵا مـــی داوەتـــەوەو گـوتوویەتی :-

نەسرین ، نەسرینی کارەکەرت .

دووهـــــەم ڕیشـــــدار بـــــەردەوام بـــــووەو گوتوویەتی :-

بەڵی نەسرین ، زۆرچاك گـویم لیبگـرە . لە پیشدا گـوتت سکت پڕەو میردت هەیە . پاشان گوتت میردەکەت لە ماڵەوە نیە . جاریکی دیکە بیری خۆت گـۆڕی و گـوتت میردەکـەت لـە میـژدا مـردووە . دیسـان بـیرت گـۆڕی و گـوتت ، تـازە مردووە . . .

نەسـرین بـە تـەما بـووە قسـە بکـات بـەڵام دووهەم ڕیشدار هەلی پینەداوەو بەردەوام بووە لە قسە کـردندا و گوتوویەتی :-

بیدەنگ بە با قسـەکـەم تەواو بکـەم ، ئەگینا ، ( نەسرین قسەکەی بڕیوە ) و گوتوویەتی :-

بە چاووان .

دووهـــــەم ڕیشـــــدار بـــــەردەوام بـــــووەو گوتوویەتی :-

ئافەرین ئیستا بووی بە ژنیکی چاك ، بەڵێ دەمگوت ، لە بیرم چوو ، چیم دەگوت ، ( دەستی هیناوە بە نیوچاوانی خۆیدا ) بەڵێ هاتەوە بیرم ، ئیستاش وا دیارە بە تەمای شتیکی دیکە بڵییت کە بیگومان جیاواز لەوانەی پیشوو ، بەڵام ، گویی مەدەرێ ئیمە لای هیچ کەسیك باسی ئەم قسانەی تۆ ناکـەین ، بـە تایبـەت لای سـەرۆك دادگـا ، کـە

ئێستا لە شوێن خەرمانی گوندەکەتاندا خەریکە فەرمانی خودا بە جێدەهێنێت و تاوانباران گوللە باران دەکات . با شتێکی دیکەشت پێ بڵێم تاوانەکەی تۆ لە تاوانی هەموو ئەوانەی کە گوللە باران دەکرێن گەورەترو سەنگین ترە . دەزانی بۆ ؟ ( خۆی وڵامی خۆی داوەتەوە ) چونکە :-

یەکەم: ( بە پەنجە نیشانەی ژماردنی پیشانداوە ) لە ماوەیەکی زۆر کەمدا چەندین جار درۆت کردو خۆتیش دەزانیت درۆزن دوژمنی خودایەو دووژمنی خوداش سزای کوشتنە .

دووەم: زناکاری و سزای زناکاریش بەردەباران کردنی تا مردنە . . .

سێهەم ڕیشدار دەمی ناوە بە گوێی دووهەم ڕیشدارەوە و گوتوویەتی:-

زنای چی و سکپڕی چی . درۆ دەکات . هێشتا هەر کیژی دەست لێنەدراوە ، لە سەرو سیمای دیارە .

دووهەم ڕیشدار بە بێ ئەوەی تەماشای سێهەم ڕیشداری کردبێت ، ڕووی لە نەسرین کردووەو بەردەوام بووەو گوتوویەتی:-

من دەزانم ، ( نەسرین دیسانەوە ویستوویەتی قسە بکات . دووهەم ڕیشدار بە دەست نیشانەی بێدەنگ بوونی پێیداوە ) من

دەزانم ( ووشەکەی دووپات کردووەتەوە ) کە تۆ خۆتیش زۆرچاك دەزانیت ، سزای ئەم دوو کردەوە نا پەسەندەی تۆ ، لە ئایینە پاکەکەی ئێمەدا مەرگە ، بەلام ( ووشەکانی ئارام کردووەتەوە ) ئێمە تۆ ناکوژین چونکە :ـ

یەکەم: ( بە پەنجە نیشانەی ژماردنی پیشانداوە ) زۆر گەنجی و زۆریش جوان و ناسکی . ( نەسرین لەوە چرکەیەدا ، شێوەی گوللە باران کراوە گەنج و جوانەکانی گوندەکەیانی وەکو فیلمێکی سینەمایی هاتووە بە بەر چاوو بە مێشکیدا )

دووەم: ئێمە خاوەن ویژدانین و زۆر چاك دەزانین ژنی لا وی وەکو تۆ ،کە لەم تەمەنە کەمەدا شووی کردبێت و بەداخەوە ، مێردەکەی لە دەست دابێت و مردبێت ، ئێستا چەند پێویستی بە مێردو هاوسەروو جووت گرتن هەیە . ( نەسرین هەناسە لە سینەیدا گیری خواردووە ، وواقی وورماوە ، زمانی بەستراوە ، قسەی پێنەکراوەو بێدەنگ تەماشای دەمی ڕیشدارەکەی کردووە ) بەو هۆیەوە ، لە لایەکەوە لە بەر خاتری تۆ کە بێوەژنێکی لاوی ، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بە ئایینەکەشمان کەم تەرخەمیمان نەکردبێت و لە بەرامبەر خودای گەورەو

میهرەبانیش شەرمەزارو تاوانبار نەبوویێتین ، ئێمە ، ( دەست نیشانی بۆ خۆی و دوو ڕیشدارەکەی دیکەش کردووە ) ئەم سێ برایە ، بڕیارماندا کەوا ئەم ئەرکە شەرعیە بگرینە ئەستۆی خۆمان و بە گوێرەی پەیڕەوو پرۆگرامی شەریعەتی ئاینە پیرۆزەکەمان ، یەك لە دوای یەك تۆ بکەین بە ژنی خۆمان و ئەرکی ژن و مێردی بە جێبهێنین و پێکەوە بنوین و پاش تەواو بوون دیسان بە گوێرەی شەریعەتە پیرۆزەکەمان لە یەکتر جوودا ببینەوە ، تاوەکو ئەوەی دیکەمان پێی بکرێت تۆ بە ژنی خۆی ، پەسەند بکات .کە هەرسێکیشمان تەواو بووین ئەوجا لە گوناهەکانت دەبوورین و چاوو دەپۆشین و گەردنت ئازاد دەکەین و بە بێدەنگی دەڕۆین و لە ماڵەکەی خۆتدا بە جێت دەهێڵین . بەم کارە پیرۆزە لە لایەکەوە تۆمان دڵخۆش کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە لە لایەن خوداوەندەوە پاداشێکی زۆر گەورەمان بە دەست کەوتووە . ( نەسرین هەروا حەپەساوەو بە بێ چاوو پوورکە تەماشای دەمی ڕیشدارەکەی کردووە . دەنگی تەقە بەردەوام لە دوورەوە گەیشتووەتە گوێی . یەکەم ڕیشدار چەکەکەی خستووەتە تۆی ئەژنۆکانی و خەریکی کردنەوەی

فیشەکدان و پشتوێنەکەی بووە ) ئیتر نازانم بڕیاری تۆ چیە ؟

( نەسرین بێدەنگ ڕاویستاوە ) .

ڕیشدارەکە زۆر بە توندی ڕایوەشاندووە و پێیگوتووە :۔

هێی لە گەڵ تۆدا قسە دەکەم ، بیرت لە کوێیە ؟ ( نەسرین ڕاچەڵکاوەو ویستوویەتی قسە بکات . یەکەم ڕیشدار چەکەکەی فڕێداوە . هێرشی بۆ نەسرین بردووەو باوەشی پێدا کردوە ) و گوتوویەتی :۔

بڕیاری چی و ڕای چی ؟ نۆرەی منەو من دەبم بە یەکەمین مێردی ئەم پەرییە ئاسمانیەو ئەم حوورییە بەهەشتییە .

نەسرینی هاوێژتووەتە سەر زەمین و خۆیشی هاوێژتووەتە سەر سینەی .

دوو ڕیشدارەکەی دیکەش بە سەر ڕاوەشاندن و پێکەنینەوە ڕوویان وەرگێڕاوەتەوەو لە دیمەنەکە دوور کەوتوونەتەوە .

ڕیشدارەکەی سەر سینەی نەسرین لە سینەوە کراسەکەی نەسرینی دادڕاندووەو ئەژنۆکانی خستووەتە ئەم لا و ئەو لای ڕانەکانی نەسرین . پشتی کوڕ کردووەتەوە . لە ژێرەوە چنگی لە دۆخێنەکەی نەسرین گیرکردووە .

نەسرین بەربووەتە هاوارو پاڕانەوەو دەست و پێ ڕاوەشاندن و هەوڵدان بۆ خۆ ڕزگارکردن . قیژاندوویەتی :-

هاوار ، هاوار ، کوردینە فریام کەون ، فریام کەون ئەم ناموسڵمانانە ئابڕوومیان برد .

فەرهاد کە گوێی لە هاوارەکەی نەسرین بووە ، بەڵێنەکەی شکاندووەو لە ناکاوودا لە ژوورێکەوە دەرپەڕیوەو بە پوورکەی چاوێک هێرشی بۆ ڕیشدارەکەی سەر سینەی نەسرین بردووە . پڕ بە هێزی پێی لەقەیەکی لێداوە و گوتوویەتی :-

وازی لێبێنە ئەی نا موسڵمان ، من مێردیم ، بێویژدان ،

نەسرین لەگەڵ هەوڵ و تەقەلا کردندا بۆ خۆ ڕزگارکردن قیژاندوویەتی :-

ڕاست دەکات ، ڕاست دەکات ، من مێردم هەیە . ئەمە مێردەکەی منە .

لەو چرکەیەدا کە فەرهاد لە بەر بێ دەست و بازوو بوونی ، پەیتا پەیتا بە پێ خەریکی لێدانی ڕیشدارەکە بووە . دووهەم ڕیشدارو سێیەهەم ڕیشدارکە لەو کاتەدا لە دیمەنەکە دوور بوون ، ڕوویان سوڕاندووەتەوەو لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی فەرهاد کردووەو هەر یەکەیان شانەیەک

گوللـەی نـاووە بـە سـەروو سـینەیەوە . بـە دەم گوللەکانەوە کـەوتووە بەسـەر ڕیشـدارەکەی ڕووی نەسریندا کە دیسانەوە خەریکی مشت و مڕ بووە لـە گـەڵ نەسـریندا . نەسـرین لـە خۆپاراسـتن کـــەوتووە . ڕیشـــدارەکە خـــۆی ڕاوەشـــاندووەو تەرمەکـەی فـەرهادی لـەخۆی دوورخستووەتەوە ، بـە دوو دەسـت زۆر بـە توونـدی دەم و چـاووی نەسرینی گوشیوەو گوتویەتی :-

ئیتر چیت دەوێت ، خودا پێیدای ، ئەوا بە ڕاستی بێمێرد بوویت و بوویت بە بێوەژن و مەرجە پێویسـتیەکانی ئـەم کـارە شـەرعیەی ئێمـەت بـە دەست هێنا و ئیتر دڵنیابە کـە تووشی هیچ جۆرە گوناهێك نابێت ، نە گەورە و نە پچووك وهەوڵ بدە بە تەواوی بیرو هۆشی خۆت بخەیتە سەر ئەم کارە خۆشـەی کـە پـێکەوە دەیکـەین ، تێگەیشـتی ، هـــا ؟ . ( ســـەری نەســـرینی زۆر بـــە تونـــدی ڕاوەشـاندووە ) ئـیتر ئەوەنـدەش درۆ و دەلەسـە مەکـــەو بیـــانووش مەهێنـــەرەوەو کۆســـپ و دیواریشمان بۆ دروست مەکە .

نەسـرین بێـدەنگ بـووە . دوو ڕیشـدارەکەی دیکـە هەریەکـەیان لاقێکـی فـەرهادیان گـرتووەو ڕایان کێشاوەو لە دیمەنەکە دووریان خستووەتەوە و یەکێکیان گوتوویەتی :-

چاوتان لێبێت دەست و باڵیشی نیە و بەم جۆرە هێرش دەبات ، ئەگەر هەیبوایە چید ەکرد ؟

ڕیشدارەکەی دیکە گوتویەتی :-

بێگومان هەمووما‌نی دەخوارد .

ڕیشدارەکەی دیکە بە توڕەییەوە لاقی فڕیداوەو گوتوویەتی :-

بڕۆ بۆ دۆزەخ .

ڕیشدارەکەی سەر سینەی نەسرین ئەژنۆکانی خۆی خستووەتە نێو ڕانەکانی نەسرینەوە و شەڕواڵەکەی خۆی دەرهێناوەو دەرپێکەی نەسرینی دڕاندوەو سەروو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردوەتەوە و گوتوویەتی :-

خودایە بە ئاگاداری تۆ و گەواهی ئەو دوو برایەمکە لەوێدا ڕاوێستاوون و زەق زەق لە ژێرەوە تەماشامان دەکەن و بە گوێرەی بڕیارە شەرعیەکانی ئایین و ئایینزا پیرۆزەکەمان ، من ئەم ئافرەتە بە ژنی خۆم پەسەند دەکەم و لەم چرکەیەوە بە ( حەلاڵی ) خۆمی دەژمێرم .

( دەستەکانی ماڵیوە بە یەکداو هێناویەتی بە ڕیشیدا و خۆیداوە بە سەر نەسریندا ) .

نەسرین بێدەنگ بووەو جوولەی لێوە نەهاتووە . ڕیشدارەکە بە دەنگی بەرز کەوتووەتە هەناسکە هەناسک .کە دووا هاواری خۆشی

کــــردووە ، دوو ڕیشـــدارەکەی دیکـــە پـــێکرا گوتوویانە :ـ

نوێشی گیان . نوێشی گیان .

ڕیشـدارەکەی سەرسینەی نەسـرین خـۆی فڕێداوەتە پاڵ نەسرین و لە سەر پشت ڕاکشاوەو دەســتی بـــۆ ئاسمـــان بـــەرزکردووەتـــەوە و گوتوویەتی :ـ

خودایــە سوپــاس ، سوپــاس بــۆ ئــەم ( نیعمەتـەی )کـە بـە ئێمـەت داوەو من بـە ئاگـاداری ئەو دوو برایەم ، پاش ئەوەی جارێکی دیکـەش لە گەڵیدا دەخەوم ، ئەم ژنەی خـۆم ( تـەڵاق ) دەدەم و لەو چرکەیەوە کە . . . .

دوو ڕیشـدارەکەی دیکـە لێیـانکـردووە بـە هاوارو قسەکەیان بڕیوە و گوتوویانە :ـ

قسـەی پـووچ و بێمانـا ، لـە یـەکجار زۆرتـر مـافت نیـە . یـەکێکیان سـەری بـۆ ئاسمـان بـەرز کـردووەتەوە و گوتوویەتی :ـ

خودایە باوەڕی پێ مەکە گاڵتە دەکات .

ڕیشـدارەکە داویـەتی لـە قاقـای پـێکـەنین و گوتوویەتی :ـ

چـاووت لێیـان بێـت ، چەنـد بـە پـەلەن و چۆنیش خەڵەتان و باوەڕیان پێ کـردم .

دیسانەوە دەستی بەرز کردووەتەوە و گوتوویەتی :_

بەڵێ ڕاست دەکات خودایە گاڵتەم کرد و من بە ئاگاداری ئەو دوو برایەم ، ئەم ژنەی خۆم تەلاق دەدەم و لەم چرکەیە بە دوواوە لە من حەرامەو هیچ مافێکم بە سەریەوە نامێنێت و پەیوەندی ژن و مێردی لە نێوانماندا هەڵدەوەشێتەوە وکۆتایی پێدێت .

هەڵساوەتە سەر پێ و شەرواڵەکەی خۆی کێشاوەتە سەرەوەو بەرەو دوو ڕیشدارەکەی دیکە ڕۆیشتووە . نەسرین بێ جم و جۆڵ بووە . دوو ڕیشدارەکەی دیکە کردوویانە بە مشت و مڕو یەکتر ڕاکێشان و پاڵ بە یەکترەوەنان ، هەر یەکەیان ویستوویەتی زووتر بەرەو نەسرین بڕوات . شێرو خەتیان کردووە . دووهەم ڕیشدار بردوویەتیەوەو بەرەو نەسرین ڕۆیشتووە . دووەکەی دیکە ڕوویان لە دیمەنەکە وەرگێڕاوەتەوە . دووهەم ڕیشدار خەریکی کردەوە ناشیرینەکە بووە . نەسرینیش بێدەنگ و بێجولە .

سێهەم ڕیشدار لە یەکەم ڕیشداری پرسیوە :_

وەختە ئاگرم تێبەربێت . پێم بڵێ چۆن بوو ؟

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :_

نیعمەت ، نیعمەتی خودا . باوەڕ دەکەیت ، بە درێژایی تەمەنم وەکو ئەم جارە هەستم بە ( لەزەت ) نەکردووە . پەریە ، پەری . کە ئێوە تەواو بوون جارێکی دیکەش دەیخووازمەوە .

سێهەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

نا ، بەسە ، درەنگە زۆر دوا کەوتین ، دەترسێم براکانمان نیگەران بن و وابزانن خودا نەکەران شتێکمان بەسەر هاتبێت .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

وا چاکە برۆم پێیان بڵێم ، ئێمە سەلامەتین و خەریکی پشکنینی ماڵی تاوانبارانین و ئەگەر کرا شۆڤێرەکەی سەرۆکیش بانگهێشت بکەم بۆ ئەم خوواردنە خۆشە ، چونکە دوێنێ لە گوندێکی دیکەدا ، ئەو بۆ شتێکی وا بانگی کردم . . .

سێهەم ڕیشدار گوتەکەی بڕیوەو گوتوویەتی :-

نا ، نا شتی وا مەکە ، تووانای هاوکاری دیکەمان نیە ، باشترە منیش بیخوازم و لە پاشان بڕۆین و لە هەلی داهاتوودا ئەویش بانگهێشت دەکەین ، لەوەدایە لەم چاکترو پاکترمان دەست بکەوێت . . .

یەکەم ڕیشدار گوتەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :-

چـی ؟ لەمـە باشـتر ، بـە گـەورەیی خـودا سەرتاسەری جیهان بگەڕێیت ، پاروویەکی وەکو ئەمەت دەست ناکەوێت . بڕۆ تامی بکە ئەوجا دەزانیت چیەو ڕای خۆتی لەسەر بدە .

ناڵـەی خۆشـی دووهـەم ڕیشـدار گـوت و بێژەکـەیانی بـڕیوە . هـەردوو ئاوەڕیان داوەتـەوەو گوتوویانە :_

نۆیشی گیان .

دووهـەم ڕیشـدار خـۆی پـێچاوەتەوەو هەڵساوەتە سەر پێ . سیهەم ڕیشدار بە پەلە خۆی گەیاندووەتـە تەنیشـتی و پـاڵی پـێوە نـاوە و گوتوویەتی :_

پەلەکە ، بڕۆ لەولاتر خۆت لەبەرکە ، ئاگرم تێبەربوو .

بـە پـێوە شـەرواڵەکەی دەرهێناوەو خـۆی فڕێداوەتە پاڵ نەسرین . بەر لەوەی بڕواتە سەر سینەی ، تەماشایەکی نێولنگی کردووە ، ڕووی لە دوو ڕیشدارەکەی دیکە کردووەو بە پێکەنینەوە گوتوویەتی :_

ئـەی بێویژدانـان بـزانن چیتـان بـە سـەری هێناوە ، وەکو بۆڕی شکاو لـە پێشـەوە خوێنـی لێدەفشقێت .

کتوپـــڕ دەســـتی خســـتوەتە ژێـــر پشـــتی نەســـرینەوەو ســـوڕاندوویەتیەوە ، لـــە پشـــتەوە باوەشـــی لێـــداوە ، ســـەری بـــەرەو ئاسمـــان بەرزکـردووەتەوە و گوتوویەتی :-

خودایـە بـە ئاگـاداری تـۆو گـەواهی ئـەم دوو برایەم ، من . . .

هاواری یەکەم ڕیشدار گوتەکەی بڕیوە ، کە گوتوویەتی :-

نەکـــەیت کـــورە نەکـــەیت ، ( بـــە قاقـــای پێکەنینەوە ) لە گـەڵ بـرا ژنی خۆتدا بخـەویت ، بە زنا دەژمێردرێت ، ها . . .

ســێهەم ڕیشــداری ســـەر پشـــتی نەســـرین قسەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :-

مەبەستت چیە ، برا ژنی چی و زنای چی ؟ بۆچی بۆ ئێوە ڕەوابێت و بۆ من ناڕەوا ، بە خودا وای دەخوازم زیرەی لێهەڵدەستێنم . ( هێزی داوە بە خۆی ) ، دیسان هاواری یەکەم ڕیشدار بەرز بووەتەوەو گوتویەتی :-

بـە خـودای گاڵتـە ناکـەم ، گەوجـە کـە ئـەم برایەمان تەواوی کـرد ، تۆ ئەوەندە پەلەت کـردو لێت کـرد بـە هـەڵا ، ژنەکـەی خـۆی تـەڵاق نـەداو هێشتا هەر لەسەر ئەو دەژمێردرێت .

سێهەم ڕیشدار لە سەر پشتی نەسرینەوە کە خەریکی کارە ناڕەواکە بووە ،گوتوویەتی :-

دەیدا نایدا کەیفی خۆیەتی . . .

دووەم ڕیشدار قسەکەی بڕیوەو بە دوو دەست داویەتی بە سەر خۆیداو بە پێکەنینەوە گوتوویەتی :-

ئەی خاکم بە سەر ، منیش لە بیرم چوو ، نەکەیت کورە نەکەیت ، پیاوی چاك بە ، لە گەڵ ژنەکەمدا نەخەویت ، هەر ئێستا وازی لێدەهێنم ( دەست و سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە ) و گوتوویەتی :-

خودایە لێم ببورە ئەو برایە هێندە پەلەی لێکردم کە تەڵاق دانی ژنەکەشم لە بیرچوو ، بەڵام بە ئاگاداری ئەم برایەو ( دەستی بۆ یەکەم ڕیشدار درێژ کردووە ) ئەو برایەی سەر پشتی ژنەکەم ، من نەسرینی ژنم تەڵاق دەدەم و لەو چرکەیەوە کە دەستیان بە شتە خۆشەکە کردوە من وازم لێیهێناوەو مافم بە سەریەوە نەماوە . ( ڕووی لە سێهەم ڕیشدار کردووە ) بەردەوام بووەو گوتویەتی :-

من تەواو ، ئیتر نەسرین تایبەت بە خۆتە ، چی بەسەر دەهێنیت ، بیهێنە ، بەڵام تۆش لە بیرت نەچێت مارەی ببڕیت .

سێهەم ڕیشدار کەمێك خۆی کێشاوەتەوە و گوتوویەتی :-

چاووت لێیان بێت لە بەختی ڕەشی من هەموو بوون بە مەلای دوازدە علم ، ( دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوەو زۆر بە نەرمی ) گوتوویەتی :-

خودایە وەك گوتم و گوتەکەمیان بڕی ، بە ئاگاداری تۆ و گەواهی ئەو دوو برایەم ، من ئەم ئافرەتە بە ژنی خۆم پەسەند دەکەم ، بەڵام ، لەبەر ئەوەی ڕێشاندەرانی ئایین و ئاینزا پیرۆزەکەمان ڕێزێکی زۆر لە ئافرەت دەگرن و هەموو هەوڵێکیان داوە لە پێناوی شادی و دڵخۆشی ئەودا ، وا بڕیاریان داوە و بە خاڵێکی گرینگی شەریعەتیش لە قەڵەم دراوە ، کە ئەگەر هات و پیاو چاووی بە خوێنی نێو لنگی ئافرەت کەوت ، بۆی هەیە لە پشتەوە جووتی لەگەڵدا بگرێت ، بەو هۆیەوەو بۆ ئەوەی دژ بە پایەیەکی زۆر گرینگی ئاینەکەمان ڕانەوەستابێتم ، وا لە پشتەوە جووتی لەگەڵدا دەگرم .

لەو چرکەیەدا کتوپڕ . پڕ بە هێزو توانای ، خۆیداوە بەسەر نەسریندا . بەر لەوەی کارە پیسەکەی لەگەڵدا کردبێت ، دەمی ناوە بە گوێیدا و گوتوویەتی :-

چاووت لێیە هاوسەرە خۆشەویستەکەم من چەند مرۆڤێکی بە بەزەییم . من وەك ئەوانی دیکە بێویژدان نیم . ببورە ،کەمێك ئازارت دەبێت ، بەڵام تامەکەی بۆ هەردووکمان خۆشترە ، وانیە ؟

نەسرین بێدەنگ بووەو بێجولە .

ڕیشدارەکە لە پشتەوە چنگی لە قژەکەی گیر کردووە ، بە ملەوە بەرزی کردووەتەوە و گوتوویەتی :-

لاڵ بوویت بۆچ قسە ناکەیت ؟

ڕیشدارەکە چنگی شل کردووەتەوە . سەری نەسرین بە توندی کەوتووەتە سەر زەمین . ڕایوەشاندووە . سەری بە ئەملا و ئەولادا سووڕاندووەتەوە . لە ناکاوودا ڕاپەڕیوەو هەستاوەتە سەرپێ . ڕووی لە دوو ڕیشدارەکەی دیکە کردووەو بە سەرسامیەوە گوتوویەتی :-

مردووە ! ئەم ژنە مردووە !

یەکێك لە ڕیشدارەکان ڕووی لێکردووە و گوتوویەتی :-

مردووی چی ، درۆ دەکات ، ئەوە فێڵبازە ، لە خۆشیدا خۆی کڕ کردوەو بێدەنگ بووە . بەردەوام بە کارەکەت تەواوکە . تۆ شارەزای مەکری ژنانی .

سێهەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

تۆ چ دەڵێیت ، فیڵی چی و پێیخۆشەی چی . سوێند بە خودا مردنێکی وا مردووە کە ماوەیەکی دوورو درێژە روحە پیسەکەی لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێت . خەریکی خۆ پێچانەوەو خۆ لە بەرکردن بووە .

دوو ڕیشدارەکەی دیکە نزیک بوونەتەوە . یەکەم ڕیشدار بە پشتی پێی نەسرینی وەرگێڕاوەتەوە .

دووهەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

ڕاست دەکات مردووە .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

چاووی دەریت ، با بڕۆین .

دەست نیشانی ڕۆیشتنی داوە .کەوتوونەتە ڕێ . پاش چەند هەنگاوێك دووەم ڕیشدار ، ڕاوێستاوەو گوتوویەتی :-

وا چاکە بیپێچینەوە یا دایپۆشین . تا پاش ڕۆیشتنمان بەم شێوەیە نەبیندرێت .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

نا . واچاکە لاشەی هەردووکیان ڕابکێشین و بیانبەین بۆ مەیدانی دادگا ، تا بڕیاری شەرعی کوشتنیان بدرێت .

دووهەم ڕیشدار کتووپڕ تەرمەکەی نەسرینی گوللە باران کردووە و گوتوویەتی :-

ئـــەمیش بـــڕیاری شـــەرع . ئـــیتر چیتـــان دەویت ؟ .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :ـ

گەوجـــە وانـــابێت ، بردنیـــان و بـــە دادگـــا ڕاگەیانـدن کــە لـە کاتـی هێـرش هێنانیانـدا بـۆ سەرمان ، کوژراون ، نێویکە بۆ ئێمەو بەڵگەیەکە بۆ دادگـا ، بۆ گوللە باران کـردنی چەند کوردیکـی زۆرتـر . بـەم شـێوەیە کـە مـن دەیڵـێم ، بـە بـەردێك چەنـــد چۆلەکـــە کوشـــتنە ، وانیـــە ؟ ( ڕووی لـــە ڕیشدارەکان کـردووە ) .

سێهەم ڕیشدار بە نادڵیەوە گوتوویەتی :ـ

بـەڵێ وایـە ، ئـەی چـۆن وانیـە ، هـەم چەنـد چۆلەکـەتان کوشت ، هـەم ڕابواردنـی خۆتـان کـرد . بەلا م من چی ؟ .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :ـ

بـۆ تـۆش خـودا گەورەیـــە . دەســـتکەوتی داهـاتوو ، لـە ئێسـتاوە بـە بـێ شـێرو خـەت تـۆ یەکـــەمی . وەرە بـــا لاشـــەکانیان ڕاکێشـــین . ( بـــە پـــێکەنینەوە ) تـــۆ بـــڕۆ لاشـــەی ژنەکـــەی خـــۆت ڕاکێشە . ئێمەش مێردەکەی پێشینی .

هەرسێکیان داویانە لە قاقای پێکەنین .

یەکـــەم ڕیشـــدارو دووهـــەم ڕیشـــدار ، هـــەر یەکـــەیان لاقێکـــی فـــەرهادیان بەرزکـــردووەتـــەوەو

کەوتوونەتە ڕاکێشانی . سێهەم ڕیشدار جارێکی دیکە تەرمەکەی نەسرینی وەرگێراوەتەوەو دەم و چاووی خستووەتە سەر زەمین و هەردوو ڕیشدارەکە تەماشایان کردوە .

یەکەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

بۆچی وەرید ەگێڕیتەوە ، بە تەمای چیت ؟ .

دووهەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

دەیەوێت کارەکەی تەواو بکات .

سێهەم ڕیشدار گوتوویەتی :-

نە خێر وانیە . دەمەوێت کردەوەکانی ئێوە بشارمەوە ، تاوەکو کەس نەبینێت چیتان بەسەر نێو لنگ و جل و بەرگەکەی هێناوە .

سێیەم ڕیشدار پشتی لە تەرمەکەی نەسرین کردووە ، نوشتاوەتەوەو دوو مەچکی دەستی گرتووەو بەرزی کردووەتەوەو بە شوێن خۆیدا کەوتووەتە راکێشانی . ئەوانی دیکەش تەرمەکەی فەرهاد . بەرەو جێگای دادگا کەوتوونەتە ڕێ . لە ڕێگادا لە نێوان ماڵەکەی فەرهادو نەسرینەوە تا شوێن خەرمانەکە ،کڵۆ ،کڵۆ ، خوێن لە تەرمەکەی نەسرین بەربووەتەوە ، گەورەترین کڵۆش ، پەیکەری شێوە وەرگرتووی کۆرپەکەی سکی بووە .

سەرۆك دادگا بەردەوام بووە لە دادگایی کردندا ، یەك لە دوای یەك پیرو لاو لە پشتەوە دەستیان بەستراوەتەوەو گوللە باران کراون . ڕیشدارەکان گەیشتوون بە شوێن خەرمانەکە . یەکەم ڕیشدار بەرەو جێگای سەرۆك دادگا ڕۆیشتووە . دەمی ناوە بە گوێیەوە . سەرۆك دادگاە سەری لەقاندووە . چەند ووشەیەکی لە سەر کاغەزەکەی بەردەستیدا نووسیوەو هەستاوەتە سەر پێ و لە پشت مێزەکەی دەرچووەو نەرم نەرم لە گەڵ گوێ ڕاگرتن لە ڕیشدارەکە ، بەرەوە تەرمەکان چووەو یەك دوو جارێك بە دەوریاندا سوڕاوتەوە . ڕووی لە ئامادە بووان کردووە و گوتوویەتی :_

وا دییارە ئەم گوندە پڕە لەو تاوانبارانەی کە خوداوەند بە سزای خۆیانی گەیاندووە بەر لەوەی دەستی ئێمە بکەون و بە سزای تاوانەکانیان بگەیندرێن . تەماشاکەن ، باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی ئیتر بەوە تاوانبار نەکرێین کە ئێمە مرۆڤی بێتاوان دەکوژین ، ئەم دوو تاوانبارە خودا نەناسانەیە کە ئێستا ئەم سێ برا پاڵەوانە هێنایانیان ( بە پێنووسەکەی دەستنیشانی تەرمەکەی نەسرین و مێردەکەی کردووە ) ، تەماشایان بکەن ، دوو کەسی ئێجگار تاوانبارو

گوناهکارو بکوژ ، ئەمرۆ لە کاتێکدا دەستگیر
کراون کە خەریکی ئەنجامدانی گەورەترین گوناە
بوون کە ( زنا ) یە ، بێگومان بۆ یەکەمین جاریشیان
نەبووە ، چونکە ئەو ئافرەتە زناکارو بێئابڕووە بەر
لە گەیشتن بە سزای تاوانەکانی خۆی دانی بەوەدا
ناوە کە مێردی نیەو چەند مانگێکیشە سکی
پڕە ، بەڵام لە کێ ؟ . مەگەر تەنها خودای گەورە بە
خۆی پێی بزانێت . پیاوە تاوانبارەکەش نە تەنیا
ئەم جارە پاش دەستگیرکردنی لە کاتی زنادا
ویستوویەتی هێرش بباتە سەر برا
پاڵەوانەکانمان ، بەڵکو ڕابوردوویەکی زۆر پڕ لە
تاوانی گەورەترو ترسناکتری هەیە . ئەگەر لە
نزیکەوە تەماشای لاشە بۆگەنەکەی بکەن ،
دەبینن هەردوو دەستی لە گەڵ بازووەکانیدا لە
شانەوە بڕاونەتەوە ، بێگومان بە دەستی مرۆڤ
نەبڕاونەتەوە ، بەڵکو بە دەست و هێزی
پەروەردگاری پشت و پەنای ئێمەو شۆڕشە ڕاست
و پاکەکەی ئێمە ، ئەویش لە کاتێکدا کە خەریك
بووە ( بۆمبا ) لە بەر ڕێی پێشکەوتنی لەشکرە
ڕاستیخوازەکەی ئێمەدا بنێژێت ، بۆ کوشتن و
شەهید کردنی برا سەربازەکانمان ، بەڵام خودای
ئێمە ، بە فڕوفێڵی ئەم تاوانبارەی زانیوەو
پیلانەکەی لە سەرەتادا پووچەڵ کردووەو

کاریکی وایکردووە کە بۆمباکە لە نێوان دەستە خویناویەکانی خۆیدا بتەقێتەوەو دەست و بازوویشی لە بندا ببڕدرێتەوە . ئایا ئەمە بۆ خۆی ( معجزە ) یەك لەوانەی خودا نیە ؟ ، ئایا ئەمە سزای ( دنیوی ) تاوانەکانی نیە ؟ بەڵام خوداوەند بەو سزایەش وازی لێنەهێناوەو وەك دەبینن ئابڕووشی بردوو کردی بە ( عبرت ) ی دوو جیهان و کاریکی وای کرد کە ئالودەی پیسترین گوناە ببێت کە ئەویش زنایە .

سەرۆك تفێکی لە تەرمەکان کردووە . بەرەوە جێگاکەی گەڕاوەتەوە ، لە پشت مێزەکەی ڕاویستاوە ، ڕوو لە ئامادە بووان گوتوویەتی :_

ئەمەیە ئاکام و پاشە ڕۆژی ڕەشی هەرکەسێك کە دژ بە ئێمەو ڕژێم و شۆڕشە پیرۆزەکەمان ڕادەوێستێت . تێگەیشتن ؟

پرسیارەکەی ئاڕاستەی خەڵکانی بە زۆر ئامادە کراو کردووە .

ئەوانیش پێکرا گوتوویانە :_

بەڵێ .

لەوکاتەدا لە نێوان خەڵکەکەوە پیاوێك هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوەو دەستی بەرز کردووەتەوەو روو لە سەرۆك دادگا گوتوویەتی :_

ئەگەر بەڕێزتان ماوەم بدەنی دەمەوێ چەند ووشەیەك لەبارەی ئەو دوو مرۆڤەوە قسە بکەم کە ئێستا چەکدارەکانتان بەرەو ئێرەیان ڕاکێشان و بەڕیزتان قسەتان لە سەریان فەرموو .

لەو چرکەیەدا دەنگێ لە نێوان خەڵکەکەوە بەرز بووەتەوەو بەو مرۆڤەیان گوتووە کە بێدەنگ بێت و خۆی بە کوشت نەدات ، بەڵام ئەو گوێی بە کەس نەداوەو هەنگاوی بەرەو مێزەکەی سەرۆك ناوەو بەردەوام بووە لە قسە کردنداو گوتوویەتی :-

من گومانم نییە کە تاکە تاکی ئەمانەی کە لێرەدان دەزانن کە ئەو زانیارییانەی لەسەر ئەو دوو مرۆڤە بە بەڕێزتان دراوە ، هەڵەیەو ئەگەر لە سەر گۆی زەمیندا دوو بێتاوان هەبن ، ئەوا ئەو دوو کەسەن .

من بۆ ماوەی سی ساڵ مامۆستا بووم لە قوتابخانەی گوندەکەداو زۆر چاك لە نزیکەوە هەردووکیان دەناسم و هەموو خەڵکی ئەم گوندەش دەزانن کە ئامۆزای یەکترن و دەزانن کە چۆن لە منداڵییەوە هاوڕێی یەکتر بوون و چۆن پێکەوە گەورە بوون و ژیان و بوون بە هاوسەری یەکتر بە گوێرەی یاسای خوداوەندی و شەریعەتی ئیسلامی موحەمەدی و هەموو

مرۆڤـێکی ئـەم گونـد ەش د ەزانێـت کـە پـیا وەکە ناتەواو بوو و بە بێ د ەست و باڵیش لە دایك ببوو و ئـەوەی کـە بـەرێزت لـە بارەیانـەوە فـەرمووت بـە تـەواوی ناڕاسـت و نـاڕەوا بـوو ، چونکـە ئێمـەی دانیشـتووانی ئـەم گونـد ە نیومـان لـێ نـابوون دوو پەپوولەکە ، چونکـە وەکـو پەپوولە پـاك و ناسك و بێ ئازار بوون .

ســـەرۆك دادگـــا ە قســـەکانی بـــڕیوەو پرسیویەتی :_

بێد ەنگ بە ، بێد ەنگ بە و بەر لە هەموو شتێك بڵێ تۆ کێیت و کێ تۆی هەڵبژاردووە کە ببێت بە پارێزەری ئەو دوو تاوانبارەو بەرگرییان لێبکەیت و بکەویتـە زمـان درێـژی لـە بەرامبـەر مـن و هاوکارانمـداو مـاف د ەد ەیـت بـە خـۆت کـە دژ بـە ئێمە قسە بکەیت و بە درۆزن لەقەڵەممان بد ەیت و بڕیارەکانیشمان بە ناڕەوا .

لەو چرکەیەدا مامۆستاکە ویستوویەتی قسە بکـات ، سەرۆك دادگا ە ماوەی پێنەداوەو سەری بە لای راست و چەپدا سوڕاندووەو پاش چەنـد گـــوت و بێژێکـــی کـــورت رووی لـــە تیمـــی گوللەبارانکارکردووەو زۆر بە ئارامی گوتوویەتی :_

ئیعدام .

لەبەر ئەوەی لەو رۆژەدا ئامرازی هەڵواسینیان لە گەڵدا نەبووە ، لە ترسی سەرۆك کتووپڕ کەوتوونەتە گوللەباران کردنی مامۆستاکەی نەسرین وفەرهاد هەر لەو شوێنەدا کە لێیراوێستاوە و ئیتر چ بە ئەنقەست و چ بە هۆی بە پەلە بوون و پەشۆکاوییەوە ، چەند گوللەی یەکێك لە ئەندامانی تیپی گوللەبارانکار ، بەر خەڵکانی لەوێدا ئامادەکراو کەوتووەو چەند کەسێك بریندار بوونە و گەورە کارەساتیش کە هەرگیز لە یادی خەڵکی گوندەکە پاك نابێتەوە ئەوە بووە کە گوللەیەك بەر سەری منداڵێکی کوڕی پێنج ساڵە کەوتووە کتووپڕ کوشتوویەتی . کە دایکی کردوویەتی بە شیوەن و گریان و قژ ڕنینەوە و قسە گوتن بە بکوژانی کۆرپەکەی ، سەرۆك دادگا لە شوێنەکەی خۆیەوە هاواری کردووە بە سەریداو گوتوویەتی :-

بێدەنگ بە ، بێ ئابڕوو ئەگینا بڕیار دەدەم لە سەر ئەو قسانەت تۆش گوللەباران بکەن .

ژنەکە بەگریان و ناڵەوە لەبەر خۆیەوە پەیتا پەیتا گوتوویەتی :-

بیدە ، بیدە ، من ژیانی پاش کوڕە نازدارەکەم بۆ چییە ؟

بەڵام سەرۆك گوێی پێنەداوە و بەردەوام بووە لە قسەکردندا و گوتوویەتی :-

چی بوو کوژرا کە کوژرا ، خۆ ئاسمان نەرووخا ، بە هەڵە گوللەی بەرکەوت و کوژرا ، بەڵام ، لەبەر کەم بوونی تەمەنەکەی من بڕیار دەدەم نێونازی شەهیدی بدەنێ ، باشە ؟

دایکی کۆرپەکە هاواری کردووە :-

نەخێر ، نەخێر باش نییە ، من ئەو نێوەم ناوێت بۆ کۆرپەکەم ، کوژرا ، کوشتتان ، گیانی لە دەست دا لە پێناوی ئارمانی نەتەوەکەیدا ، لە پێناوی کوردستاندا ، کوشتتان ، کوشتتان ، ئەی خودا نەناسان .

سەرۆك دادگاە گوێی بە گوتەکانی نەداوەو رووی لە بکوژی منداڵەکە کردووەو گوتوویەتی :-

دڵتەنگ مەبە براکەم ، دڵتەنگ مەبە ، ئەویش چەند ساڵێکی دیکە کە گەورەتر دەبوو ، دەبوو بە تاوانبارێك وەکو ئەوانەی دیکە .

ئەوجا سەرۆك دادگا ، بەلای ڕاستدا ئاوەڕی داوەتەوەو لێو بە زەردەخەنەوە لە ڕیشدارەکانی تەنیشتی کە بکوژەکانی نەسرین وفەرهاد بوون ، پرسیویەتی :-

باشم گوت ؟ .

ڕیشدارەکە گوتوویەتی :-

دەمت خۆش و سەد ئافەرین لەوە باشتر هەرگیز ڕوونادات و خوداوەند پاداشێکی گەورە بە بەرێزتان پێشکەش بکات انشاءالله .

سەرۆك دادگاه بەلای چەپدا ئاوەڕی داوەتەوەو لە ڕێکخەروو بەڕێوەبەری دادگای پرسیوە :-

کەسی دیکە ماوە کە دادگایی نەکرابێت ؟

ئەندامەکە گوتوویەتی :-

بەڵێ گەورەم ئەو دوو برایە .

سەرۆك دادگا پرسیویەتی :-

تاوانیان چی بێت ؟

ئەندامەکە گوتوویەتی :-

وەکو ئەوانی دیکە گەورەم .

سەرۆك دادگا لە ناکاودا پڕ بە دەنگی خۆی قیژاندوویەتی :-

ئەی چاوەڕوانی چین ؟ بۆچی نایان کوژن ؟

ئەندامەکە ڕاچەڵەکاوە ، ڕوو لە دەستەی گوللە بارانکار هاواری کردووە :-

مەگەر کەڕن گوێتان لە بڕیاری سەرۆك نەبوو ، بۆچی ڕاوێستاوون ؟ گوللە بارانیان کەن .

دەستەی بکوژ ، لەگەڵ بیستنی ووشەکاندا بە بێ ئەوەی چاوو دەستیان ببەستن پێکرا بە نێوی خوداوە کەوتوونەتە گوللە باران کردنیان .

سەرۆك دادگا ڕووی لە ڕێکخەرەکە کردووەو بە پێکەنینەوە گوتوویەتی :-

چاکتم ترساند ، نەمدەزانی ئەوەندە ترسونۆکی و بە قیژەیەك ڕادەچەڵکێیت . خۆت تەڕ نەکرد ؟ کەسی دیکە نەما ؟

ڕێکخەرەکە گوتوویەتی :-

نەخێر گەورەم .

سەرۆك دادگا پرسیویەتی :-

نەخێر بۆ کام پرسیار ، خۆ تەڕکردن یا کەس نەمان ؟

ڕێکخەرەکە گوتوویەتی :-

بۆ هەردووکیان گەورەم .

سەرۆك پرسیویەتی :-

دەستکەوتی ئەمجارەمان چۆنە ؟

ڕێکخەرەکە گوتوویەتی :-

لە هەموو جارەکانی پێشوو زۆرتر ، گەورەم .

سەرۆك دادگا گوتوویەتی :-

زۆر باشە خۆشحاڵم . ئەگەر وایە تا تاریکی دانەهاتووە با بیپێچینەوە ، لە برساندا سکم قووڕە قووڕیەتی .

سەرۆك ڕووی لە یەکێك لە چەکدارەکانی پشتی سەری کردووە و پرسیویەتی :-
شتێك دەست دەکەویت بۆ خواردن ، بەر لەوەی بگەین بە بارەگا ؟ .
چەکدارەکە گوتوویەتی :-
بەڵی گەورەم لە ئۆتۆمۆبیلەکەتدایە ، بیری هەموو شتێکمان کردووەتەوە .
سەرۆك دادگا تەماشایەکی لای ڕاست و چەپی خۆی کردووە . یەکێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری دادگا ، هاواری کردووە :-
کۆتایی دادگا .
سەرۆك دادگا هەستاوەتە سەرپێ . هەموو ئامادە بووانیش هەر بەو شێوەیە .
یەکێکی دیکە لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر بە چەند گوتەیەکی ئایینی و پیرۆزبایی لە سەرۆك دادگا و ستایش کردنی بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ڕەفتارو کرداری لە گەڵ تاوانبارراندا کردووە ،کۆتایی بە دادگای ئەو ڕۆژە هێناوە .
ئۆتۆمۆبیلێکی مارسدیسی گوللەنەبڕ ، گەیشتووەتە پێش مێزەکەی سەرۆك . سەرۆك مێزەکەی بە جێهێشتووەو بەرەو سواربوونی ئۆتۆمۆبیلەکە ڕۆیشتووە . شۆفێرەکە دەرگاکەی

بـۆی کـردووەتـەوە . منـداڵێکی تەمـەن هەشـت نـۆ ساڵە لـە پشتەوە بـووە . سـەر لـە خـوار ڕووگـرژ و تووڕە و خـەریکی یاری کـردن لە گـەڵ پـەنجەکانی دەستی خۆیـدا بـووە . سـەرۆك کـە چـاووی پـێی کـــەوتووە ، باوەشــــی بـــۆی کـردووەتـــەوە و گوتوویەتی :_

ئـــەی ، ئـــەوە کوڕەکـــەی بابـــی لـــە ئۆتۆمۆبیلەکەدایـە ؟ دەرنـەچوویت یـاری بکـەیت ؟ وەرە باوەشی بابە ، وەرە ، زۆر بیرت دەکەم .

منداڵەکـە نـە ، جولا وەتـەوەو نـە ، ئـاوەڕی داوەتەوە لە سەرۆك .

سەرۆك دادگا پرسیویەتی :_

شتێك ڕوویداوە کۆرپە شیرنەکەی بابە ؟ یا برسیت بووە ؟

منداڵەکە بێدەنگ بووەو وڵامی نەداوەتەوە . شـۆفێرەکە ڕووی لـە سـەرۆك دادگـا کـردووەو گوتوویەتی :_

تووڕەیە گەورەم .

ســەرۆك دادگـــا ســـەری کـــردوە بـــە نێـــو ئۆتۆمۆبیلەکەدا . دەستی درێژ کـردووە بۆ منداڵەکە کـــە ڕایکێشـــێت و لـــە باوەشـــی بگـرێـــت و پرسیویەتی :_

تۆڕەی ؟ لە چی تورەیت کۆرپە نازدارەکەم ؟ قسە بکە .

منداڵەکە خۆی دوور خستووەتەوە . زیز بوو خۆی پیشانداوە .

سەرۆک دادگا بە نەرمی پرسیویەتی :-

وەرە کۆرپەم وەرە ، مەگەر نازانی بابە ماندووەو پێویستی بە تۆو ووشەکانی تۆ هەیە کە ماندوویەتی دەرچێت ، پێم ناڵێیت لەچی تووڕەیت ؟

منداڵەکە سەری دانواندوەو لە ژێرەوە گوتوویەتی :-

منیش دەمویست .

سەرۆک پرسیویەتی :-

چیت گوت تێنەگەیشتم ؟

شۆفێرەکە خۆی گەیاندوەتە دەرگای لای منداڵەکە و لە پەنجەرەکەوە سەری کردوە بە ژووردا و بەر لەوەی منداڵەکە وولامی دابێتەوە کتوپڕ گوتوویەتی :-

گەورەم ، دەڵێت منیش دەمویست .

سەرۆک سەری لە منداڵەکە نزیک کردوەتەوە و پرسیویەتی :-

چیت دەویست گیانی بابە ؟ هەرشتێکت دەوێت بە سەر چاوو بۆت ئامادە دەکەم و بۆت جێ بە جێ دەکەم . بڵێ بزانم ، چیت دەوێت ؟

منداڵەکە لە ژێرەوە بە نازێکی منداڵانەوە گوتوویەتی :_

گوتم ، بەڵام گوێت بە من نەدا .

سەرۆك ویستوویەتی قسە بکات ، شۆفێرەکە ڕێی نەداوەو بە پەلە گوتوویەتی :_

گەورەم ڕاست دەکات منیش گوێم لێی بوو کە هات و گوتی ، بابە منیش دەمەوێت .

سەرۆك بە تووڕەبوونەوە ، ڕووی لە شۆفێرەکە کردووەو گوتوویەتی :_

یەکەم : ( بە پەنجەی دەست پیشانی داوە ) چەند جارم پێت گوتووی کە لە خۆتەوە مل هەڵمەتووتێنەو قسەکانی من مەبڕەو لە بریتی من قسە مەکە ، دووهەم ، کە ئەو گوتی و من گوێم لێنەبوو ، تۆی گەردن شکاو بۆ بە منت نەگوت چی دەوێت ، سێهەم : . . .

شۆفێرەکە قسەکەی بریوەو بە پەلە گوتوویەتی :_

گەورەم منیش گوتم ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێزتان سەرگەرمی بڕیاردان بوون و تامت لە

بڕیارەکانت وەردەگرت ، لە خۆشیدا نە ئاگات لە من بوو کە قسەم دەکرد و نە لە کوڕەکەت . . .

سەرۆك قسەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :-

باشە ، باشە ، بیبڕەوە پێم نالێیت ئەو منداڵە بێتاوان و بەستە زمانە چی دەوێت و ڕزگارم بکەیت ؟

شۆفێرەکە گوتوویەتی :-

گەورەم ئەویش دەیویست بکوژێت ؟

سەرۆك دیسانەوە بە توڕەییەوە ، ڕوو لە شۆفێرەکە گوتوویەتی :-

گەوجی قسە نەزان ، بکوژێت چیە ؟ مەگەر ئێمە پیاوکوژین ؟ ئێمە فەرمانی خودا بە جێدەهێنین و تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەیەنین .

شۆفێرەکە گوتوویەتی :-

گەورەم گوناهی من چیە ئەو وای گوت .

سەرۆك ڕووی لە منداڵەکە کردوەو بە پێکەنینەوە پرسیویەتی :-

ئەرێ کوڕە نازدارەکەم ، وایە ئەوەی کە دەیڵێت ؟

منداڵەکە ڕوو لە باوکی ، بە پەلە ، بە نازکردنەوە گوتوویەتی :-

بەڵێ وایە ، من گوتم ، بەڵام تۆ داواکەمت جێ بە جێ نەکرد .

سەرۆك منداڵەکەی راکێشاوەو لە باوەشی گرتووە و گوتوویەتی :-

بە قوربانی ئەو زمانە شیرینەت بم ، دووبارە بڵێ بزانم ، چیت دەوێت کە بابە ، بە دڵ و گیان بۆت ئامادە بکات و . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-

بەڵام نەتکرد .

سەرۆك پرسیویەتی :-

چیم نەکرد ؟

کوڕەکە گوتوویەتی :-

نەتهێشت منیش بکوژم .

سەرۆك بە شادی و پێکەنینەوە کوڕەکەی گوشیوە بە خۆیەوە و ڕوو لە دەوروبەرانی گوتوویەتی :-

وەرن ، وەرن گوێ بگرن ماشاالله ، ماشاالله ، ئەمەیە باوەڕی خودا ناسین . ئەمەیە دڵسۆزی و ووەفا بە بیروباوەڕو ئایین .

سەرۆك ڕووی لە منداڵەکە کردووەو گوتویەتی :-

بەڵام کۆرپە شیرینەکەم هێشتا تۆ منداڵیت و تفەنگت پێهەڵناگیردرێت و ناتوانیت تەقە بکەیت . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-

نەخێر ، زۆر چاکیش دەتوانم تەقە بکەم بەو تفەنگە بچووکەی بەرباخەڵت . ( دەستی بۆ بەرباخەڵی سەرۆك درێژ کردووە ) .

سەرۆك گوتویەتی :-

ئەی بابە بە قوربانی ئەو زمانە شیرینەت بێت . وەك خۆت گوتت ئەمە بچوکەو ئەو زەلامە زل و زەبەلەحانە ناکوژێت . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە گوتوویەتی :-

نەخێر زۆر چاکیش دەکوژێت ، ئەی تۆ چۆن مەلا پیرەکەت پێی کوشت ؟

سەرۆك دیسان باوەشی پێدا کردووەو بە شادی و پێکەنینەوە گوتوویەتی :-

ئافەرین لەم هۆش و زیرەکیەی کە خودا بە تۆی بەخشیوە ، ئافەرین ، سەد ئافەرین ، ئەگەر وایە . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-

شتێکی دیکەش ، خۆ من نەمدەویست زل و زەبەلەحەکان بکوژم ، من بچکۆڵەکانیانم دەکوشت .

سەرۆك پرسیوویەتی :-
بەڵام کۆرپە خنجیلانەکەم ، ئەوانە چکۆڵەیان تێدا نەبوو .
منداڵەکە کتوپڕ گوتوویەتی :-
نەخێر هەبوو ، ئەی ئەو دە دوازدە ساڵەکان چی بوون ؟ من لەوانەم دەویست .
سەرۆك گوتویەتی :-
ئاها ، ئەوانە دەڵێیت ؟ لەوانە تا بڵێیت زۆرن . . .
منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-
کوا ؟ هیچ نەما تۆ هەموویانت کوشت .
سەرۆك گوتویەتی :-
نەما ؟ ئای لەو قسەیە کە تۆ دەیکەیت ، لەوانە تا بڵێیت زۆرن و تەواو نابن . سبەینێ زوو ئەوەندەت بۆ پەیدا دەکەم تا دڵت بیەوێت . . .
منداڵەکە قسەکەی بڕیوەو بە نازەوە گوتوویەتی :-
سبەینی ، نا ، من ئێستا دەمەوێت ، لەوانەی کە لەوێدا راوێستاوون ( دەستی بۆ ئەو منداڵانە درێژکردووە کە بە زۆر لە گەڵ داك و باییاندا لەوێدا کۆکرابوونەتەوە ) .
سەرۆك گوتوویەتی :-

ئەوانە نابن ، منداڵن و هیچ گوناهێکیشیان نەکردووە . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :-

خۆ ، ئەوانی دیکەش هیچیان نەکردبوو کە کوشتییانت ، بە تایبەت کوڕە کوێرەکە .

سەرۆك گوتوویەتی :-

نا ،کوڕم وا نییە ، هەموویان تاوانبار بوون ، مەگەر کوردبوونیان خۆی گەورەترین تاوان نییە ؟

منداڵەکە کوتووپڕ گوتوویەتی :-

ئەوانەش کە راوێستاوون کوردن .

سەرۆك بە بێزارییەوە گوتوویەتی :-

کورپە نازدارەکەم ، ئێستا درەنگەو تاریکی خەریکە دادێت ،کە تاریکیش بوو کوردەکان دێن و دەمانکوژن ، وا چاکە بڕۆین و بەڵێنت پێدەدەم سبەینی هەرچەندت بوێت بۆت ئامادە بکەم . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-

بەڵین ؟

سەرۆك گوتوویەتی :-

بەڵێنی پیاوان .

منداڵەکە پرسیوویەتی :-

ئەگەر کوردان تەواو بوون چی ؟

سەرۆك گوتوویەتی :-

ئای لەوە ، دەڵێیت چی کۆرپە شیرنەکەم ، کوردان تەواو دەبن ؟ کورد وەکو میرووولە وان لەم لاوە گوندو شارەکانیان وێران بکەو خۆیان لە بن پێدا بهەنجێنە ، لەولا وە بە ملیۆن ملیۆن سەر دەردەهێنن و زیاد دەکەن . مەگەر وا بە ئاسانی دەتوانین تەواویان بکەین ؟ خۆزگای بمانتوانیبایە . . .

منداڵەکە قسەکەی بڕیوە و گوتویەتی :-

نەوتیان پێداکەو ئاگریان تێبەردە ، .پاپیرم وایدەکرد لە شارە میرووولەکان کاتێک نێو حەوشەکەیان کون دەکرد . ئەی تۆ بۆ وا لە کوردان ناکەیت ؟

سەرۆک سەری بۆی لەقاندووە ، چووەتە بیرەوە ، تەماشای خاڵێکی نەبینراوی کردووە و گوتویەتی :-

ئەویش دەکەین ، باوەڕم پێبکە ، ئەویش دەکەین . بەڵام هێشتا هەر تەواو نابن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆربووندان . . .

شۆفێرەکە قسەکەی بڕیوە و گوتوویەتی :-

قوربان خەریکە تاریک دادێت . براکان بۆ ڕۆیشتن ئامادەن . چاوەڕوانی بەڕێزتانن . دەرگاکە داخەم ؟

سەرۆک بە نەرمیەوە گوتویەتی :-

بەڵێ دایخە . دایخە با بڕۆین .
ئـــەوجا ڕووی لـــە کوڕەکـــەی کــــردووەو گوتوویەتی :۔
بـا بـڕۆین ، تـا نـان بخـۆین و بخـەوین ، تـا سـبەینێ زوو لـە گـەڵ بانگـی بەیانیـدا لـە خـەو ڕاپەڕین ، هەم داواکانی کۆرپەکەم ( بە دەستی دەم و چـــاووی گوشـــیوە ) جێبـــەجێ بکـــەم ، هـــەم ئامۆژگاریـــە بـــە نرخەکـــەی ، نـــەوتیان پـــێداکەو ئاگریان تێبەردە .
ئۆتۆمۆبیلەکەی کەوتووەتە ڕێ و سەرۆک لە بەر خۆیەوە پەیتا پەیتا ، دووا ڕستەی ، نەوتیان پێداکەو ئاگریان تێبەردەی دووپات کردووەتەوە .

=_=_=_=_=_=

# چاپکراوەکانم

2 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە** . بەشی یەکەم . 81 :2 .

3 . **چووارینەکانی یوسف سدیق زەنگەنە** . بەشی دووهەم . 84 :2 .

4 . **بازاری شۆریجە** . چیرۆك و ڕووداوو . 84 :2 .

5 . **دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە** . 84 :2 .

6 . **پەپوولەی باڵ شکاوو** . کۆتایی 86 :2 .

7 . **سکاڵای کوردیکی دڵسۆز** . 87 :2 .

8 . **کۆترەکەم و شۆرشی کوردستان** . 87 :2 .

9 . **وازم لێبێنن دڵداری ناکەم** . 87 :2 . چیرۆکێکی کۆمەڵا یەتییە .

: . **ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت** . چاپی یەکەم . 96 :2 .

21 .**هەمان کتێب** ، چاپی دووهەم ، 97 :2 .

22 .**ئیملا** . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 98 :2 .

23 .**سوتۆ و تەتۆ** . وەرگێڕاو . 99 :2 .

24 .**نەسرین** . 3111 .

25 .**بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی:** کە لە ساڵی 85 :2 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .

26 .**دەزگیرانەکەی باوکم:** چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .

لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێنرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی ، عارەبی ، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بڵاوکردووەتەوە ، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە .

جگە لەوانەی کە باسکران ، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجام داوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز .

# چاپنەکراوەکانم

2 . **نەسرین** . چاپی دووهەم ، بە دەستکارییەوە . لە ژێر چاپدایە .

3 . **بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد** : ( هەڵبەست ) لە ژێر چاپدایە .

4 . **تەنەکەی زبڵی خودا :** چیرۆك و بەسەرهات . لە ژێر چاپدایە .

5 . **هەزار کیلومەتر خوێن:** بەسەرهاتی کوردانی ئەنفال کراوە .

6 . **لە رووانگەی پێشمەرگەیەکی سەر شێتەوە .**

7 . **یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە 0444 ساڵ**: چۆن فرۆشرا .

8 . **مەکری پییاوانی کورد :** چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە .

9 . **مامۆستای گوندەکەمان:** چیرۆکیکی شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 2:82 لە چەند دانەیەکدا بڵاوکرایەوەو برێك لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاوونەترسی شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نوواندیان .

: . **زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئایینەکەی .**

21 . **زەردەشت تاوانباریکی بێتاوان:** ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەکەیانەوە چەسپاندووە .

22 . **بەڵێ زەردەشت کورد بوو .**

23 . **کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام:** هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن و برێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .

24 . **ئابووری سیاسی:** سەرەتایەك بۆ لاوان .

25 . **پیشەکییەك بۆ سیاسەت .**

26 . **مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی:** باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 72 :2ی باشووری کوردستان دەکات کە لەساڵی 84 :2 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆ ماڵی بارزانی پاش 4 ساڵ و ئەو گرفتانەی کاك مسعود بارزانی بۆی دروست کردم لەسەر ئەو کارەم . کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا باسکراوە و بەم زووانە بە شێوەی کتێب بڵاوی دەکەمەوە .

27 . **لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە:** باس لە ئەرێنی نێوان خانەوادە دەکات .

28 . **پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان:** چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

29 . **نامیلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .**

2: . **بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە:**

- **بۆنی شیرو سیاسەت:** ژیانم بەر لە ساڵی 79 :2 .
- **8524:** دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 75 :2 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێك و ئاکام . بۆ و چۆن مام جلال تالەبانی کە ئەو سەردەمە پێشمەرگەی عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری عیراق بوو ، بڕیاری کوشتنمی دەرهێنا و لە شەوی نەورۆزی ساڵی 79 :2 گوللەباران کرام و کۆششی جەلالییەکان بۆ دەرمانخوارد کردنم لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووك .
- **پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 8528 یا رووخێنەرەکەی ؟:** بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .

- **دوای کوشتنم:** ژیانم دوای 79 :2 و تا 86 :2 .
- **هەرەسەکەی 8531:** ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا .

من دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 21/22/3111 دا هەڵگیرساند .

- **شۆڕشێك کە ئاواتەکانی لە بار چوون:** باسی ئەو گرفتانەیە کە کاك مسعود بارزانی و (قیادە الموءقتە )کەی بۆیان دروست کردم و ئەو پیلانانەیە کە دژ بە من و بۆ لە نێوبردنم کێشرا ، هۆیەکانی و ئاکامەکانی .

31 . **هۆرەکانی شەکسپیر:** ئینگلیزی و کوردییە . ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن ؟

32 . **شارەکەم کەرکووك:** لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا . کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە .

33 . **لە پێناوی مێردەکەیدا:** بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا . بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم ، لە پێناوی کۆرپەکەیدا .

34 . **تهافت التهافتین:** امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی ، لەساڵی 216:ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران ، هاتە جیهانەوەو لە ساڵی2225 کۆچی کرد ولە نێوان ساڵانی 2 :21 تا 6 :21 کتابی **(تهافت الفلاسفە_ رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)** ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو ڕامالْکاند .

دوای تێپەڕبوونی78 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 2237 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی محمد ابن رشد القرتبی هاتە جیهانەوەو لە ساڵی 9 :22 دا لە مراکش کوچی کرد . ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت_ ڕۆخانی روخێنەرەکە) کە مەبەستی روخانی کتێبەکەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەکانی الغزالی بووچەل کرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەکانی تەواو کردنی کتێبێکدام کە 39 ساڵی رەبەقە کاری لەسەر دەکەم

بە نێوی **(تهافت التهافتین_ رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە )** و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە دەکوتم بە زەمینداو کراسێکی لە شاڵو بیری پاکی کوردی دروستکراو بۆ فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەکەم و جلە کۆنەکانیشی دەخەمە گۆڕیکی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت . چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەرکەوتنم بۆ بخوازن .

35 . **خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت:** بۆچوون و بیروڕاکانمە لە مەر فەلسەفەو گیروگرفتەکانی . ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 3 : 2: دا بڵاوببێتەوە ، بەڵام وەك لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاو کرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لەماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وڵاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە رۆژ بە کوون و قوژبنەکانی مێشکمدا دەگەڕیم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرز

دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاك و رەسەن بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم. چاوەڕوانی ئەمەشیان بن و بزانن بۆ: لە دایك بووین؟ مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە؟ ئایا پیغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەلاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن؟ تیژڕەوی مادە (السرعە)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە؟ ئەو کونە رەشانەی کە جارو بار بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان دەکەون چین؟

ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان
بۆی دەچن یا . . . ؟ !

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە
بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی
کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .

# من کێم

3122⁄1: ⁄22

_ لە ژیانمدا ، بە سەرهات ، ڕووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانامە ، گەلێك زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام ، شانازییەك کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە داییك بووی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .

خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە پێناوی بە دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا

کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕێگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

- وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن

پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بلّێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ،کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو

سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوە- یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەیم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە

نووساندم و لەوانە باوکی خۆم.□ لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 9ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك  بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جییاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی

---

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 2:8: کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 2:72یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پیاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەوکاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کـردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم ووردە ووردە بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو روژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 2:79 کە لە لایەن ئەو باڵەی شۆرشەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوە پێشمەرگە عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس ، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە برینداربیەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و

بەرزترین پاداش و پلەیەکە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم . کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کوژی و بردن و تاڵان ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گیيانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ، تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاویکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکو

هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ریڕەوی ئەو ڕێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفروشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵێ .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم ، بەڵام ، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە کورد فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن . بۆیا وەك دەبینری و ئاشکرایە رابەرانی

داگیرکەری ئەمڕۆی کوردستان ، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپاندا بمێننەوەو بێگومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە داهاتویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندی لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری و وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕێن کە خۆیان تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە ، رزگاریان ببێت ، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان ، ئەو هەولانەیان پووچەڵ دەکەن و رێگای هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای رەوای خۆیان .

# ریگای کوردایەتی

- ریگایەکە دریژ خایەن و پڕ لە مەترسی ، زیندان و شکەنجەو برین و برسییەتی و تینویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمە و تانەو تیشە و لێدان و هەڵواسین و گوللەباران ، ئاسانترین ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی ریڕەوانی دەبن ، بێگومان لە لایەن ریبڕانی نێو خۆ و دەرەوییەوە .

- تەنها ریگایەکە کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو رزگاری .

- ریگایەکی بەرفراوانتر لە ریگای تەنگی پارتایەتییە ، ریڕەوانی لە روانگەیەکی بەرفراوانترو دووربینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی نەتەوەکەمان ، هەموو کوردێك هاوڕی و هاوبیرو یەکسان لەقەڵەم دەدەن و بە یەك چاوو تەماشایان دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا خەبات دەکەن ، بە تەواوی بە پێچەوانەی پارتایەتییەوە کە هەر پارتێك تەنها تێدەکۆشێت لە پێناوی کەسانێکدا کە ئەندامی خودی پارتەکەن .

# بیروباوەڕی کوردایەتی

- تەنیا بیروباوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەك خێزان و یەك خانەوادە دەژمێرێت و بیری یەکتر خۆشویستن لە مێشکیاندا دەڕوێنێت .

- بیروباوەڕێکە کە لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەوێت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوەو بە نان و دۆ و چێشتی ساوەری کورد و خوێنی کورد ، پەروەردە دەبێت و بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە ، بە دەست دەهێنێت .

- ئەگەر تۆی کورد باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیە و لەو باوەڕەشدای کە داگیرکەرانی کوردستان ، رزگارکەری نین ، ئەوە جێگای ئومیدی و ئەگەر ، نا ، دەست لە خۆت بشۆرەوە .